ڕۆمان

# بۆرەی قەپلان

**عەزیزی مەلای ڕەش**

چاپی دووەم
2026

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی ڕۆشنبیری**
**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هونەر و ڕۆشنبیری**

**سەرپەرشتیاری گشتی:** سیروان عوسمان

**ناوی کتێب:** بۆرەی قەپلان
**بابەت:** ڕۆمان بۆ مێرمندالآن
**نووسەر:** عەزیزی مەلای ڕەش
**تایپ:** سالّح قادر
**هەڵەچن:** نووسەر
**دیزاینی بەرگ:**
**نۆرەی چاپ:** چاپی دووەم، چاپخانەی (              )
**تیراژ:** 500 دانە
**نرخ:** 3000 دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی 2026ی دراوەتێ.

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هونەر و ڕۆشنبیری

# بۆرەی قەپلان

ئازیـزەکان بـە بیـرم دێـت کـە منـداڵ بـووم، نەنکـم شـەوانی سـارد و درێـژی وەرزی پایـز و زسـتان، لـە گـوێ ئاگردانـدا هەقایەتـی بـە تـام و خـۆش خۆشـی بـۆ دەگێڕامـەوە، کاتێـک هـەراش بـووم گەیشـتمە تەمەنـی ئێـوەی هێـژا شـەوێک یەخـەم گـرت و پێمگـوت:

- داپیرە چاوەکەم هەقایەتێکم بۆ بگێڕەوە.

دەمێک بە ڕوومدا پێکەنی و جا گوتی:

- ڕۆڵـە لـە خـوا بـە زیـاد بێـت تـازە تـۆ گـەورە بوویـت و وا خەریکـە سـمێڵ بـۆر بکەیـت و گرێـی قرقرتۆکـت دەرکەوێـت، خـۆ وەک جـاران گچکـە نیـت تـا پێویسـتت بـە هەقایەتـی مـن بێـت.

زۆرم مـەراق هەقایەتەکانـی بـوو، بۆیـە بـەم قسـەیەی پەسـت و دڵگیـر بـووم بەخـۆم نەوەسـتام پـڕم دایـە دەسـتە لەرزۆکەکانـی و ماچـم کـردن و گوتـم:

- داپیرە چاوەکەم بەس ئەو جارە.

بەزەردەخەنـەوە ئەمـلا و ئـەولای مـاچ کـردم و دەسـتی بەسـەرمیدا هێنـا و گوتـی:

- مـادام ئەوەنـدەت حـەز لێیـە هەقایەتێکـی زۆر خـۆش و یەکجـار درێـژت بـە چەنـد شـەوان بـۆ دەگێڕمـەوە، کـە کـەس گوێـی لـێ نەبووبێـت.

بـاوەڕ بکـەن لـە خۆشـیدا چـاوم لـە مۆڵـەق وەسـتا و دەمـم بـەش بـووەوە، گوتـی:

- بەڵام بە مەرجێک.

ئەگەرچـی نەمدەزانـی مەرجەکـە چییـە، بـەڵام بـە شاگەشـکەییەوە دەسـتم نایـە سـەرچاوم و گوتـم:

- مەرجەکەت هەرچییەک بێت لەسەر ئەو چاوانەم.

بە قسەکەم زەردەخەنەی هاتێ و گوتی:

- بـە خـۆت دەزانـی بـێ شـنگ و بـێ هێـز بوومـە، وەکـو جـاران ناتوانـم تـا بەترێکـی شـەوێ دانیشـم و بـۆت بگێڕمـەوە. هـەر لـە هەنووکـەوە پێـت دەڵێـم: لـە کـوێ مانـدوو بـووم، بـۆ شـەوی پاشـتر جێـی دێڵـم. ئـەو کات نابـێ تـۆش وەکـو سـاڵانی پێشـوو جەنـە "گڕناگـە" بگریـت و هـاوار بکەیـت و بڵێیـت:

((داپیرە چاوەکەم دەی هێندێکی دی)).

لـە کەیفـان هـەر وەختـا بـوو هەسـتم دەسـت بـە هەڵـی کسـە بکـەم، بـە هەشـتاوییەوە دەسـتم لەسـەر دەمـم دانـا و گوتـم:

- شەرت بێت هەتا لێی دەبیتەوە لەو بارەیەوە قڕ و قەپ، ئم.

تەسبێحە نەرجیلە سوورە سەد و یەک قلەکەی لە دەست بوو وێردی پێ دەکرد، بە هێدییەوە لە ملی خۆی کرد و بە ئحم، ئحم قوڕگی خۆی بۆ قسەکردن خۆش کرد و هەڵی دایە و گوتی:

- هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەر خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە بەندە کەمتر نەبوو، کەس لە درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو. لەو ساتەدا کۆسە مرد کفنی نەبوو. دایان دەنا جێگا نەبوو. هەڵیان گرت ڕێگا نەبوو، لەو بەینە بایەک لە بزنێک بەربوو هەر یەکە بە لایەکدا گەنم گرد و جۆبڵاوەی لێکرد. دەگێڕنەوە و دەڵێن.

زۆر لە کۆنەوە هێشتا باب و باپیرانمان نیشتەجێی ئەو دەشتە پان و بەرین و ڕاستان و کاکی بە کاکییەی هەولێر نەبووبوون، « دوڕگۆکە » بەو شوێنە دەگوترا کە زێی (ڕووبار) ی گچکەی لێ بووەتە دووبڕ و زۆر نابات تێك دەکەنەوە و بووەتە ناوان «سنوور»ی نێوان دەشتی هەولێر و دۆڵی ساڵەیی و ئەمڕۆ پێیدەڵێن: پردێ.

ئەوکات یەکجار گەورە و دارستانێکی زۆر چڕی هەبوو. هەر دارێکی بە بەرت بوویستایە لێی هەبوو. ناوەڕاستی لێڕەوارەکە چڕگەڵانێکی بەرفراوان و ڕاستان بوو. بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندی سەیرانگای گیانلەبەرانی ناو دوڕگۆکە، کە نەورۆز دادەهات، تاوەکو مانگی جۆزەردان وەك مافوور «قالی» ناو کەسك «سەوز»ی کوردەواری بەم گوڵیکانە خۆی ئارایش دەدا و دەڕازاندەوە:

«حاجیلە، بەیبوون، گاکرۆ، میلاقە، نیسان، کاوسێنە، لاولاوە، پەلێزە، شمری شاق، خەزیمە، دانە قەتی،... »

دارستانەکەش بۆی ببووە چێورمە «شوورا».

چەنـد جـۆرە گیانـدار بـە خۆشـی و کامەرانـی و دوور لـە ترسـی دەعبـا و دڕنـدە لـەم دۆڕگۆکەیـە دەژیـان. هـەر چینێـك دەم ڕاسـت و میـری خـۆی هەبـوو.

میری سمۆرە ناوی زیقە بوو.

میری مامزان چرتەی ناو بوو.

میری کەروێشکان زیتەیان پێ دەگوت.

میری سیخوڕان حوتەی ناو بوو.

میری بزنان ناوی قیتە بوو.

میری مەڕان خرتەی ناو بوو.

«بـۆرەی قەپـلان» لـە پەنـای خـۆی گرتبـوون و هەرگیـز نەیدەهێشـت هیـچ دەعبـا و دڕندەیـەك تخوونـی دوڕگۆکـە بکەوێت. بـە هاریکاری دەمڕاسـتەکان کاروبـاری بەڕێوەدەبـردن. گیانـدارەکان گشـت خۆشـییان دەویسـت و ڕێزیـان دەگـرت و لـە گـوێ و حەمـدی دەرنەدەچـوون. شـەو و ڕۆژ متـووی بووبـوون و بـێ ئەویـان هەڵنەدەکـرد.

بـزن و مـەڕەکان هـەر کـە دەزان ڕۆژی هەتـا مـڕ دەبـوو شـیریان دەدایـێ. قاپووتێکیـان بـۆ دروسـت کردبـوو، شـەوان لەنـاوی دەنووسـت. بـە کـەڕك و ڕانـك و کڵاش و گـۆرەوی ڕازاندبوویانـەوە. گۆچـان و شمشـاڵێکیان پێشـکەش کردبـوو. بـۆرەی قەپـلان ئەوەنـدەی هەوەسـت بەکارەکـەی خـۆی دەهـات هـەر مەپرسـە. شـەو و ڕۆژ وەك شـوان بـە دیـار گیاندارەکانـەوە بـوو.

مەڕو بزنەکان لە خۆشەویستیان ناویان نابوو: شوانە حۆڵە.

## شەوی دووەم

خۆشەویستەکان زۆرم مەراق بوو بزانم بۆرەی قەپڵان چییە. بەڵام بە خۆشتان دەزانن شەوی پێشتر گفتم دابوو نەمتوانی چاک و خراپ قسە و پرسیاری لەو بارەیەوە لێ بکەم. پێش ئەوەی نەنکم نوێژی شێوان بکات و وەك دەستووری بوو، کە بێ دانیشێت من لبادەکەم بۆ ڕاخست و نیمدەرەیەکم بەرامبەری بۆ خۆم دانا و پڵیتی چرا قوتیلەکەم تۆزێك هەڵکێشا، تا لە کاتی قسەکردندا دەم و چاوی لێم دیار بێت، کە هات گوتی:

- با بە کوڕی خۆم بڵێم: بۆرەی قەپڵان چییە و گیاندارەکان بۆ وا خۆشیان دەویست و ڕێزی دەگرن.

کەند «شیو»ی قەپڵان لقێکە لە کەندی کەندێناوە و لە باکووری خۆرهەڵاتەوە تێیدەکاتەوە. سەروچاوەی ئاوڕێژی باشووری خۆرهەڵاتی «زورگەزراو» و چۆم و جۆگەی ئەملاو ئەولای پێدەشتەکەیە. ئەوکات شیوەکە ساڵ دوانزدە مانگ کوێراوی لێنەدەبڕا. لە دێرزەمانەوە هەشت نۆ ورچ لە ناو کفر و خەلتانە چڕو هەڵچووەکانی ئەوبەرو ئەمبەری دەژیان و بەخۆشی و شادی ڕایاندەبوارد.

ڕۆژێك ڕەوە شێرێك بەسەریاندا دەدەن و بە چاو قوچێنێك تیکە بە تیکەیان دەکەن. تەنیا چوار بێچوو نەبێت کە تەمەنیان لە دوو سێ مانگ ڕەتی نەدەکرد. لە ترسان خۆیان لە پەناو پەسارگان حەشاردابوو. شێرەکان نەیاندیتن. یەکیان ناوی «بۆرە» بوو. بە کەلەش گەورەتر و کاپێڵک ئەستوور و بە جەمتر بوو، هەر کە دیمەنی ئەو کارەساتەی

لـە پەنـاوە بـە چـاو دیـت، بـە تایبەتـی دایـك و باوكـی بـۆڕە بـۆڕ و هـاوار هاواریـان، لەژێـر چەپۆكـی چـوار شـێران دانـە ڕێیـەك دەڕۆیشـت و زۆری نەبـرد پـەل پـەل كـران، لـە تـرس و شروان: «سـوان» دڵـی لەخۆچـوو. كـە بـە ئـاگا هاتـەوە شـێرەكان نەمابـوون. تـا دوو سـێ ڕۆژان تاسـای نەدەكـرد لـە شـوێنەكەی خـۆی بێتـە دەرەوە، كـە برسـێتی هێرشـی بـۆ دەهێنـا فتراقـی خـۆی بـە گیـا و گـوڵ و گـەڵا داری دەوروبـەری خـۆی دادەكەوانـد. كـە تینـووش دەبـوو شـەو و درەنگانـێ، كاتـی دنیا كـش و ماتـی، بـە ماتـە مـات لەسـەر پەنجـان دەچـوو ئـاوی لـە شـیوەكە دەخـواردەوە.

كەچـی هاوڕێكانـی ئەوەندەیـان لـە گوڕیـس نەنابـوو، عولعولـی بـوون: «بیـر تیـژ نەبـوون» زۆر گوێیـان لـێ نەبـوو، ڕۆژێ لـە شـوێنی خۆیـان دەهاتنـە دەرەوە و بـۆ ملومـۆ كـردن دەگـەڕان و یارییـان دەكـرد.

هـەر كـە ترسـی ورچـە گـەورەكان نەمـا دەعبـا و دڕنـدە لەمـلا و لـەولا بـە جێگاكەیـان فێـر بـوون.

سـێ بەچكـەكان بـێ بـاك دەهاتنـە دەرەوە و ڕایاندەبوارد. ڕۆژێـك كەمتیارێك زیـڕەی لـە یەكێكیـان هەسـتاند. ڕۆژێكـی دی گورگێـك دووەمـی خـوارد. دوو ڕێـوی سـێیەمیان لەبـەر دەمـی بـۆرە قێـڕە بـڕ كـرد و بەربوونـە گۆشـت خواردنـی.

بـۆرە لـە جـاران خراتـر شـپرزە و تـرس دەسـتی بەسـەر ئـازای لەشـیدا گـرت. بڕیاریـدا وەك ئـەوان نـەكات، هـەر دەم خـۆی بپارێزێـت. شـوێنەكەی قایـم و لاچـەپ بـوو. بـە ڕۆژ نەدەهاتـە دەرەوە و شـەوانیش بەپەنـا دزە و ماتەمـات دەچـوو ئـاوی دەخـواردەوە. بـە گیـا و شـینكە برسـێتی خـۆی دەشـكاند. زۆر جـار وادەبـوو بـۆق و قومقومـۆك و مارمێلـۆق و كولـلە و فەسـەگورگ و گووخلێتكـە و قـاڕی بـازاڕ و چۆلەكـەی بـاڵ نەهاتـوو دەچوونە

بەردەمی، ئەویش هەر کە ناولەپی دەخستە سەر جەستەیان بیانخوات لەبەر چاوی دەبوونە دایک و باوک و هاوڕێکانی. زیرە و هاواریان لێ هەڵدەستا، یەکسەر بە ڕاجفرین و شپرزەییەوە دەستی دەکێشاوە و لە حەژمەتان توند چاوی خۆی دەگرت و چی ئازای لەشی بوو دەهەژان و تا قالبی سەرتاپا لە ئارەقەدا هەڵنەگەڕابووایە بەری نەدەدا. جارێک، دووان سێیان تا وای لێهات خولقی لەسەر زیندەوەر خواردن نەما و لێی دەسەنگرایەوە. ماوەیەک بەم چەشنەی بەسەر برد.

بیست هەنگاو زیاتر لە جێگاکەی دوورنەدەکەوتەوە ئەویش زۆر بە وشتی و قۆڵاخی. تا تۆزێک فەراقە «هەڕاش» بوو. ڕۆژێک سێ بێچووە چۆلەکە، لە هێلانەیەکی نزیکییەوە تازە تروکاندبوویان، بۆرە کە گۆیی لە جریوە جریوەیان بوو چووە لایان و دەستی بۆ بردن بیانخوات ساقەتە سۆرە: «زەڕنە قووتە»کان لەپێش چاوی بوونە هاوڕێکانی و جریوە جریوەکەشیان لە گوێدا بووە زیرە زیر. زۆر پێ تێکچوو. دوای ڕەنگ پەڕین و ئارەقە دەردان پاشە و پاش کشاوە. جارێکی دی نەیتوانی سەر بە هێلانەکەدا بگرێتەوە. لەوساکەوە کە جریوەیانی دەبیست دەشڵەژا و دڵی دەلەرزی و ئارامی لێهەڵدەگیرا. هەر چەند سەری دەهێنا و دەبرد نەیدەزانی چی بکات بێچووەکانیش لە ساتێکدا چەند جار بۆ دان دەنگیان دەهات. تاوای لێهات جێگاکەی خۆی لێ بووە جەهەننەم و دڵی بەروەست نەدا کە چیدیکە کاتی لێ بەسەر بەرێت. لە ئەنجامدا بڕیاریدا تا ماوە گۆشت نەچێتە سەرزاری و سەری خۆشی بە لایەکدا هەڵگرێت، کە دڕندەی لێ نەبێت.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیارەکەی دا بۆ شەوێ خۆی پێنەگیرا و ناوی خوای لێهێناو بۆ یەکەم جار لە کەندی قەپلان جوودا بووەوە. بەرەو باکووری

خۆرهـەڵات ملـی لـە ئاقـار نـا و تـا هەڵەتەکانـی پەڕکانـە ـ لێـی نەگرتـەوە. ماوەیـەک لـەوێ گیرسـایەوە. تـا دەعبـا و دڕنـدەی لـێ بەرچـاو کەوتـن هەیپـەی لـێ کـرد و لـە کەڕخـی عەولافـات بەسـەر کلکـەی خۆرهەڵاتـی زورگـەزراو کـەوت دیتـی تـا چـاو هەتـەر «بـڕ» دەکات ڕووبـار و دارسـتانە. لـە دڵــی خۆیـدا گوتـی: «وا چاکـە تـا مـاوم ژیـان لـە نـاو ئـەو دارسـتانە چـڕەدا بەسـەر بـەرم».

چەنـد ڕۆژێکـی تێـدا بـە سـەر بـرد. بەهـۆی دەعبـا و دڕندانـەوە دڵـی لەوێـش ساردبوو. دەم ڕووبـار و دەم ڕووبـار سـەرەو هـەوراز هەڵگـەڕا. تـا گەیشـتە ناوەڕاسـتی دوڕگۆکـە. دیتـی لێرەوارێکـی یەکجـار چـڕی تێدایـە. بـۆ ئـەوەی لـە دڕنـدان دوور بێـت سـواری کۆڵکـە دارێـك بـوو پەڕییـەوە. هـەر کـە لەوێــش بینـی هـەر ئـەو تـاس و حەمامەیـە لـە دڵـەوە گوتـی: «وادیـارە هەمـوو شـوێنێك وەك کەنـدی قەپڵان بـێ دەعبا و دڕنـدە نییـە». بۆیـە بڕیاریـدا کـە هـەر لـە دوڕگۆکـەدا بمێنێتـەوە. ئەگـەر بۆشـی کـرا تۆڵـەی خـۆی لێیـان بکاتـەوە. تـا ئـەو ڕۆژە بـا خـۆش «تۆزێـك گـەورە » بـوو بـوو. بـە تەنـێ دەرەقەتـی کەمتیـار و گـورگ و ڕێـوی دەهـات. ئیـدی وەك جـاران بـە ڕۆژ خـۆی حەشــار دەدا و بـە شــەو دەهاتـە دەرەوە. تا تــەواو قایم بوو، بـووە ورچێکـی نەقـوڵا.

## شەوی سێیەم

بـۆرە چەنـد وەختێـك لـە دوڕگۆکـەی بەسـەربرد. ڕۆژێـك بـە ڕێکـەوت لـە نزیکییـەوە دیتـی ڕێوییـەك بەربینـگ «قـورگ»ی کەروێشـکێکی تونـد گرتـووە و لەبـەر دەسـتی زیـڕەی دەگاتـە کەشـکەڵانی ئاسـمان. بـەم کارە شـێت و هـار بـوو، ئیمانـی لـەلا نەمـا و چ کارەساتــی پێشـتر دیتبـووی لـەو

ساتەدا هاتنەوە بەر چاوی. دوای هێوربوونەوەی خۆی پێ نەگیرا و لە شوێنەکەی خۆی هاتە دەرەوە و بە پڕتاو خۆی گەیاندێ و خنخنۆك «قرقرتۆك»ی ڕێوییەکەی گرت و کەروێشکەکەی لە چنگ ڕاستاند و تا هێزی لە لەش دابوو کۆڵەمستێکی خێواندە تۆقە سەری و بە دەنگێکی بەرزیش ئەمەی لەگەڵ گوت: «زۆڵی لە زۆڵ بگرە زەبری بۆرەی قەپلان» مێشکی لە کونە لووتییەوە دەرهات.

کەروێشکەکە لە خۆ نەچوو بوو، بەڵام لە ترسی مردن توانای ڕۆینی نەما بوو. بۆرە بەهێواشی لە ئامێزی خۆی کرد و بردییە جێگاکەی خۆی. بە ئاوی کولیکە حاجیلە برینەکانی ملی برژاندەوە. ئیدی درێژی کرد تا تەواو هێز و شنگی هاتەوەبەر.

کەروێشکەکە واقی وڕما بوو، عاجباتی پێ هات کە ورچ لە دوژمنە هەرە سامناکەکانی چینی ئەوە، کەچی لە مردن ڕزگاری کرد و بەوپەڕی دڵسۆزییەوەش برینەکەی تیمار کرد. بۆیە ڕووی قسەی تێکرد و گوتی:

- تۆ چیت؟.

بۆرە زانی بۆ ئەم پرسیارەی لێکرد. بە زەردەخەنەوە گوتی:

- وا دەم بینیت ورچم.

کەروێشکەکە بە بزەیەکەوە گوتی:

- ورچ و ئەم حاڵەیان نەگوتووە! بەتایبەتی لەگەڵ چینی بێدەسەڵاتی وەك ئێمە.

بۆرە گوتی:

- ڕاست دەکەیت.

ئــەوکات هەناســەیەکی خەمــاوی هەڵکێشــا و واریقــات «ســەربردە»کەی خــۆی هــەر لەســەری هەتــا بنــی ورد و باریــك بــۆ گێــڕاوە.

کـە کەروێشـکەکە لێـی حاڵـی بـوو یەکسـەر دەسـتی لـە مـل وەرانـد و پـڕ بـە دڵ ئەمـلا و ئـەولای مـاچ کـرد و گوتـی:

- تا من لە ژیان دا بمێنێم بەندە و ملکەچی تۆم.

ئەوجا ناونیشانی خۆی بۆ هەڵدا و گوتی:

- من ناوم زیتەیە و میر و برا گەورەی کەروێشکی ئەم دوڕگۆکەیمە.

ئەمەی گوت و لێیدا ڕۆیشت.

زیتـە هـەر ئـەو ڕۆژە مەسـەلەکەی بەسـەروبەر بـە هاوڕێکانـی ڕاگەیانـد. بـۆ بەیانـی کەروێشـکەکان خڕیـان هاتـن و گەمـاڕۆیماڵـی بۆرەیـان دا. زۆربـەی هــەرە زۆریــان باوەڕیــان نەدەهــات. نــە خەســەلە کــە چاویــان پێکــەوت: ورچێکــی بــۆری تــووك درێــژ و کاپێڵــك ئەســتوور و کەلــەش گــەورە و زۆر بەســام. هــەر لــە دوورەوە زەندەقیــان لێچــوو. هــەر بابــا بــوو لــە ترســان پاشــەوپاش دەکشــاوە و تێکــڕا ڕوویــان لــە زیتــە کــرد و گوتیــان:

- ئەمە و دۆستاتییان گوتووە؟.

زیتە بە پێکەنینەوە وەڵامی دانەوە و گوتی:

- ئازیــزەکان بــڕوام پــێ بکــەن بچــم و دڵــی زۆر لــە یــەك دوورن. چەنــدی بڵێــی بــاش و دڵســاف و خــاوەن ویژدانــە. هــەر بۆیەشــە گۆشــتی لــە خــۆی قەدەغــە کــردووە.

کەروێشـکەکان بـەم سـەردولکەیە گریانیـان نەهـات و وای بـۆ چـوون کـە فێڵـە بۆیـە گوتیـان:

- بەڵگە چییە کە گۆشت ناخوات؟.

ئەمەیـان گـوت و ویسـتیان بـڕۆن زیتـە خێـرا چـوو کەلەشـی ڕێوییـە کوژراوەکـەی نیشـان دان و گوتـی:

- ئـا.. ئەمـە ئـەو ڕێوییەیـە کـە لەسـەر مـن بـە مستەکۆڵەیەك کوشـتی، جـا ئەگـەر گۆشـتخۆر بووایـە لـە دوێنێـوە لـەو گـۆڕە کەوتـووە و دەمـی بـۆ دەبـرد.

کەروێشـکەکان هـەر کـە ئەمەیـان دیـت ترسـیان لـێ نەمـا و لـە هەمـوو لاوە دەورەیـان دا. هێندێـك ماچیـان کـرد و هێندێـك دەسـتیان لـە مـل کـرد و هێندێکیـش وەك «کـەری سـۆری پشـت درێـژ» بـە پێکەنینـەوە خۆیـان هەڵدایـە سـەر پشـتی.

بـۆرە زۆری هەوەسـت پێهـات و هـەر کـە ئـەو کەروێشـکە خرپـن و قەڵـەو و گۆشـت ناسـك و تـەڕ و بڕانـەی دەدیـت جارێك، دووان، سـێیان بێ مسـۆدەی ترسـەوە لەبـەر دەمـی ئامەشـۆیانە و خـۆی تـێ هەڵدەسـوون و جارجـارەش خۆیـان دەخسـتە ئامێـزی، دەمـارە شـینکەی بـزوا و تامـی گۆشـتی کاتـی سـاوایی لـە زاردا هـەر مابـوو، تـەزووی شـادی لـە نـاو هەمـوو ئـازای لەشـیدا گـوژەری دەکـرد و لیکاو لـە دەمـی ڕێچکـەی بەسـت و لـە دڵـەوە مەنگاندی و گوتـی: «دەبـا ئـەم جـارە ورگـی خـۆم لـە گۆشـتی ئـەم کەروێشـکە خەپـە تۆلانـە چـاك تـەژی «پـڕ» بکـەم، خـۆ چ دنیـا خـراپ نابێـت» ئیـدی لـە توانایـدا نەمـا چیـدی ئـارام بگـرێ. هـەر دوو چەپۆکـی بڵندکـردن تـا ملـی دووان بگرێـت هێشـتا دەسـتەکانی هـەر لـە حـەوا مابـوون کەروێشـکەکانی

لـێ ببوونـە دیمەنـی کارەسـاتەکانی گۆریـن، شـڵەژا و هێـز لـە بەدەنیـدا نەمـا و دەسـتەکانی بـۆ چاوەکانـی گێڕانـەوە.

کەروێشـکەکان لـە دامـان و ئارەقـە دەردانیـدا زانیـان شـتێکی بەسـەرهات پـێ تێکچـوون و دڵگیربـوون و چیـن چیـن لێـی چوونـە پێـش و ماچیـان کـرد و پێیانگـوت:

- ئەوە چ خێرتە؟.

تا ئەو کاتە تۆزێك هاتبووە سەرەخۆ و پێیگوتن:

- خۆتـان تێـك مـەدەن چـی ئـەو تـۆ نییـە. لـە دڵـەوە مـا سـەرکۆنە «سەرزەنشـت»ی خـۆی بـکات: «دەك داوەشـێیت، دافەتێیـت، بـە تەمـای چیـت ماڵوێـران؟. لای خـۆت بڕیـارت دابـوو کـە چیـتر گۆشـت نەخۆیـت». بـە تەوسـەوە گوتـی: «بـەو حاڵـە دەتەوێـت تۆڵـەی دایـك و بـاوك و دۆسـت و برادەرانـت بکەیتـەوە». کـە تـەواو هۆشـی هاتـەوە بـەر دیسـان لـە دڵـەوە گوتـی: «ئاخـر ئـەو گیانـدارە بەسـتەزمان و هەژارانـە تاوانیـان چییـە؟ تـا بیانکەمـە خۆراکـی خـۆم».

لـە کانگـەی دڵییـەوە پەشـیمان بـووەوە: «هەر چابـوو چا تێـم نەپەڕاند و نەم گەیانـدە مریشکەڕەشـە. دەنـا جارێکـی دیکـە هەتـا هەتایـێ بـە تۆبەکەمیان بـاوەڕ نەدەکـرد». جـا بـە دەنگێکـی بـەرزەوە بـە کەروێشـکەکانی ڕاگەیانـد و گوتـی:

- خۆشەویسـتەکان مـن تـازە بڕیارمـداوە تـا لـە ژیانـدا بمینێـم گۆشـت نەچێتە سـەر زارم و بـڕاوە. کـە نیـازی گۆشـتخواردنم نەبێـت لەبـەر چـی ئێـوەی بـێ زیـان و بـێ دەسـەڵات کـەل و کولـۆم بکـەم؟ بـۆ ئـاوا لەلاتـان خۆشەویسـت نەبـم و بـە شـادی و کامەرانـی بـە یەکـەوە ڕانەبوێریـن؟. بۆچـی خـۆم لەبـەر

چاوتـان بکەمـە دڕندەیەکـی ڕەزاگرانـی بەسام؟ هـەر لـە دووری زەندەقتـان لێـم بپچێـت و لەبـەرم هەڵێـن. جـا تـکا دەکـەم بـە هەرچـی گیانـداری بـێ زیانـی نـاو ئـەو دوڕگۆکەیـە ڕابگەیەنـن کـە مـن هەرگیـز زیانیـان پـێ ناگەیێنـم. بـا بـە هیـچ جۆرێـک سڵم لـێ نەکەنـەوە. ڕەنگـە ئـەو کات بتوانـم تـا ڕادەیـەک لـە دڕندانتـان بپارێـزم.

بـۆڕە ئـەو هـات و هـاوارەی بـۆ ئـەوە بـوو کـە دۆسـت پەیـدا بـکات ئەوجـا قـۆڵ و باسـك هەڵماڵێـت و تۆڵـەی خـۆی لـە دڕنـدان بکاتـەوە.

## شەوی چوارەم

کەروێشـکەکان چـی دۆسـت و ناسـیاریان بـوون گشـتیان ئـاگادار کـردن. بـۆ ڕۆژی دوایـی دەوروپشـتی ماڵـی بـۆڕە لەبـەر کەروێشـك و مامـز و سـیخور و مـەڕ و بـزن و سـمۆرە مونجـەی دەهـات. دارت هەڵاویشـت بووایـە بـە عـەردی نەدەکـەوت. جگـە لـە کەروێشـکەکان، گیاندارەکانـی دی باوەڕیـان نەدەهـات و گوتیـان:

- هەرگیـز نەمانبیسـتووە دڕنـدە تۆبـە لـە گۆشـت خـواردن بـکات!. داخــوا بـەو سـەرە گـەورە و ڕەزا قورسـەی چ فێڵێکـی لـە ژێـر سـەر دایـە؟.

لـەم کاتـەدا گورگێـك خـۆی لـەم هـەزارە زیلـەدا نووسـاند بـوو. چاوەچـاوی هەلێـك بـوو لـە نکاوێـك قـاڕەی لـە بزنێکـەوە هێنـا.

بۆرە کـە دیتـی بەسـەرهاتەکانی پێشـووی هاتنـەوە یـاد، لـە تـاوان کەمێـك لـە جێگـەی خـۆی بەردئاسـا جوولـەی لێـوە نەهـات.

گیانـدارەکان کـە دیتیـان بـۆرە لـە شـوێنی خـۆی نەبـزوا بـە تەوەسـەوە

گوتیـان:

- تەڕ دەمان پارێزێت!.

لـەزگ «وەختـا» بـوو لێکـڕا بـۆ خـۆ قوتارکـردن لـە گورگەکـە تـێ بتەقێنـن، بـۆرە هاتـەوە سـەرخۆ و خێـرا دەسـتی دایـە ختورمەیـەك و لەگـەڵ پـێ بـە غـار وەنانـا تـا دەنگـی تێـدا بـوو بۆڕانـدی. چـی گیانـداری نـاو دوڕگۆکـە بـوو گۆییـان لـێ بـوو. نەیهێشـت لـە چـاوان ون بێـت، دووڕاو دووڕ بەرچیغەکـەی ڕاوەشـاندێ و لەپاشـەڵی دا و قاچێکـی ورد و هـەڕا کـرد.

گورگەکـە لـە تـاو ژانـی لاقـی بزنەکـەی بـەردا و ویسـتی ڕابـکات، بـەڵام بـۆرە بەلـەز «خێـرا» گەیشـتە سـەری و بـە پێلەقـە و مسـتان سـاوار کوتـی وەری گەڕایـێ کوێندەرێـت دێشـێت. تـا گورگەکـە شراڵ بـوو. جـا تـا خـوا هێـزی دابوویـێ پێلەقەیەکـی لـە تەپلـی سـەری دا و لەگەڵیـش گوتـی:

- تەوەش زەبری بۆرەی قەپڵانە.

گورگەکە جێی بووە ئەو جێ.

بزنەکـە تـا ئـەو کاتـە تاسـانی ترسـی مردنـی لـە دڵ نەپـەڕی بـوو. بـۆرە بـە هێواشـی لـە ئامێـزی خـۆی کـرد و هێنایـەوە.

گیانـدارەکان هـەر کـە ئەمەیـان بـە چـاوی خۆیـان دیـت هیـچ دوو دڵیـان لـە ڕاسـتگۆیی بـۆرە نەمـا و باوەڕیـان تـەواو پـێ هـات و بـە یـەک دەنـگ لەگـەڵ چەپڵەڕێـزان هاواریـان کـرد و گوتیـان:

- بژی بۆرەی قەپڵان، بژی بۆرەی قەپڵان.

بــۆرە کــە زانــی لێــی دڵنیـا بــوون زۆری کەیـف پێهـات. بـە پێکەنینـەوە

هـەردوو دەسـتی لەسـەر چـاوی خـۆی دانـا، جـارێ چـی نەکـرد. بزنەکـەی تیـمار کـرد و جـا ڕووی لـە گیانـدارەکان کـرد و گوتـی:

- ئازیـزەکان ئەوجـا خـۆ چـاک باوەڕتـان هـات کـە مـن زیـان بـە ئێـوە ناگەیێنـم.

هەموویان بە یەک دەنگ گوتیان:

- گوتنی ناوێت.

بۆرە گوتی:

- ئەوهـاش باوەڕتـان بێـت ئەگـەر ئێـوە لێکـڕا، بەبـێ دوو دڵـی و ئەمـلا و ئـەولا ببنـە پاڵپشـتم و بـە هیـچ جۆرێـک لـە قسـەم دەرنەچـن، خـوا یـار بێـت بـە هەمـوو لایەکمانـەوە ڕەنگـە بتوانیـن دۆڕگۆکـەی لـە دڕنـدان پـاک بکەینـەوە و ترسـی لـێ نەهێڵیـن و بیکەینـە بەهەشـتی ژیـان.

هەموویـان ئەگەرچـی لـە خۆشـیان واقیـان وڕمـا و تـا ماوەیـەک نقەیـان لێـوە نەهـات، بـەڵام بڕوایـان نەهـات، ناهەقیشـیان نەبـوو. کوشـتنی دڕنـدان بـە خەیاڵـی بـاب و باپیریشـیانەوە گـوزەری نەکـردووە. بۆیـە هەڵیـان دایـە و گوتیـان:

- تـۆ گوێـزان لـە بـاری خـۆت دەژمێریـت. بەروەسـتی هەمـوو جـۆرە دڕندەیـەک دێیـت، تەنیـا شـێر و پڵنـگ نەبێـت. لـە ئاسـت ئەمانـەش چنگـە پڕەیەکـت پـێ دەکرێـت، کەچـی ئێمـەی بـێ هێـز و بـێ دەسـەڵات چیـمان لـە توانـا دایـە، تـا بەرانبەریـان بووەسـتین؟

بۆرە بۆ ئەوەی دڵنیا و ڕشتیان بکات گوتی:

- نـا..، نـا... وا مەڵێـن. هێـز لـە یەکێتـی و هاریـکاری دایـە. هەرچەنـد بـێ هێـز و دەسـەڵات بیـن بـە یەکگرتنێکـی پتـەو دەتوانیـن بەرامبـەر بەهێزترین دڕنـدە کـە شـێر و پڵنگـە بووەسـتین و وجودیـان بـە هیـچ نەزانیـن. بـۆ گیانـدارەکان کـۆز و شـەش بـوو کـە دۆڕگۆکەیـان لـە دڕنـدان پـاک بکرێتـەوە، بـێ تـرس و دڵەمەلـەرزەوە ڕابوێـرن، بـەڵام دوودڵـی بەسـەریاندا زاڵ بـوو. بۆیـە گوتیـان:

- ئەوەی تۆ دەڵێیت زۆر زەحمەتە.

بۆرە بە هەشتاوی وەڵامی دانەوە و گوتی:

- هەروەکـو گوتـم: ئەگـەر ئێـوە بـێ چەنـد و چـۆن پشـتم بگـرن هیـچ زەحمـەت نییـە.

ئەمـەی گـوت و بـۆ دڵنیاییـان بنەدارێکـی لـە نزیـک بـوو، بـە هـەر دوو دەسـت، بـە هەمـوو هێزییـەوە پاڵـی پێوەنـا، دارەکـە نەلەرییـەوە، جـا ڕووی قسـەی تـێ کـردن:

- ئایا ئەم بنەدارە بە پاڵ پێوەنانی من هەڵدەتەکێت؟

گیاندارەکان بە دڵنیاییەوە گوتیان:

- نەخێر.

- جا داوای لە دووان کرد و گوتی:

- کاتێک من پاڵی پێوە دەنێم ئێوەش هەر دووکتان لقەکانیان ڕاکێشن.

دارەکـە کەمێـک جووڵایـەوە، داوای لـە دووانـی دیکـە کـرد.. دارەکـە نەختێـک لار بـووەوە. هـەر ئەوهـا دووان، دووان دەچـوون یارمەتییـان دەدا

تـا بەهـۆی زۆری توانیـان دارەکـە لـە ڕەگ و پیکـەوە هەڵتەکێنـن. جـا بـۆرە بـە شـادییەوە پێیگوتـن:

- خـۆ بـە چـاوی خۆتـان دیتتان دارەکـە بە بەهێزێکـی وەک مـن هەڵنەقەندرا تـا چەنـد بێهێزێکـی وەک ئێـوە هاریکاریتـان کـردم. جـا دڵنیابـن ئەگـەر ئـاوا بـە دڵسـۆزییەوە یارمەتـی مـن بـدەن و بـە هیـچ جۆرێـک پشـتم بەرنـەدەن دەتوانیـن بەسـەر هەرچـی دڕنـدەی ئـەو دوڕگۆکەیـەدا زاڵ بیـن، تـا ڕەنجیش نەکێشـین گەنج نانۆشـین.

گیانـدارەکان ئەگەرچـی هێشـتا دڵیـان تـەواو ئـاوی نەخـوارد بـووەوە، بـەڵام گوتیـان:

- ئێمـە شـەو و ڕۆژ کـە بیسـت و چـوار سـەعاتە لـە ترسـی دەعبـا و دڕنـدان دڵـمان لەسـەر دەسـتمانە. تـا ئەمـڕۆش کـە ماویـن بەهـۆی فـرت و فێـڵ و خـۆ حەشـاردانی پەنـاو پەسـارگانەوەیە. جەنابیشـت خـت و خـۆڕا دەتەوێـت چاکەمـان لەگەڵـدا بکەیـت و لـەو ژیانـە پـڕ مەترسـییەمان ڕزگار بکەیـت. بەڵێـن بێـت تـا دوا هەناسـەمان لـە پشـتت ڕادەوەسـتین. یـان ئەوەتـە سـەری هەمووـمان تێدەچێـت، یـان بـە جارێـک دەربـاز دەبیـن و دەگەینـە ژیانـی ئـازادی و سـەرفرازی و خۆشـی هەتـا هەتایـێ.

بۆرە کە ئەمەی بیست زۆر  زۆری هەوەست پێهات، بۆ دڵنیایی پێیگوتن:

- بەڵێن و گفتی ڕاستییە و هەرچی بڵێم لە قسەم دەرناچن.

بە یەک دەنگ گوتیان:

- بەڵێن و هەرێی ڕاستییە و سەرمان لە ژێر پێت دایە.

بـۆرە کـە تـەواو بـاوەڕی هـات و دڵـی داکـەوت و خۆشـییەکی ئەوتـۆ دایگرت

نەبێتـەوە. بـە بـاڕە بـاڕ پێـوەی دیـار بـوو. یەکـە یەکـەی مـاچ کردن.

## شەوی پێنجەم

بـۆرە ئـەو ڕۆژە لـە سـیخور و سـمۆرەکان بترازێـت هـەر یەکـە کۆتکێکـی دا دەسـتی و لـە ڕۆژهەڵاتـەوە تـا ڕۆژئـاوا وەکـو شـەڕە شـیر مەشـقی پـێ دەکـردن. تەنیـا بۆ پشـوودان و لەوەڕ و ئـاو خواردنەوە نەبێت، نەیدەهێشـت سـوکنات بـدەن. جـار جارەش خـۆی دەکـردە شـێر، پڵنـگ، یـان ورچ، گـورگ بەناویـان دەکـەوت. ئەوانیـش لێکـرا بـە دارەکـەی دەسـتیان بەرگرییـان لـە خۆیـان دەکـرد. دوو حەفتـە زیاتـر دەوامـی کـرد. بزنـە شـاخدارەکانی فێـر کـردن کاتـی تەنگانـە قۆچەکانیـان بەکاربهێنـن، سـیخوڕەکانیش بـە یەکـەوە ڕیـز ببەسـتن و پشتەوپشـت بـۆ دوژمـن بچـن و بـە پـەڕە تیژەکانیـان بەرگـری لـە خۆیـان بکـەن.

دوای مەشــقەکە، پێــش ئــەوەی لەگــەڵ دڕنــدان بچەنگێــن بــۆرە بیــری کـردەوە: نەبـادا ڕۆژێـک دابێـت دڕنـدەکان لێیان دەغـەز «ڕق» ڕاچـن و وەک شـێرەکان، بـە یەکـەوە هێرشـیان بـۆ بێنـن و لـە ناویـان بـەرن. وای بەباشـی زانـی دۆسـت و هاوڕێکانـی لـە باکووری خڕکردنـەوە و بەزووتریـن کات بـە دارتـەژە و دار دەسـت و شـووڕ پەرژینێکـی ئەسـتوور و بڵندیـان دروسـتکرد. ئـەم سـەر و ئـەو سـەری لەنـاو هـەردوو لقـی ڕووبارەکەیـان چەسـپ کـردن، لـە ناوەڕاسـتی دەرگەیەکیـان هێشـتەوە، بـەس یـەک دڕنـدەی پێـوە بچێـت. لـە ژوورەوە بـە چەپـەر «دەرگا» پێـوە دەدرا. ئیـدی گیانـدارەکان لایەکیـان بـووە پەرژینێکـی وا هیـچ دڕندەیـەک نەتوانیـت لـە لای دەرەوە سـەرکەوێت، لایەکیشـیان بـووە یـەکاو: «شـوێنی بـە یـەک گەیشـتنی ڕووبار»ەکـە. کـە ئەوەنـدە بەخـوڕ و تیژ بووهیـچ گیاندارێک نەیدەتوانی لەو کـەرخ بپەڕێتەوە.

هـەر کـە شـوێنی خۆیـان بـاش قایـم کـرد، بـۆرە چـووە سـەر جێگایەکـی بـەرز و پـڕ بـە دەنـگ گوتـی:

- ئازیـزەکان دەمەوێـت ئەوانـەی لـە توانایانـدا هەیـە و لـە خـۆڕا دەبینـن، بچـن دڕنـدان، یەکـە، یەکـە هەڵفریوێنـن و بـەم دەرگایەیـان بهێننـە ژوورەوە. ئێمـەش هەندێکـمان لـەم لا و لـەولای دەرگاکـە خۆمـان مـات دەکەیـن هـەر دڕندەیـەک هاتـە ژوورەوە تـا دەیتۆپێنیـن دەیدەینـە بـەر داران.

تەواو لە مەبەستەکەی حاڵی نەبوون بۆیە گوتیان:

- چۆن؟

بۆرە گوتی:

- تـا ئەمـڕۆ ئـەوان لەدوواتـان دەگـەڕان، ئێـوە خۆتـان دەشـاردەوە، لەمـەودوا ئێـوە بەدوایانـدا بگەڕێـن تـا دەیاندۆزنـەوە و دەکەونـە دوواتـان. ئـەو کات ئێـوە وەکـو جـاران خۆتـان لـە پەنـا و پەسـارگان حەشـار مـەدەن و لـە پێـش چاویـان بـە غـار ڕوو بکەنـە ئـەو دەرگایـە و ئەوانیـش پڕتـاو بەدوواتانـدا دێنـە ژوورەوە.

هەر کە گیاندارەکان زانیان ترسی تێدایە وەڵامیان نەداوە.

بۆرە گوتی:

- دەزانم: تاکولۆکتان نەبێت لە توانایدا نییە.

لێکڕا گوتیان:

- ئەو تاکولۆکانە کێن؟، فەرمانیان پێ بدە.

بۆرە گوتی:

- نا.، نا.. ئەم جۆرە کارە بە خوایشت: «ڕەزامەند» نەبێت سەر ناگرێت.

دوای بـۆرە چرتـە لەنـاو گیاندارەکانـدا ملـی خـۆی هەڵکێشـا و لـە بـۆرە چـوو پێـش و گوتـی:

- ئەم کارە بە من گەیشت.

گیانـدارەکان گشـتیان بـە چـاوی شـانازی و بەخیلـی پـێ بـردن سـەیریان کـرد.

بـۆرە پێـی خۆشـحاڵ بـوو. یەکسـەر لـە جێگاکـەی هاتـە خـوارەوە و بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە دوو سـێ جـار ئەمـلا و ئـەولای مـاچ کـرد و گوتـی:

- ئافەریـن بەخـوا منیـش هـەر لـە کەسـی وەک تـۆ ڕادەبینـم و لـە مێـژە چاوەڕوانــی ئــەم وتەیــەت بــووم.

دوای چرتە، زیتە و چەند مامز و کەروێشک دەستیان بڵند کرد و گوتیان:

- ئێمەش ئامادەین.

چرتە لێی وەردەگرتەوە و گوتی:

- نا.، نا.. من ڕازی نابم ئێوە بەشداری بکەن.

شـوانە حۆڵـە دەسـتبەجێ لەبـن زمانـی گەیشـت کـە هـەر ئەمەشـی نیـاز بـوو، بـەڵام بـە ئەنقەسـت خـۆی بـێ دەنـگ کـرد.

مامز و کەروێشکەکان گوتیان:

- بۆ... لەبەر چی؟.

چرتە گوتی:

- ئەگـەر هـەر یەکێـک لەڕاسـتە خـۆی بچێـت دڕندەیـەک هەڵخەڵەتێنێـت «هەڵفریوێنێـت» وا دەبێـت دوو، سـێ، چـوار بـە یەکـەوە بێنـە ژوورەوە ڕەنگـە ئـەو کات بەروەسـتیان نەیێیـن و زۆریشـمان لـێ کەلوکلـۆم بکـەن. بـەڵام ئەگـەر هـەر مـن بـە تەنیـا بـم یـەک دڕنـدە لەگـەڵ خـۆم دێنـم. چاکیـش دەزانـن کـە مـن لـە هەمووتـان بـە وەج و چاپـووک و خۆشبەزترم، ئەگـەر هـات و سـەر نەکەوتـم و تێچـووم ئـەوکات دەردەکەوێـت بـە ئێـوەش ناکرێـت. دەبـێ دوای مـن واز لـەو جـۆرە پیلانـە بێنن. خـۆ ئەگەر سـەرکەوتم و مانـدووش ببـم ئـەو کات ئێـوە دەتوانـن یەکێکتـان لـە جیاتـی مـن بچێـت.

بـۆرەی قەپـڵان دیسـان لـە خۆشـییان هـەر وەختـا بـوو هەلیکسـە دامەزرێنێـت. دووبـارە بەدەسـت لـە مـل کـردن ماچـی کـردەوە و گوتـی:

- چرتە ڕاست دەکات هەر جارێ دەبێ یەک دڕندە بێت.

ئەمەی گوت و لە گیاندارەکانی جودا کردەوە و پێی گوت:

- دەمەوێت چەند ئامۆژگارییەکت بکەم.

چرتە گوتی:

- فەرموو.

بۆرە گوتی:

- دەبـێ هەرگیـز کەمتەرخەمـی نەکەیـت و زۆر سرک و مقەیەتـی خـۆت بیـت، دوژمـن بەهەنـد هەڵگـرە و نەیەڵیـت زۆرت لـێ نزیـک ببنـەوە. بـە تایبەتـی شـێر و پڵنـگ.. ئەگـەر نـا هـەر کەڵبەیـان لێـت گیر ببێـت جێـت

دەکەنـە ئـەو جـێ.

چرتە گوتی:

- خەمت نەبێت بای هەندێ دنیام دیتووە.

بۆرە گوتی:

- ئەوەندەش لێت دوور نەبن نائومێد بن و بگەڕێنەوە.

چرتە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

بۆرە گوتی:

- نەبـادا هاوڕێکانـت بترسـێن و نەتـرە «ورە» بەربـدەن و دەسـتوەکەریان پـێ نەکرێـت لـە هەوەڵـەوە تـا سـێ چـوار جـار دڕنـدەی لـە گـورگ گەورەتـر مەهێنـە.

چرتە دیسان سەری ڕەزامەندی لەقاند و گوتی:

- باشە.

بۆرە بۆ جاری سێیەم ماچی کردەوە و بە دەست لە پشتدانیدا گوتی:

- دە بڕۆ خدری زیندە چەپاڵەت بدات.

چرتـە نێرییەکـی بـاڵا بـەرز و بـە شـاقەل و کاپێڵـک ئەسـتوور و قـۆچ گـەورە و تیـژ و ئەوەنـدە خۆشـبەز بـوو لـە توانـای هیـچ تاژییەکـی ڕەسـەن و مەعلانـدا نەبـوو، لـە نـاو کێڵگـەی نەرمـان و پـاش بارانـەش تـۆزی بشـکێنێت.

## شەوی شەشەم

هـەر ئـەو ڕۆژە چرتـە بـێ تـرس ماوەیـەک خـۆی بـزر کـرد، ئەوانیـش لێکـڕا چاوەڕوانیـان دەکـرد. کاتێـک دیتیـان وا پڕتـاو دێتـەوە و پیـرە گورگێکـی بـۆری سـەر زل و فەسـاڵ گرانـی لەدوایـە، بـەڵام لەبـەر پیـری توانـای ڕاوی نەمـا بـوو. چرتـە زانـی زۆری بەجێهێشـتووە، غـارە پڕتاوەکـەی کـردە گورگـە لۆقـە، گورگەکـەی لێنزیـک بـووەوە و لـە سـێ چـوار هەنـگاوی زیاتـر نەمـا بـوو بیگاتـی. مسـۆگەری کـرد بـوو کـە دەیگرێـت لـە خۆشـییان تامـی زاری خـۆی خـۆش دەکـرد و لیـکاو لـە دەمـی گیـر نەدەبـوو. بۆیـە هێنـدەی دی تانـی لـە خـۆی دەدا.

چرتـە دەیزانـی توانـای ڕاوی نەمـاوە و لـە دەرگاکـەش نزیـک بووەتـەوە، بەهاتنـە پێشـی گورگەکـە نەترسـا و نەشـێوا و تانـی زیاتـر لەخـۆ نـەدا. تـا گەیشـتە دەرگاکـە، گورگەکـە هەنگاوێکـی مابـوو لـە خۆشـییان هەسـتی نەکـرد وا لـە دەرگا دەچێتـە ژوورەوە. لەگـەڵ پـێ دانانـی لەسـەر عەتەبـە «کۆسـپە» ی ژوورەوە گەیشـتە چرتـە و ویسـتی کەڵبـەی لـە پاشـەڵی گیـر بـکات، لەنـاکاوڕا لـەم لا و لـەولا بـە مەتـرەق و ختورمـان لەسـەری بـووە خەجـە ڕۆ: کێندەرێـت دێشـێت، لێـدە لێـدە تـا حەیاتـی لەبـەر بـڕا وازیـان لـێ نەهێنـا.

لـە مێـژووی ژیانـی گیانـدارەکان ئـەوە یـەک بـە دەسـتی خۆیـان دڕندەیەکـی وەک گـورگ بکـوژن. بۆیـە کردیانـە شـایی و زەماوەنـد و هەلەکـە سـەمایەک ئـەو سـەری دیـار نەبێـت. ئـەو ڕۆژە تـا بەترێکـی شـەویش لـەم بـەزم و ڕەزمـەدا بـوون و سـوکناتیان نـەدا. هـەر بابـا بـوو بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە دەچـوو ئەمـلا و ئـەولای بـۆرەی مـاچ دەکـرد و پـڕ بـە زارهـاواری دەکـرد و دەیگـوت:

- هەر بژی بۆرەی قەپڵان.

بـۆرە لـە خەنـی خۆشـییان دەمـی بـۆ یـەک نەدەهاتـەوە و زۆر دڵخـۆش بـوو، کـە توانـی خـۆی بـەم چەشـنە لەناویـان خۆشەویسـت بـکات و ترسـیان لـە دڕنـدان بشـکێنێت.

چرتـە بـەم جـۆرە دوو سـێ گورگـی دیکـەی هەڵفریوانـد و هاوڕێکانیشـی بـە داران زۆر پوختـە دەیانکوشـتن.

گیانـدارەکان کـە لـە کوشـتنی گورگـەکان چ زەبریـان پـێ نەکـەوت، لاشـیان وابـوو بـەم ڕێگایـە سـووک و سـانا دەتوانـن بەسـەر هەمـوو دڕندەیەکـدا زاڵ بـن. بۆیـە لەوپـەڕی خۆشـی و کامەرانـی دابـوون و تـرس لەبەدەنیـان نەمـا. تەنیـا بـۆرە نەبێـت لـە ژێـرەوە دەترسـا و دڵەمەلـەرزەی بـوو. لەبـەر خۆیـەوە دەیگـوت: «دەبـێ دەرەقەتـی شـێر و پڵنـگ بێیـن؟ زۆر زەحمەتـە».

ڕۆژێـک چرتـە وەک تیـر چرتـەی هـات و بـەژوور کـەوت، دوابـەدوای ئـەو پڵنگێکـی سـەر گـەورە و مـل ئەسـتوور دەرکـەوت. لەبـەر زۆر تیـژی چ دار و بەڕچیغێکـی ئەوتـۆی پـێ نەکـەوت و لـە ژوورەوە گەیشـتە کەروێشـکێک، تونـد پشـت ملـی گـرت و فرتکـەی دایـە و چـووە دەرەوە.

گیاندارەکان پێ حەپەسان و ترس دەستی بەسەردا گرتن.

بۆرە لە هەمووان خەمبارتر بوو. لە دڵەوە گوتی: «نەمگوت زەحمەتە؟».

ڕۆژی دوایـی چرتـە شـێرێکی هێنـا. ئەویـش وەک پڵنگەکـە لـە گیسـکێک ڕوو بـوو، تێـی تەقانـد.

گیانــدارەکان بەجارێــک ســام گرتــی بــوون و شــڵەژان و ترســی گۆریــن بەسـەریاندا زاڵ بـووەوە. تـا هەندێکیـان ورەیـان بـەردا و لایـان وابـوو شـێر

و پڵنـگ پێیـان فێـر بـوون و تـازە وازناهێنـن. بۆیـە لەناوەخۆیـان دەسـتیان بـە قسـە و نەزیـرۆکان کـرد و گوتیـان:

- لەوەتـی دنیـا دنیایـە قـەت بـووە چینـی ئێمـەی بـێ دەسـەڵات بەرەنـگاری دڕنـدان ببیـن؟.

- نەخێر قەت نەبووە.

- نەخەسەڵە شێر و پڵنگیش.

- دیارە خوا لێی گۆڕیوین.

- گوتنی ناوێت.

- پێشـتر هـەر چۆنێـک بـوو خۆمـان لەنـاو دارسـتان و پەنـاو پەسـارگان حەشـار دەدا، بەدەگمـەن نەبووایـە بەرچنگیـان نەدەکەوتیـن.

- وابوو.

- کەچـی ئەمـڕۆ کـەوا خۆمـان لـەو شـوێنە تەنگەبـەرە پەسـتاوە و ڕێگـەی هەڵاتنـمان لـێ گیـراوە، ئەگـەر شـێر و پڵنگەکـە بێنـەوە یەکیـان دەرگامـان لـێ بگـری، ئـەوی دی دەتوانـێ تاقـمان لـێ ببڕێـت.

- گومانی تێدا نییە.

- قەت نابووایە ئەمەمان بکردبووایە.

- غێر ئەو سەر ئەستوورە پێی کردین.

- بەڵـێ ئـەو هەڵـی فریواندیـن، ئەگـەر نـا ئەمـە بـە خەیاڵـی بـاب و باپیرانیشـماندا نەهاتـووە.

- دڕندە بۆ دڕندەیە.

- دیـارە دەمـارە شـینکەی هـەر مـاوە و دەیەوێـت بـەم جـۆرە لەناومـان بەرێـت.

- کەواتـە تـا زووە شـێر و پڵنگەکـە نەهاتوونەتـەوە لـە گـوێ و حەمـدی دەرچیـن: ئـەو دیـوارە تێـک بدەیـن و هـەر یەکەمـان وەک جـاران خـۆی لەلایـەک حەشـار بـدات.

ئیـدی ئەمەیـان گـوت و تاویـان دا دیوارەکـە هەڵیتەکێنـن، بـەڵام ئەوانـی دیکـە زۆرتـر بـوون و بەتایبەتـی میـرەکان زۆر باوەڕیـان بـە بـۆرە هەبـوو بەرگرییـان کـرد. بـووە مشـتومڕی «دەبـێ و نابـێ و هەڵڵایـەک» ئـەو سـەری دیـار نەبێـت. تـا چرتەیـان لـێ ڕاسـت بـووەوە و چـووە سـەر جێگایەکـی بـەرز و ڕووی لەوانـەی کـە دەیانویسـت دیوارەکـە تێـک بـدەن کـرد، تـا دەنگـی تێـدا بـوو گوتـی:

- پێم ناڵێن لەبەرچی دەتانەوێت تێکی بدەن؟.

گوتیان:

- ئێستا شێر و پڵنگەکە دەگەڕێنەوە یەکمان ناهێڵن.

چرتە عەنتیکەی پێهات و گوتی:

- هەر لەبەر ئەو ترسەتانە؟.

بە تەوسەوە گوتیان:

- هێشتا پێیدەوێت.

چرتە ئـەوكات لـە شـوێنەكە هاتـە خـوارەوە و لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی چـوون دەرگاكەیـان خشـت كلیـل دا و ئەوجـا پێیگوتـن:

- با هەموو شێر و پڵنگی دنیایێ بێن چییان لەگەڵمان پێ دەكرێت؟.

ئەوانـەی هەڵچـوو بـوون تـا ئـەو كاتـە لـە ترسـان بیریـان بـۆ ئەمـە نەچـوو بـوو. كـە بـە چـاوی خۆیـان دیـت وەک كونـدە ئاوێكـی شـەوییان پێـدا بكرێـت لـە جێگـەی خۆیـان سـاردبوونەوە و ترسـەكەیان لـەدڵ نەمـا و خۆشـی پەڕییـە دەموچاویـان.

چرتە چۆوە جێگاكە و دەستی بە قسان كردەوە و گوتی:

- ئازیـزەكان ئێـوە بـە هەڵـە چوونـە ئـەوەی بـۆرە لەگـەڵ ئێمـەی كـردووە هەتـا هەتایـێ لـە یـاد ناكرێـت، ڕاسـتە دڕندەیـەک و دوژمنـی هـەرە گەورەی چینـی ئێمـە بـووە، بـەڵام بەهـۆی ئـەو كارەسـاتەی كـە لـە دڕندانـی بەسـەر هاتـووە پیسـتەی دڕنداتـی بـە یەكجـاری لەسـەر خـۆی لاداوە و بـە دڵ و گیـان خـۆی كردووەتـە یەكێـک لـە ئێمـە و دوژمنـی دڕنـدان. ئـەو دیـوارەی دروسـت كـرد. هیـچ دڕندەیـەک لـە توانایـدا نییـە بێتـە ناومـان و ئەوجـا دەیەوێـت دوڕگۆكەكـەی لـە دڕنـدان پـاك بكاتـەوە. وابـوو پیلانەكـەی لـە كوشـتنی گـورگان بەباشـی سـەركەوت. ئەگـەر توانیـمان پیلانێكـی وا دابنێیـن، بەسـەر شـێر و پڵنگیشـدا زاڵ بیـن، ئـەو كات دنیامـان بـۆ دەبێتـە شـامی شـەریف: «تەخـت دەبێـت» و تـرس نامێنێـت ژیـان بـە خۆشـی و كامەرانـی دەبەینـە سـەر. ئەگـەر نـا دەرگاكـە هەرگیـز ناكەینـەوە. بۆیـە لەسـەر ئێمـەی گیانـداری بێدەسـەڵات پێویسـتە تـا لـە ژیانـدا ماویـن ملكـەچ و لـە ژێـر فەرمانـی بـۆرەدا بیـن. كـە بـەم چەشـنە فێـری كردیـن چنـگ قـژ كەینـەوە و گیانـی خۆمـان بپارێزیـن.

کە چرتە ئەو قسانەی کرد گیاندارەکان بەیەک دەنگ گوتیان:

- هەر بژی بۆرەی قەپڵان، هەر بژی بۆرەی قەپڵان.

هەر کە چاویان بەمەلا و بەولا دا گێڕا بۆرە نەبوو، واقیان وڕما. کاتێک کە بێدەنگییان بەسەرداهات گوێیان لە گریان و بۆڕە بۆڕی بوو، یەک تاو بۆ لای چوون و دیتیان: لەبەر گریان هەر دوو چاوی پەنماون. گەماڕۆیان دا و بە دەست لە مل کردن ئەمەلا و ئەولایان ماچ کرد و پێیانگوت:

- ئەوە لەبەرچی دەگرییێ؟.

بۆرە گوتی:

- هێشتا پێی دەوێت! گیسکێک و کەروێشکێکمان بەلاش دەخواردی دڕندان دا و دڵی ئێوەی ئازیزیش لە ئاستە من سارد بووەتەوە.

گیاندارەکان کە ئەمەیان لێ بیست، تێی ڕوو بوون و بەرزیان کردەوە و بە چەپڵەلێدان گێڕایان و دەیانگوت:

- هەر بژی سەرکردەی خۆشەویستمان.

- با..

- بژی.

- با..

- بژی.

- با..

- بژی.

بەم جۆرە دڵی بۆرەیان داوە.

## شەوی حەوتەم

گیانـدارەکان تـا چەنـد ڕۆژان دەرگاکەیـان نەکـردەوە و هـەر لـە سـەین و بەینـی بیرکردنـەوە و مشـوور خواردنـی دۆزینـەوەی پیلانێکـدا بـوون کـە بتوانـن بەسـەر شـێر و پڵنگـدا زاڵ بـن. تاوەکـو ڕۆژێـک زیقـە سـەرۆکی سـمۆران بیرێکـی بـۆ هـات و لـە خۆشـییان دەسـتی بـە هەڵپەڕیـن و هەلیکسـە کـرد و بـە پێکەنینـەوە ڕووی لـە بـۆرە کـرد و گوتـی:

- مـن پیلانێکـی وام بـۆ هاتـووە دەتوانیـن هەرچـی شـێر و پڵنگـە بـە ئاسـانی بیانگریـن و لـە ناویـان بەریـن.

ئەوەنـدە بـە سـۆزەوەی گـوت بـۆرە یەکسـەر، پێـش ئـەوەی بزانێـت چییـە پێـی بـاوەڕ کـرد و بـە گـوراح خۆشـییەوە ئەمـلا و ئـەولای مـاچ کـرد.

زیقـە کـە بـۆرە ماچـی کـرد لـە کەیفـان چـووە سـەر دارێکـی بـەرز و بـە گـوڕ هاتـە خـوارەوە و گوتـی:

- پێویسـتە لـە خـوری مـەڕ و مـووی بزنـان تۆڕێـک دروسـت بکەیـن و هـەر کـە شـێر و پڵنـگ هاتنـە ژوورەوە لـە هیکـەوە تۆڕەکەیـان، لـە سـەر ڕا بەسـەردا بەردەینـەوە. ئـەو کات پـەل بزافتیـان پـێ ناکرێـت و دەتوانیـن بـە سـانایی بیانکوژیـن.

بـۆرە کـە ئەمـەی لـێ بیسـت خەنـی بـوو. دیسـان زیقـەی مـاچ کـردەوە و

خستییە سەر ناو لەپی خۆی و گوتی:

- هەر چەند بە لەش بچووکیت، بەڵام زۆر لە ئێمەی کەلەش زل ئاقڵتریت.

جا بڵندی کرد و بە دەنگی بەرزەوە گوتی:

- هەر بژی زیقە، هەر بژی زیقە.

گیاندارەکان لێکڕا دوا بە دوای بۆرە گوتیان:

- هەر بژی زیقە، هەر بژی زیقە.

زیقە ئەوەندەی هەوەست بە خۆی هات نەبێتەوە.

گیاندارەکان هەر ئەو دەم دەستیان بە ڕستنی خوری و مووان کرد. چەند گلۆرە و ماشەرە سێ تاو خڕێنەیان ڕست. جا هەردووکیان بە یەکەوە کشت بادانەوە و کردیانە کشتەکی ئەستوور و تۆڕێکیان لە شێوەی ڕەشکەی کایێ دروست کرد.

بۆرە بیری کردەوە و لە دڵەوە گوتی: ((شێر و پڵنگ بەهێزن نەبادا تۆڕەکەی لەگەڵ خۆیان ببەن)) هەستان دوو گوریسیان هۆناندەوە. دوو سنگیان لەلای ژوورەوە، لەملا و لەملای دەرگاکەدا کوتا و سەرێکی گوریسەکانیان لەم سەر و لەوسەری ڕەشکەکە خست و سەرەکەی تریان لە سنگەکان بەستا.

زیقە و حوتە و قیتە و خرتە چوونە سەر دیواری ئەملا و ئەولای دەرگاکە، بۆ ئەوەی نەبینرێن گەڵای دار و هەراشیان بەسەر خۆیان دادا.

گیاندارەکان ناوەڕاستی تۆڕەکەیان بڵند کرد و دایانە دەستیان.

چرتە بەدوای کاری خۆی ڕەوانە کرا و زیقەش بۆ ئاگاداری چووە سەر بەرزترین شوێنی دیوارەکە. زۆری نەبرد و هاواری کرد و گوتی:

ـ هات، هات شێرێکی گەورە هات.

ئەوانی سەر دیوارەکە هەر چواریان خۆیان ئامادە کرد.. کە شێرەکە دوای هاتنە ژووری چرتە دەرکەوت تۆڕەکەیان بەسەردا بەردایەوە.

شێرەکە تا هینکە بڕ بوو هەوڵی دا و ئەملاو ئەولای کرد، بێ سوود بوو. تا ئەو کاتە زۆربەی هەرە زۆری گیاندارەکان لێی دەترسان و لایان وابوو تۆڕەکەی پارچە پارچە دەکات و دێتە دەرەوە. هەر کە دیتیان پەکی کەوت و چی بۆ ناکرێ لە خۆشییان هەموویان دەستیان بە چەپڵە و سەما کردن کرد لە باس نایەت. ئەوجا هێدی هێدی بە دڵە لەرزەوە لێی چوونە پێش. کە سەیری دەمە گەورەکەی و کەڵبە تیژەکانیان کرد ماوەیەک بە دیارییەوە تاسان. تا چرتە دارێکی گەیاندە ورگە زلەکەی و بە پێکەنینەوە گوتی:

- داخوا چەند گیانداری وەک ئێمە لەم ورگە ساخ بووەتەوە.

حوتە میری سیخوڕان گوتی:

- جێم کەن من دەزانم حەقی خۆی لە مست نێم.

ئەمەی گوت و پشتی لێکرد و دوو پەڕی لە پەڕە تیژەکانی تێگرت و لە هەردوو چاوی دا و شێرەکە تا دەنگی تێدا بوو لەبەر ژانی چاوی نەڕاندی.

گیاندارەکان کە دیتیان کوێر بوو لە تۆڕەکەیان کردەوە و نەیدەزانی بۆ کام لا بڕوات. ئەوجا وەک شەیتان ڕەجمکردن تا لاکەی لێ بڕا بە دار و

بـەردان دایانگـرت.

چرتـە هەمـوو ڕۆژێ دەچـوو شـێرێک، یـان پڵنگێکـی دەهێنـا. جـار جـارەش کەمتیـار. گیاندارەکانیـش بـە تۆڕەکـە دەیانگـرت. بـەم جـۆرە دەوامـی کـرد تاکـو ڕۆژێـک چرتـە بـە بـۆرەی گـوت:

ـ ئـەوەی دڕنـدەی گەورەیـە لـە دوڕگۆکـە نەمـاوە و بـە جارێـک لـە بـن هاتـن.

بـۆرە بافرەیەکـی خۆشـی هاتـێ و تـا دەمێـک مـت بـوو. لەدواییـدا بـە شـادییەوە هەڵیدایـە و گوتـی:

- هەر هیچ؟

چرتە گوتی:

- تەنیا دوو ماون.

بۆرە بە حەپەساوییەوە گوتی:

- ئەدی بۆ ناچیت بیانهێنیت؟

چرتە گوتی:

- ئاخـر لـە ڕەچەڵەکـی تۆنـە و گوتـم نەبـادا خوێنـت بۆیـان ببزوێـت و لێـم دڵگیـر ببیـت.

بۆرە دەمێک لە قسەکەی ورد بووەوە. کە تێگەیشت گوتی:

- بـرا دڕنـدە هـەر دڕندەیـە، جـا لـە ڕەگـەزی مـن بێـت، یـان لـە ڕەگەزێکـی دی. بۆیـە دەبـێ هـەر ئێسـتا بچیـت بیانهێنیـت.

چرتە گوتی:

ـ باوەڕ ناکەم بە دواما بێن.

بۆرە بەسەر سووڕمانەوە گوتی:

- بۆ لەبەرچی؟

چرتە گوتی:

- لـە هـەوەڵ ڕۆژەوە لەبـەر دڵـی جەنابـت سـەربردەکەم بـە سـەر و بـەر پێگوتوونــە.

بۆرە گوتی:

- غەدرێکی گەورەت کرد.

چرتە گوتی:

- غەدر بێت و غەدر نەبێت لەبەر جەنابت نەمتوانی بیانهێنم.

دوای دەمێک کپی، بۆرە گوتی:

- تـازە چ لەگـەڵ چـووان ناکرێـت، بـەڵام هـەر ئێسـتا وەکـو مـەردان بچـۆ پێیـان بڵـێ: بـۆرە دەڵێـت دەبێـت بـە بیسـت و چـوار سـەعات لێـرە نەمێنـن. ئەگـەر نـا بـە شـەق و تێلایـان دەریـان دەپەڕێنیـن.

چرتە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوتی:

- فەرمانت لەسەر سەر و لەسەر چاوان.

ئەمـەی گـوت و چـووە لای ورچـەکان و ڕاسـپاردەکەی بـۆرە چـۆن بـوو بـە

خـڕی تێگەیانـدن.

ورچەکان دایانە قاقای پێکەنین و گوتیان:

- ئێمـە دووانیـن، ئـەو تەنیایـە، چـۆن دەتوانێـت دەرمـان بـکات. بەسـەر فیڵەکەشـتان کەوتیـن تـا پێتـان هەڵبخەڵەتێیـن.

هـەر کـە چرتـە بـۆرەی لـە نیـازی ورچـەکان حاڵـی کـرد، لـە تووڕەییـان شـین و مـۆر هەڵگـەڕا و پشـکی دەهێنـا. دوای ماوەیـەک بـە بیرکردنـەوە لەبـەر خۆیـەوە ڕامـا ئەوجـا گیاندارەکانـی ورد و درشـت کۆکـردەوە و پێیگوتـن:

- هاوڕێیانــی خۆشەویســت دوو دڕنــدەی گــەورە کــە ورچــن مــاون و غەزرینـە نـە دێنـە لامـان بیانکوژیـن، نـە دەیانەوێـت دوڕگۆکـە بەجێبێڵـن. مـن بـە تەنیـا دەرەقەتـی یەکیـان دێـم. ئـەوی دیـش بـۆ ئێـوە بێـت. ئەگـەر هـەر بەروەسـتی نەهاتـن بیخافڵێنـن و مشەوەشـی بکـەن تـا مـن ئـەوەی یەکەمیـان دەکـوژم.

ئیـدی ئەمـەی گـوت و گشـت خۆیـان ئامـادە کـرد. بـۆرە لـە پێشـەوە بەرچیغێکـی گـەورەی هاوێشـتبووە سـەر نـەڕەی شـانی، ئەوانـی دی دار یـان بەردیـان بـە دەسـتەوە بـوو. هورووژمیـان کـردە سـەریان.

ورچـەکان کـە چاویـان بـە هـەزارە زیلەکـە کـەوت، هەتـرەش "زەندەق"یـان چـوو. بـە پرەپـڕ خۆیـان کوتـا نـاو بـواری ڕووبارەکـە و تـا پەڕینـەوە بیسـت سـی دار و بەردیـان بـە سـەر و گوێـلاک کـەوت.

گیانـدارەکان گشـت لـە حەریتەیـان دا. بـۆرە ئـەو کات ڕووی تێکـردن و گوتـی:

- یاڵلا با بگەڕێین، نەبادا دڕندەی دیکە مابێت.

ئیـتر چ کـون و قوژبـن نەمـان جارێـک و دووان سـەری پێـدا نەگـرن. نـاوە، نـاوە ڕێـوی و چەقەڵیـان دەدیتـەوە، پارچـە پارچەیـان دەکـردن. ئیـدی بـەم جـۆرە دوڕگۆکەیـان لـە دڕنـدان پـاك کـردەوە.

ئـەو ڕۆژەی گیانـدارەکان دڵنیـا بـوون ئـەوەی دڕندەیـە لـە دوڕگۆکـە نەمـاوە وردو درشـت شـایی و هەڵپەرکـێ و بەزمێکیـان گێـڕا لـە بـاس نایـەت. لـە هەوڵـەوە بۆرەیـان بڵنـد کـردە سەردەسـتان و دەیانگێـڕا و ئەمەیـان لەگـەڵ دەگـوت:

- هەر بژی بۆرەی قەپلان

دوژمنی گشت دڕندان.

بەڕاستی تۆ ڕابەری

چەسپاندت دادپەروەری.

زوڵم و زۆریت لەناوبرد

ئاڵای ئازادیت هەڵکرد.

بۆیە هەتاکو ماوین

لە خزمەتتا وەستاوین.

بـۆرە لـە خەنـی خۆشـییان هەرچەنـدەی دەکـرد و دەکۆشـا دەمـی بـۆ یـەک نەدەهاتـەوە و وای هەسـت دەکـرد کـە پاشـای سـەر تەختـە. دوای دانانـی بـۆرە گیانـدارەکان دەسـتی یەکتریـان گرتـەوە و دیسـان دایانمەزرانـدەوە شـایی و ئەمەشـیان لەگـەڵ دەگـوت:

- ئێمە پەپوولەی ژینین

بە دەنگی خۆش دەخوێنین

چاوی دوژمن دەردێنین

پڕ بەزار هاوار دەکەین

پشتی بۆرە بەرنادەین

بەرنادەین و بەرنادەین

بەرنادەین و بەرنادەین

ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوی دوڕگۆکەیان بە بەهەشتی گیانداران گۆڕی. ئەوجا داپیرم ڕووی تێکردم و گوتی:

- ڕۆڵە ئەمەش بەسەرهاتی بۆرەی قەپلان بوو.

## شەوی هەشتەم

ئازیزەکان من لام وابوو هەقایەتەکە کۆتایی هات. کەچی شەوی هەشتەم نەنکم وەکو جاران هات دانیشت و دەستی پێکرد و گوتی:

دوای لەناوبردنی دڕندان زۆری نەبرد لە سەرتاسەری جیهاندا دەنگی دایەوە کە گیاندارانی دوڕگۆکە، بە سەرکردایەتیی بۆرەی قەپلان بە دەست و بازووی خۆیان توانیان دوڕگۆکە، لە دڕندان پاک بکەنەوە و هیچیان نەهێڵن. ئێستاکە بەخۆشی و کامەرانی و دوور لەترسی دڕندان ڕادەبوێرن. بۆیە چی گیاندارانی دەوروبەریان بوون بەخیلیان پێدەبردن.

ئەگەر بۆیان بکرابووایە ناوچەکانی خۆیان بە جێدەهێشت و دەچوون لە ژێر سێبەری بۆرەی قەپلان دەسانەوە. بەتایبەتی گیاندارانی بەری خۆرهەڵات. هەر کە ترسیان لە دڕندان پەیدا دەبوو ڕوویان تێدەکرد و بەهۆی بوارەکە دەپەڕینەوە. ئیدی بەهەشتی گیانداران هەر دەهات قەڵەباڵغ دەبوو.

لەجێگایەکی یەکجار دوور لە بەهەشتی گیانداران، زۆر لەولای کێوی حەمرینیش بێشەلانێکی بچکۆلانە، لەدەم ڕووبارێک هەبوو. چەند ڕێوییەک لەدوای نیشتنەوەی کەشتیەکەی حەزرەتی نوح لێی نیشتەجێ بوو بوون و بەخۆشی و سەرفرازی بێ مەسۆدە تێیدا دەژیان و نەیاندەزانی خەم و پەژارە چییە.

دوو گورگی بۆرەی کلک و بن زگ ڕیشۆڵەدار، ناویان گزیر و مزیڕ بوو. ئەو دوو گورگە چەندی بلێی قەڵپ و عەبووس و بەدکار بوون. سێ بەندی وەکو خۆیان نەبوو. بەرچاو تەنگی وابوون جگە لە خۆیان کەیفیان بە چارەی هیچ گیاندارێک نەدەهات. بە ئەوان بووایە هەرچی زیندەوەری دنیایە بۆیان ببنە بابۆڵە «سەندەویچ»ێک و بە یەک کەڕەت لرفی بکەن ئەوجا بڕیان دادەکەوت..

گزیر شاش و فیش بوو: «هێندە لەدنیا نەدەگەیشت». کەچی مزیڕ بە پێچەوانەوە زۆر مەفتووق و کەمۆ و مەکرۆ و فێڵباز بوو. ئەوەندە جازان و ژیر بوو ڕێی بە کونی مار دەبرد. ڕۆژێک بەڕێوییەکان فێربوون. هەرچی دەکەوتە بەردەستیان بێ بەزەییانە تیتاڵ بە تیتاڵیان دەکرد. دکرێکیان پێکردن با بەدەواری شڕ ناکات.

ڕێوییەکان بە هیچ جۆرێک توانای چنگ قژکردنەوەیان نەبوو. لەبەر دەستیان دادە دادیان بوو. ناچار بوون بە ڕووناکی خۆیان لەناو کون

و پەنـاو پەسـارگە نهێنییەکانـی بێشـەلانەکە دەشـاردەوە و کـە تاریـک دادەهـات بـە پەنـا دزە و لەسـەر چنـگان بـۆ ملومۆکـردن دەهاتنـە دەرەوە. بـەم جـۆرە توانیـان گیانـی خۆیـان لـە کەڵبـەی شـوومی ئـەو گورگـە چاوبرسـییانە بپارێـزن.

گورگـەکان چەنـد ڕۆژ گـەڕان و سـووڕان و هەوڵیـان دا چییـان بـە چ نەکـرد. ویسـتیان شـوێنەکە جێبێڵـن، لـە نـاکاو ڕا ڕێوییەکـی چاوزیتـی، گـوێ قیـت و کلـک ئەسـتوور و شـۆڕی فەسـاڵ گرانیـان لەبـەردەم پەیدابـوو لەگـەڵ کڕنـۆش بردنـدا گوتـی:

- سـەروەرانم هیـچ لـە پایـە بەرزیتـان کـەم نابێتـەوە ئەگـەر «سـورتک»ی بچووکتـان بـە خوبـزە «خزمەتکار»ێکـی ئەڵقـە لـە گوێـی خۆتـان وەربگـرن..

گورگـەکان کـە چاویـان پێکـەوت و ئەمەشـیان لـێ بیسـت لـە دڵـەوە زۆر خۆشـحاڵ بـوون. پێـش ئـەوەی سـورتک سـەر لـە زەوی قیـت بکاتـەوە مزیـڕ بـە بـن گوێـی گزیـری هەڵـدا و گوتـی:

- پێویسـتە لەگەڵـی زۆر خوڵـق خـۆش و بـە سـەویەت و نـەرم بیـن، مەدەڵایـی «کوسکێشـی» زۆر لەبـەر بکەیـن بەڵکـو شـوێنی ئـەوانی دیکەمـان بـۆ هەڵـدەدات.

گزیر بە زەردەخەنەوە سەری ڕەزامەندی خۆی بۆ لەقاند.

مزیـڕ بەڕووخـۆشی و زەردەخەنـەوە لێـی چـووە پێـش و لەگـەڵ ماچکـردنی ئەمـلا و ئـەولای ڕوومەتەکانـی پێگـوت:

- بـە ڕاسـتی لـە بچـم و سـەر و سـەکوتت ڕا دیـارە کـە بـەزاخ و مـەرد و دۆسـت پەروەریـت.

سـورتک کـە ئەمـەی بیسـت بزەیەکـی شـادی هاتـێ و بـۆ ئـەوەی ڕاسـتی خـۆی نیشـان بـدات گوتـی:

- سـەروەرانم بـۆ ئـەوەی باوەڕتـان بێـت کـە مـن خزمەتکارێکـی دڵسـۆزی ئێـوەم بـە دوامـا بفەرمـوون.

گورگـەکان لـە مەبەسـتی حاڵـی بـوون و لـە خۆشـیان شاگەشـکە بـوون و مزیـڕ بـە بزەیەکـەوە بـە بـن گوێـی گزیـری داچرپانـد و گوتـی:

- کـوڕە دیـارە ئـەوە نۆکـەر و خۆخۆرێکـی چاکـە، لەوەشـمان باشـتر بـۆ هەڵناکەوێـت ئـەوا بەبـێ پێگوتـن دەیەوێـت ئاواتەکەمـان، کـە لەنـاو بـردنی بنەچەکەیـەتی بهێنێتـەدی.

هەردووکیان بە شادی و سێ جڕت لە خۆهەڵدانا بەدوای کەوتن.

سـورتک جێگـە نهێنییەکانـی خانەزاکـەی خـۆی یەکـە، یەکـە دەسـت نیشـان دەکـرد و گورگـەکان پشـت ملیـان دەگرتـن و بـە ویقـە ویـق دەیـان هێنانـە دەرەوە. لـە هـەر یەکەیـان قەپێـک، دووانیـان گۆشـت دەخـوارد و ئـەوی دیکەیـان پـەل پـەل دەکـرد و فڕێیـان دەدا. سـورتکیش بـە دیاریانـەوە سـمێڵە خیچکـەی بـوو.

کونـە ڕێـوی هەبـوو تەسـك بـوو گورگـەکان پێـوە نەدەچـوون سـورتک خـۆی تـێ دەکوتـا و بـە زیـڕە زیـر پەلکێشـی دەکرد.. ئـەو ڕۆژە تـا ئێـوارە ڕێوییەکان تاکولۆکیـان مـان، ئەوانیـش کـە دنیـا تاریـک داهـات ناچـار هەریەکەیـان لـە ترسـی گیانـی، سـەری خـۆی بـە لایەکـدا هەڵگـرت. بـەم جـۆرە نیشـتمانی بـاب و باپیرانیـان جێهێشـت و ئـاوارە و پەڕاگەنـدەی هەنـدەران بـوون.

## شەوی نۆیەم

ڕۆژی دوایــی هەرچەنــد كــون و قوژبنــی بێشــەلانەكە مابــوو گــەڕان چیــان بــە دەســت نەكــەوت.

گزیر بە دزی بە مزیڕی گوت:

- ئەوجا نۆرەی سورتكە.

مزیڕ گوتی:

- نا،، نا.. جاری ماوییّتی.

ڕۆژی دووەم و ســێیەمیش گــەڕان چ نەبــوو. گورگــەكان ســورتكیان تێگەیانــد و گوتیــان:

- ئێمــە برســیمانە تــا بیســت و چــوار ســەعاتی دیكــە تێرمــان دەكەیــت باشــە، ئەگەرنــا وای لەحاڵــت هــەر خۆمــان دەزانیــن چیــت بەســەر دێنیــن.

ســورتك ئــەو ڕۆژە تــا ئێــوارە گــەڕا و هیــچ ســوكناتی نــەداو چــی چنــگ نەكــەوت و نەدیــت.. كــە دنیــا تاریــك داهــات لــە ترســی گیانــی خــۆی نەیوێــرا بــۆ لایــان بگەڕێتــەوە. نــاو دەنگــی بــۆرەی قەپلانیشــی بیســتبوو، ناچــار ســەری خــۆی هەڵگــرت و بەهەشــتی گیانــداران خــۆت بگــرە وا هاتــم. لــە ڕێــگادا زۆر مانــدوو بــوو، هێشــتا نەگەیشــتبووە چیــای حەمریــن لــە پەلوپــۆ كــەوت و ڕاســت لــێ ڕاكشــا و یــەك بــە بــاڵای خــۆی زەوی گــرت. كاتێــك چرپــە چرپێكــی لــە گــوێ وەهــات كــە ســەری بــەرز كــردەوە دیتــی نێرەكەرێكــی دێــزەی و پیــر و لــەڕ و لاواز و بــێ حــدوور ســەگ خــۆی لــە كلكــی بدابووایــە دەكــەوت. وا حۆتــر حۆتــر بــۆ لای دێــت. لــە دڵــەوە خەنــی بــوو، گوتــی: «ئــەوەی لــە خــوا خافــرە، كافــرە. خــوا وا بــۆ ئــەم ڕێگایــە

کەرێکــی بــۆ نــاردم».

گوێدرێژەکە گەیشتە لای و پێیگوت:

- ئەوکاتەت باش مامە ڕێوی.

ســورتک خــۆی وا هەڵخســت کــە نەخۆشــە و بــە جــاوە جــاو و نکــە نــك وەڵامــی داوە:

- خۆش بیت مام گوێدرێژ.

دێزە گوتی:

- ئەوە بۆ لێرە کە وتوویت؟.

سورتک گوتی:

- چیــت لــێ بشــارمەوە مامــە گوێدرێــژ نیــازی ئــەو ســەرەوەم هەیــە کەچــی لــە بەخــت ڕەشــی وا لێــرە نەخــۆش کەوتوومــە و هەنــگاوم بــۆ ناوێشــترێت.

ئیدی ئەمەی گوت لە پڕمەی گریانی دا.

کە دێزە ئەمەی لێ بیست بەزەیی پێداهاتە وە و گوتی:

- منیش نیازی ئەو سەرەوەم هەیە، کەواتە با ببینە هاوڕێی یەکتر.

لەگەڵ خۆ نەویکردندا گوتی:

- فەرموو سواری پشتم بە.

ســورتک زۆر دڵخــۆش بــوو. بــۆ ئــەوەی بــە دێــزە بســەلمێنێت کــە توانــای ڕۆیشــتنی نییــە بــە حاڵــە حــاڵ هەســتاوە ســەر پاشــیان و پێیگــوت:

- تاقەتـم لـە بەدەنـدا نەمـاوە خێـرت دەگاتـێ بـۆم وەرە پێشـتر و سکیشـت بگەیێنـە زەوی.

دێـزە چەنـد هەنگاوێـك لێـی دوور بـوو چـووە لای و چۆکـی داوە و سـورتک بـە ئـای و نقەنـق خـۆی هەڵدایـە سـەر پشـتی و لـە دڵـەوە شاگەشـکە بـوو. جـا ملـی ڕێگایـان گـرت.

سورتک دەستی بە دواندن کرد و گوتی:

- ئەوە خێرە بۆ ئەو سەرەوە دەچیت؟.

دێزە گوتی:

- چیت لێ بشارمەوە لە دەست زەبر و زە نگی بنیادەم ڕام کردووە.

سورتک گوتی:

- چۆن؟.

دێزە گوتی:

- تـا گەنـج و لەسـەر شـنگ و هێـزی خـۆم بـووم نەمـری و نـەژی ڕۆژ تـا ئێـوارە دەیانڕەتاندمـەوە، لەوەتـی پیربوومـە هیچـم نادەنـێ و تـا لاواز دەبـم و شـنگـم لەبـەر دەبڕێـت کارم پێدەکـەن، ئـەو کات بەرەڵـڵام دەکـەن تـا تـەواو هێـز دەگرمـەوە سـەر لـە نـوێ دەمخەنـەوە ژێـر کار. ئـەو جـارە کـە بەرەڵڵایـان کـردم گوتـم واباشـە لێـرە بـڕۆم و هانـا بـۆ بـۆرەی قەپـلان ببـەم، دەڵێـن بووەتـە باوکـی گیاندارانـی بـێ دەسـەڵات و لـە پەنـای خـۆی گرتـوون و نایەڵێـت زوڵمیـان لـێ بکرێـت.

دوای دەمێک کپبوون دەستی پێ کردەوە و گوتی:

- ئەی تۆ کێوە دەچیت؟.

سورتک بە ئاخەوە گوتی:

- منیش لە ترسی گزیر و مزیڕ بۆ لای بۆرەی قەپلان دەچم.

دێزە گوتی:

- من ناودەنگی قەڵپی و نالەباری ئەو دوو گورگەم بیستووە.

سـورتک بـۆ ئـەوەی دێـزە پێـی بـاوەر بـکات داوای دابەزینـی لـێ نـەکات، لـە هۆڕژنـی گریانـی دا.

دێـزە دڵـی پـێ سـووتا و بەخـۆی نەوەسـتا و لەگەڵـی دەسـتی بـە گریـان کـرد.

سورتک دوای کپبوونەوەی گوتی:

- ئـەو زاڵـم و غەدارانـە ئـەوەی خـزم و کەسـم بـوون لـە ناویـان بـردن. بەخۆشـم بـە هـەزار ناڵـی عەلـی و فـرت و فێـڵ تـا لـە دەسـتیان دەربـاز بـووم.

دێـزە بـە دڵسـۆزییەوە گوێـی بـۆ ڕاگرتبـوو.. هـەر سـەری بـۆ دەلەقانـد. لەدواییـدا پێـی گـوت:

- خۆ تۆ دڕندەی گۆشتخۆریت، باوەڕ ناکەم بۆرە وەرت بگرێت.

سورتک بە حیلە و دەهاییەوە گوتی:

- زۆر چـاك دەزانـم: بـە قوربانـی دەسـت و بـازوو، کـردەوە ڕەواکانـی بـم، بـا ئـەو چـی دڕندەیـە لـە نـاو بەرێـت مەسـەلەی مـن ئاسـانە.

دێزە گوتی:

- چۆن؟.

سورتک گوتی:

- منیـش هـەر لەبـەر خۆشەویسـتی و ڕازیبوونـی دڵـی ئـەو و هـەر لـە ئێسـتاوە چـاو لـەو دەکـەم، هەرچـی پێـی دەڵێـن گۆشـت لێـم حـەرام بێـت و تـا مـاوم تامـی ناچێتـە سـەر زارم.

دێزە زۆری کەیف پێهات و گوتی:

- ئافەرین، ئافەرین، بە ڕاستی کارێکی مەردانەیە.

دێـزە و سـورتک کـە لـە حەمریـن شـۆڕبوونەوە تووشـی دوو حاجـی لەقلەقان هاتن.

سورتک گوتی:

- ئەرێ مام حاجی لەقلەقینە بەهەشتی گیانداران زۆری ماوە؟

حاجی لەقلەقەکان گوتیان:

- ئێمە خەڵکی ئەو ناوچەیە نین، نازانین.

سورتک گوتی:

- ئێوە باڵندەی کۆچەرن چۆن نازانن؟.

لەقلەقەکان گوتیان:

- بەڵێ ڕاستە ئێمە کۆچەرین، بەڵام ئەو شوێنەی تۆ دەڵێیت نەماندیوە.

لەقلەقـەکان نەیاندەویسـت ڕێوییەکـە، کـە دڕندەیـە بچێتـە بەهەشـتی گیانـداران دەنـا شـارەزا بـوون.

نەختێکی دیکە ڕۆیشتن تووشی دوو پەڕەسێلکە بوون.

سورتک گوتی:

- ئەرێ پەڕەسێلکە جوانەکان بەهەشتی گیانداران زۆری ماوە؟.

ئەوانیش وەک لەقلەقەکان وەڵامیان داوە.

ئەو جارە گەیشتنە دوو کەوان، سورتک گوتی:

- هۆ.. کەوە دەندووک جوانەکان بەهەشتی گیانداران زۆری ماوە؟.

کەوە نێرە گوتی:

- بەڵێ هێشتا زۆری ماوە؟.

سورتک گوتی:

- ئەگـەر زەحمـەت نەبێـت، خێـرت دەگاتـێ ناونیشـانی ڕێگاکەیـمان بـۆ هەڵبـدە.

کەوە نێرەکە گوتی:

- مادام ئێوە غەریبەن و نەشارەزان، بۆ ڕێنوێنی من لەگەڵتان دێم.

دێزە و سورتک لەخۆشییان دەمیان بەش بووەوە و گوتیان:

- زۆر، زۆر سوپاس، هەتا هەتایێ لەژێر چاکەت دەرناچین.

ماکەوەکەش هەوەستی پێهات و هانی نێرەکەی دا و گوتی:

- دە بــڕۆ لەگەڵیــان لــەو خێــرەت چاکــتر دەســت ناکەوێــت. بــەڵام زوو بگەڕێــوە.

سورتک بە زەردەخەنەوە گوتی:

- کاری خێرییە.

کــەوە نێرەکــە هەڵفــڕی و چــووە ســەر ســەری دێــزە. ســێ قۆڵــی، دوو ســوار و پیادەیــەک ڕۆیشــتن، تــا گەیشــتنە ســەر توقەڵــەی زورگــی «ســمە دایــی» بەهەشــتی گیانــداران و ڕووبارەکەیــان کەوتــە بەرســیرەی چــاو، ئەوجــا کەوەکــە هێــمای بــۆ شــوێنی بوارەکــە کــرد و ویســتی خواحافیــزی بــکات و بگەڕێتــەوە، ســورتک تــا ئــەو کاتــە وەختــا بــوو بــۆ گۆشــتەکەی گزۆفــت بــدات خــۆی زیاتــر پــێ نەگیــرا و تونــد گرتــی و پێیگــوت:

- مــادام تــۆ ئــەو چاکەیــەت لەگــەڵ ئێمــە کــرد دەبــێ تێروپــڕ ئــەو خاڵــە جوانانــەت مــاچ بکــەم.

ئەمــەی گــوت و ســەری کەوەکــەی خســتە ناودەمــی و کڕۆشــتی. بەبــێ ئــەوەی دێــزە هەســت بــکات کردیــە بوریانــی و لەدڵــەوە گوتــی: «دەزانــم چــۆن ڕێنوێنیــت بــۆ ئێمــە کــرد، بچیتــەوە ئاواش بــۆ گزیــرو مزیــڕ دەیکەیت».

گەیشــتنە زێیەکــە و لــە بڕەکــە پەڕینــەوە. ســورتک کــە لەســەر پشــتی کەرەکە دابــەزی لــە خــۆی ترســا و لەدڵــەوە گوتــی: «بەڵکــو بــۆرە پێــی بــاوەڕ نەکــردم، بمکوژێــت؟ وا چاکــە جــاری تــا لایــەك بەلایــەك دەبێــت خــۆم نیشــان نــەدەم و لــە پەنایــەك خــۆم حەشــار بــدەم. تــا گزیــر و مزیــڕ لێــم ئومێــد بــڕ دەبــن، یــان بــە دوامــدا دێــن، ئــەوکات ناچــار خۆشــی و ترشــی خــۆم دەگەیەنمــە لای». بــەڵام لــە دێــزە ترســا و لــە دڵــەوە گوتــی: «ئــەو گەلحۆیــە بچێتــە لای بــۆرە مەســەلەی منــی پــێ دەڵێــت. ئــەوکات عــوزرم لــێ وەرناگیرێــت». خــەم

و خەفـەت دایگـرت و کەوتـە دەریـای بیرکردنـەوە چ بـکات، چ نـەکات. دواجـار ئەمـەی بـۆ هـات، بـە بـن گوێـی دێـزەی هەڵـدا:

- من بیرێکم بۆ هاتووە.

دێزە گوتی:

- فەرموو.

سورتک گوتی:

- بۆرەی قەپلان بنیادەم نییە تا تۆ بناسێت.

دێزە بە حەپەساوی گوتی:

- ئێـ... ی!.

سورتک گوتی:

- مـن وای بـۆ دەچـم لـە دوورەوە کـە چـاوی بـەو کەلەشـە گـەورە و حەپۆلـەی تـۆ بکەوێـت وا دەزانێـت حووجیـت، یـان دڕندەیەکـی گەورەیـت هەتـا تـۆ ڕاسـتی خۆتـی تـێ دەگەیەنیـت: مـن ئاژەڵێکـی پووشـخۆر و بـێ زیـان و بـێ دەسـەڵاتم لـە حەزمـەت چەوسـانەوە و قوڕبەسـەری خـۆم پەنـام بـۆ تـۆ هێنـاوە ئـەو پێستەشـت دەباتـە دەباغخانـە.

دێزە لەکانگەی دڵەوە بڕوای کرد و گوتی:

- خۆ ڕاست دەکەت! ئەی تەگبیر!.

بە ئەنقەست لە وەڵامدا خۆی گنخاند و بەدامان سەری لەبەر خۆ نا.

دێزە بە پەرۆشەوە گوتی:

- ها.. وەڵامت نەدامەوە؟.

سورتک بێ سەر هەڵبڕین، بە ساردییەوە گوتی:

- نازانم بڵێم چی؟.

دێزە ماوەیەك بە حەیرمانەوە سەیری زاری کرد.

سورتک دوای دەمێك گوتی:

- بە گوێی کاکی خۆت دەکەیت، جارێ خۆت لە مەترسی دەرباز بکە: بڕۆوە ئەوبەر و یەك دوو ڕۆژ خۆت لە پەنا داران بشارەوە تا من دەچمە لای و سەربردەکەی تۆ بە سەر و بەر حاڵی دەکەم. کە ڕێگەی دایت من بە خۆم بەدواتا دێم..

دێزە کە ئەمەی بیست خۆشییەك پەڕییە دڵی و گوتی:

- ئەگەر تۆ ئەوەم لەگەڵ بکەیت قەت لە چاکەت دەرناچم.

سورتک کە پێی سەلماند شادی دایگرت و جا پێی گوت:

- چاکەی چی کاکە، چاکەی چی؟. ئەگەر تۆ نەبووایت من هەرگیز بەو نەخۆشییەم نەدەگەیشتمە ئێرە.

پێش ئەوەی دێزە مل لە ڕووبارەکە بنێت سورتک پێیگوت:

- کاکە من بەبوون و نەبوون خەبەرت هەر دەدەمەوە. دێزە گوتی:

- زۆر مەمنوون، کاکە زۆر مەمنوون.

سورتک لێی ترسا کە سەربەخۆ بگەڕێتەوە: «خۆ ئەو گەلەحۆیە لەدەستی دێت» بۆیە پێی گوت:

- ئەگـەر دنیابـوو نەگەڕامـەوە ئـەو مسـۆگەر بزانـە مـن بەدەسـتی بـۆرە لەنـاو چوومـە و تـۆ نەکەیـت ڕوو لێـرە بکەیتـەوە.

دێزە گوتی:

- زۆر باشە. ئەمەی گوت و چووە ئەو بەر.

سـورتک پشـوویەکی شـادی خـواردەوە و لەدڵـەوە گوتـی: «ئۆخـەی خـۆ لـەو بـێ مێشـکە دڵنیابـووم ! ئەوجـا بـە خـۆم دەزانـم چـۆن خـۆم حەشـار دەدەم».

## شەوی دەیەم

هـەر کـە بیسـت و چـوار سـەعات بەسـەرچوو، سـورتک نەگـەڕاوە گزیـر و مزیـڕ بۆیـان دەرکـەوت کـە خـۆی لـە چنگیـان دەربـاز کـردووە. یەکجـار زۆر لێـی دەهـری بـوون و لـە قـاران بڕیاریانـدا لـە هـەر جێگایـەك بێـت بیدۆزنـەوە. مزیـڕ گوتـی:

- قـوڕ بەسـەر لـە چنگـم قوتـار نابیـت، ئەگـەر بچیتـە قولـەی قافیـش هـەر دەتبینمـەوە.

گزیر گوتی:

- چۆن دەیدۆزیتەوە؟.

مزیڕ گوتی:

- شوێنی هەڵدەگرم.

گزیر گوتی:

- بەدەیـان ڕێـوی لـەم بێشـەلانە چوونەتـە دەرەوە ئێمـە چووزانیـن کام جـێ پێـی ئـەوە.

مزیرِ گوتی:

- خـەم مەخـۆ کەرخـی پێـی سـورتک لـە نـاو سـەد کەرخـە پێیـان بێـت دەناسـمەوە.

ئیـدی لـە دەوروبـەری بێشـەلانەکە گـەڕان و سـووڕان تـا مزیـرِ شـوێنەکەی دیتـەوە و هەڵیانگـرت و بەدوایـا ڕۆیشـتن، ڕۆیشـتن، پێـش ئـەوە بگەنـە کێوی حەمریـن زانیـان بـۆ بەهەشـتی گیانـداران چـووە.

شـوێنەکەیان لـێ ون بـوو. هەرچەنـد لـە دەوروبـەر گـەڕان چییـان بەرچـاو نەکـەوت. مزیـرِ ناچـار گـەڕاوە ئـەو جێگایـەی کـە لێـی بـزر بووبـوو. هـەر کـە سـەرنجی تـەواو لـێ گـرت دەسـتی بـە پێکەنیـن کـرد. گزیـر سـەری بـە پێکەنینەکـەی سـوڕما و گوتـی:

- ئەوە بە چی پێ دەکەنیت؟.

مزیرِ بە پێکەنینەوە گوتی:

- تۆ وەرە سورتک لێرە سواری پشتی گوێدرێژێك بووە.

گزیر باوەڕی نەکرد و گوتی:

- گوێدرێژ لێرە چ دەکات؟.

کـە جێگاکـەی دیـت بـاوەڕی هـات. ئەوجـا بـە دوای کەڕخـی گوێدرێژەکـە

ڕۆیشـتن تـا گەیشـتنە لەقلەقـەکان و مزیـڕ گوتـی:

- ئەرێ مام لەقلەقینە چ کەر و ڕێویتان نەدیوە بە ئێرەدا تێپەڕن؟.

لەقلەقـەکان کـە گورگەکانیـان دیـتن ناسـیانن، کـە گزیـر و مزیـڕن، بۆیـە دڵیـان بەڕوەسـتی نـەدا پێیـان بڵێـت، بەڵکـو گوتیـان:

- نەخێر نەمان دیون.

مزیـڕ کـە بـە ساردی وەڵامەکـەی دراوە یەکسـەر زانـی کـە ڕاسـت  ناڵێـن و گوتـی:

- چۆن نەتـان دیـون؟ ئەوەتـە شـوونپێی کەرەکـە دیـارە و لـە مێژیـش نییـە ڕەت بوونـە.

لەقلەقەکان گوتیان:

- ڕەنگە ئەو کات ئێمە لێرە نەبووبین، یان بەشەو هاتوون نەماندیون.

پەڕەسـیلکەکانیش گزیـر و مزیڕیـان ناسـی و ویژدانیـان ڕێگـەی نـەدان کـە گوێدرێـژ و ڕێوییەکـە بـە خـوران بـدەن.

هەر کە گەیشتنە ماکەوەکە گوتیان:

- ئـەی کـەوەی خـاڵ جـوان کەرێـك، ڕێوییـەك سـواری پشـتی بـوو، نەتاندیـون؟.

ماکەوە گوتی:

- بـا.. دیومـن و نیازیـان بەهەشـتی گیانـداران بـوو. بـەڵام شـارەزا نەبـوون هاوڕێکـەی مـن بـۆ ڕێ نیشـاندان لەگەڵیـان چـوو.

مزیڕ زۆر کەیفی پێهات و گوتی:

- زۆر سوپاس کەوە جوانەکە. ئەگەر بزانیت بۆ بەهەشتی گیانداران زۆرمان ماوە؟.

کەوە گوتی:

- دیارە ئێوەش ناشارەزان؟.

مزیڕ گوتی:

- بەڵێ.

کەوەکە ئەو کات گوتی:

- کەواتە من لەگەڵتان دێم.

گزیر و مزیڕ خەنی بوون و گوتیان:

- ئەگەر ئەوەمان لەگەڵ بکەیت زۆر مەمنوون دەبین.

کەوەکە گوتی:

- کاکە مەمنوونی ناوێت. من بۆ خێری خۆم دێم.

ئەمەی گوت و خۆی هەڵدایە سەر پشتی مزیڕ.

هەر کە گەیشتنە سەر زورگی گۆرین ماکەوەکە بەهەشتی گیانداران و بوارەکەی دوور بەدوور نیشاندان.

مزیڕ ئەو کات گرتی و دوو سێ جار ماچی کرد و گوتی:

- ئەوە لە جیاتی ئەو ئەزیەتەی کە لەگەڵ ئێمەت کێشا. دەزانم ئەگەر

بـۆت بگونجێـت دەچیـت بـۆرەی قەپلان، لـە هاتنـی ئێمـە ئـاگادار دەکەیـت هـەر کەسـێکیش ئەمـە سـوخەتی بێـت پێویسـتە بـە حەقـی خـۆی بـگات.

ئەمەی گوت و دەستی بە خواردنی کرد.

گزیر زۆری لێ پاراوە تا هێندێکی دایێ.

بـۆ ئـەوەی نەبیندرێـن کـە شـەو داهـات خۆیـان گەیانـدە بڕەکـە و پەڕینـەوە و لـە گـەڕان بـە دوای سـورتکدا هـەر چاوێکیـان کـرد بـووە چـوار چـاو. زۆر بـە حەزەریـش بـوون نەکەونـە بەرچـاوی هاوڕێکانـی بـۆرە. بـۆ بەیانـی سـورتکیان لەنـاو زەندۆڵێـک دیتـەوە، خـۆی مـەلاس دابـوو. سـورتک کـە ئەوانـی بینـی ڕۆح لـە جێیەکـی قایمـە و نایەتـەدەر. لـە ترسـان دەسـت و پێـی شـکا و زمانـی گیـرا.

مزیرِ پێی گوت:

- هـەی فێڵبـاز وات دەزانـی ئەگـەر بگەیتـە ئێـرە ناتدۆزینـەوە، یاخـۆ لـە ترسـی بـۆرەی قەپـڵان ناتوانیـن بـە دوات دابێیـن.

ئیـدی بـۆ ئـەوەی زیـرە و هـاواری نەیـەت تونـد دەمیـان گـرت و بـێ سـێ و دوو سـاوارکوتی دایـان گـرت. لێیانـدا ئەمـا لێـدان کافـری حـەوت دنیـان زگـی پـێ دەسـوتا. هەتـا لەخـۆ چـوو.

گزیر ویستی گەرووی بگرێت و بیخوات. مزیرِ هەر زوو گرتی و پێیگوت:

- کوڕە چ دەکەیت ماڵوێران؟.

گزیر گوتی:

- تـازە چـی لـێ ڕەچـاو دەکرێـت؟ تاوەکـو گۆشـتەکەی لـە کیـس خۆمـان

بدەیـن.

مزیڕ گوتی:

- نا.، نا.. هێشتا جێی چاوانی تێدا ماوە.

گزیر بە توندییەوە گوتی:

- تەڕەماشی تێداماوە.

مزیڕ گوتی:

- تـۆ سـەرت تـەواو لـە دنیـا دەرناچێـت، سـورتک زۆر خۆپەرسـتە و ئـەوەی هەسـتی وەفـا و چاکەیـە لـە دڵیـدا نییـە، دوای ئـەو دکـرەی کـە پێـمان کـرد بـە هـۆش بێتـەوە بـۆی دەردەکەوێـت ئێمـە نایخۆیـن ئیـدی ئـەو تەوژمـەی بەسـە کـە نایخۆیـن، بـۆی هەیـە بـە هەمـوو توانایەکییـەوە هـەوڵ بـدات نێچیـری نـاو ئـەو دارسـتانەمان بـۆ بهێنێتـە ڕایـێ.

بێنێک کپ بوو لە دواییدا گوتی:

- ئەگەرنـا سـورتک دارێکـی هێنـدە بڵنـد نییـە تـا دوارۆژ دەسـتمان نەیگاتـێ. هـەر کاتێـك تـەواو لێـی، ئومێـد بـڕ بوویـن سـەروملی تێکدەشـکێنین.

گزیر گوتی:

- بۆ نێچیرگرتن پێویستمان بە کەس نییە.

مزیڕ گوتی:

- کاکـە ئێـرە لای خۆمـان نییـە بـە کەیـف و ماشـای خۆمـان بکەوینـە دوای نێچیـر.

گزیر بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- هەر لەبەر بۆرە!؟.

مزیڕ گوتی:

- بۆ.. بۆرەت لا کەمە؟.

شێر و پلنگی لەناوبردن ئێمە لەناو نابات؟.

گزیر ئەوکات سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- تۆ لەو بارەیەوە زۆر لە من ژیرتریت و ئەوەندەم باوەڕ بە چازانیت هەیە تا دڵنیام جۆش بە دیوار هەڵدەگێڕیت.

مزیڕ بە قسەکە کەیفی هات و سمێڵە بزە گرتی.

## شەوی یانزدەمین

سورتک کە بەهۆش هاتەوە و چاوی بەملا و بەولادا گێڕا گزیر و مزیڕی نەدیتن و هەستی خۆشی ڕاگرت چی بەر گوێ نەکەوت دڵنیابوو کە هێشتا نرخی لایان ماوە. ئەگەر نا کردبوویانە بەرکول.

شوانە حۆلە ڕۆژ تا ئێوارە لەناو گیاندارەکان بە کەیف و بەزم و شمشاڵ لێدان ڕایدەبوارد و سەردانی دەکردن. ڕۆژێک لەکاتی گەڕانیدا ناڵە ناڵێکی بەرگوێ کەوت، کە بۆ لای دەنگەکە چوو دیتی ڕێوییەك لەناو زەندۆڵێك وەك تەڕک کەوتووە و هاوار هاوار و نرکە نرکی لە دوورەوە دەبیسترا. لە دڵەوە زۆری ڕك لێدەبووەوە لەوە سەراسیمابوو کە چۆن

بـەم حاڵـە گەیشـتووەتە نـاو ئـەو زەندۆڵە و ئـەوان هەسـتیان پێ نەکـردووە.. بـەڵام لەبـەر گریـان و کڕووزانـەوەی دڵـی پـێ سـووتا و دەسـتی بـە لەشـی داهێنـا و بـۆی دەرکـەوت لاقێـک و دەندەیەکـی ورد و هـەڕا بوونـە. زۆر پێـی دڵتەنـگ بـوو.. لەسـەر دەسـتی خـۆی دانـا و بـردی لەژێـر دارێکـی گـەورە جێگـەی بـۆ خـۆش کـرد و دەسـتبەجێ قاچەکـەی گرتـەوە و قیـر و چەوتیسـی لـە پەڕاسـوەکەی نـا.

سـورتک تـا مانگێکـی ڕەبـەق پەڵبزافتـی ئەمـلا و ئـەولای پـێ نەدەکـرا. لەبـەر خاتـری بـۆرە بـزن و مـەڕەکان سـێ ژەمـە چیلکـەی گوانیـان لـە نێـو دەمـی دەنـا، ئەویـش تـا لێـی دەکشـاوە شـیری دەخـوارد. دوای مانگەکـە بـە شـەقە پێـی دەکـرا هەنـگاوان باوێـت. ڕۆژ بـە ڕۆژ دەهـات چێـتر و قەڵەوتـر دەبـوو. تـا بـەڵا و قـەڵای لـێ بـرا. لەبـەر زۆر شـیر خـواردن لـە جـاران گەلێک قەڵەوتـر بـوو. گـوێ پـەڕەی ملـی دەتگـوت کوپەلانـە. بـۆرە تـا ئـەو ڕۆژە هیچـی لـێ نەپرسـی. بـۆ ئـەوەی لـە مەسـەلەی هاتنـی وێ بکەوێـت، کـە لـە دڵـی ببـووە مـەراق پێیگـوت:

- ئێمـە بەهـۆی دڵسـافی و بەزەیـی خۆمـان تۆمـان لـە مـردن دەربـاز کـرد و تـا ئەمـڕۆ بـە باشـی خزمەتمـان کردیـت و قسـەیەکمان بـە ڕووتـدا هەڵنەهێنـاوە، بـەڵام ئێسـتا دەمانەوێـت پێـمان بڵێیـت چـۆن تاسـات کـرد پـێ بنێیتـە ئێـرە و کـێ ئـەو دەردەی پـێ کردوویـت؟.

سـورتک دوای ئـەوە کـە دڵنیابـوو گزیـر و مزیـر نایخـۆن ترسـی لێیـان نەمـا. کاتێـک خـۆی گرتـەوە هـەر وەختابـوو بـۆ گۆشـتی گیاندارەکانـی دەوروبەری سـیق و دیـق بـکات. بیسـت و چـوار سـەعات لـە خەیاڵـی دەرنەدەچـوو بـە تایبەتـی کـە لێیـان نزیـك دەبـووەوە و لـە دڵـەوە بـۆ تامـی گۆشـتەکانیان سـووقی دەبـووەوە. هەندێـک جـار وەکـو سـێوی ترشـی خواردبێـت دەمـی

پڕ ئاو دەبوو. نەیدەزانی چۆن، بە چ ڕێگایەك بەو ئاواتە بگات و لە دڵەوە دەیگوت: «دەبێ گۆشتی ناسك و تەڕ و پڕی ئەو مەڕ و بزن و مامز و کەروێشك و سیخوڕ و سمۆرانەم بە نسیب ببێت؟». بۆیە دنیای لێ وێك هاتبووەوە و خەم لە دڵی دەر نەدەچوو. تاکو ڕۆژێك پیلانێکی بۆ هات لە خەنی خۆشییان تەزوو لەسەر تەزووی گوڕاح خۆشی بە لەشی دا گوزەری کرد و لەدڵەوە گوتی: «ئا... مەگەر بەهۆی گزیرو مزیڕ بتوانم. من دەستکێشیان بۆ بکەم ئەوانیش لە پاداشت و تۆڵەدا بێبەشم نەکەن». سورتک لە سەین و بەینی خۆشی گەیشتنی ئەو ئاواتە دابوو کە بۆرەی قەپلان پرسیارەکەی لێ کرد. بۆ ئەوە دەری نەکات و لەو ناز و نیعمەتەی کە ئێستا تێیدایە بێبەش نەبێت و ئێ... هێ بەڵکی بەم ڕێگایەی گوتی دەمی بگاتە گۆشتی گیاندارەکان بە حیلە دەستی بە گریان کرد

بۆرە دڵی پێ سووتا و بە سەرسوڕمانەوە پێی گوت:

- ئەوە بۆ دەگریت سورتک؟ خۆ چ قسەی خراپم نەکرد؟.

وەڵامی نەداوە و گریانەکەی قایمتر کرد.

بۆرە هێندەی دی پێ حەپەسا و پەست بوو پێیگوت:

- ئاخر نابێ پێم بڵێیت بۆچی دەگریت؟!.

پاش تاوێك بە نزگرەوە وەڵامی داوە و گوتی:

- چیت لێ بشارمەوە لە قار و خەفەتی ئەو دەردەی بەسەرم هاتووە، کە بە پرسیارەکەت بە بیرم هاتەوە.

بۆرە بە حەیر مانەوە گوتی:

- دەردی چی؟

سورتک گوتی:

- ڕۆژێـك گەلـە گورگێـك لـە ناوچەمـان پەیـدا بـوون، گـەورە و بچووكـی نەتەوەكەمـان، بـە مـاوەی چـاو قوچێنێـك پـەل پەلیـان كـردن. منیـش لـە پەنـاوە بـە زەقـی چـاوان سـەیرم دەكـردن، نـەك هـەر نەمدەوێـرا سـەر بڵنـد بكـەم، بەڵكـو نەدەوێـرام هەناسـەش بـە قاییـم بخۆمـەوە.

بـۆرە كـە ئەمـەی لـێ بیسـت بەسـەرهاتی خـۆی هاتـەوە یـاد و ڕەنگـی پـەڕی و ئـاگای لـە سـورتک نەمـا و دوای دەردانـی ئارەقەیەكـی زۆر ئەوجـا بـە ئـاگا هاتـەوە.

سـورتک هەسـتی پـێ كـرد و لـە دڵـەوە زۆری هەوەسـت پـێ هـات، كـە قسـەكانی كاری تـێ كـرد، ڕەنگـە ببێتـە هـۆی مانـەوەی. بـۆ ئـەوەی زیاتـر كاری لـێ بـكات بـە ڕشـتنی فرمێسـكێكی زۆر و ئـاخ هەڵكێشـانێكی درێژەوە بـەردەوام بـوو، گوتـی:

لـەو ڕۆژەی كـە ئـەو نەگبەتییـەم بـە چـاوی خـۆم دیـت بـۆم ڕوون بـووەوە دڕنـدە و وەحشـێكە ئـەوەی پێیدەگوترێـت بەزەیـی و زگسـووتان لـە دڵیـدا نییـە و لـە زوڵـم و زۆرداری و خوێنڕێـژی بـەولاوە چیـتر نازانێـت. بۆیـە بڕیارمـدا وەك جەنابـت بـە یەكجـاری واز لـە دڕندایەتـی بهێنـم و تـا مـاوم گۆشـت نەچێتـە سـەر زارم. چاویشـم بەرایـی نـەدا بـە ڕەبەنـی و تاقـی تەنیا لـە ناوچەكـەم بمێنێمـەوە، ناچـار سـەرم بـۆ لای ئێـوە هەڵگـرت. تـا ئـەو دوو سـێ ڕۆژەی ژیانـم مـاوە، بـە بـێ تـرس لـە ژێـر سـێبەری جەنابتـان بەسـەر بـەرم. هـەر كـە گەیشـتمە ئێـرە زۆرم برسـی بـوو چـاوم بـە دار هەنارێـك كـەوت یـەك دوو هەنـاری پێـوە بـوو، منیـش چوومـە سـەر دارەكـە و ویسـتم

دەسـت بـۆ هەنارێـك درێـژ بکـەم هـەر هێنـدەم زانی تەپـەم هـات و کەوتمە نـاو زەندۆڵێکـەوە.. ئیـدی ئـاگام لـە خـۆم بـڕا تـا جەنابـت بـە هانـام هـات.

بـۆرە تـەواو بـاوەڕی بـە قسـەکانی هـات و بـە تۆبەکردنەکـەی کەیـف خـۆش بـوو، بۆیـە لەگـەڵ ماچکردنـی ئەمـلاو ئـەولای گوتـی:

- ئەگەر ڕاست بکەیت ئێمە شانازیت پێوە دەکەین.

سورتک کە ئەمەی لێ بەرگوێ کەوت خەنی بوو. بە تەوازووەوە گوتی:

- قوربـان نـەك هەنووکـە، لەوەتـی هـەم درۆ بەسـەر زاری بچووکـی خۆتـدا نەهاتـووە.

بۆرە گوتی:

- مامـە ڕێـوی مـن بـە گچکەیـی تۆبـەم کـردووە، بۆیـە توانیـم نەیشـکێنم و خـۆ ڕابگـرم، بـەڵام تـۆ بـە پیـری نیازتـە زۆر زەحمەتـە بتوانیـت خۆڕابگریـت.

سورتک گوتی:

- گـەورەم ئەگـەر بـە ئاسـتەم لـەم بارەیـەوە خوارییەکـت لـە بەنـدەی خـۆت دیـت خوێنـم حـەلاڵ بێـت چـم لێدەکەیـت ملـم لـە موویـەك باریکـترە.

بۆرە گوتی:

- زۆر باشە.

لـەو ڕۆژەوە سـورتکیش بـووە ئەندامێکـی گیاندارانـی نـاو بەهەشـتی گیانـداران.

## شەوی دوانزدەمین

چەنـد ڕۆژێکـە مانگـی نـەورۆز داهاتـووە و کانگـەی بەهـار و چرگەڵانەکـە خـۆی بـە تـارای سـەوز و گوڵێکـی ڕەنگاوڕەنگـی هەمەچەشـنی جـاران ئارایشـداوە و هـەر زینەتـە بـۆی بڕوانـی و یـاری لـە نـاو بکەیـت. ڕۆژ نییـە گەشـت و سـەیرانی گیانـدارەکان بـە خۆیـەوە نەبینێـت.

چەنـد مـەڕ و بـزن و مامـز و کەروێشـك و سـیخوڕ شـاییيان دامەزرانـدووە ئەمـما شـایی.

حوتە و زیتە و خرتە و قیتە و چرتە سەرچۆپییان گرتووە..

بـۆرەی قەپـڵان لـەو پـەڕی خۆشـی و کامەرانـی دابـوو. لای وابـوو بە هەشـتی گیانـداران سـەراپا بووەتـە موڵکـی و بـە شمشـاڵ شـاییيەکەی دەگێڕا.

گیانـدارەکان تـا شـل و کـۆت بـوون و ئارەقەیـان دەردا هەڵپەڕیـن. کـە لـێ بوونـەوە میـرەکان ڕوویـان لـە بـۆرە کـرد و گوتیـان:

- دەم خـۆش، دەم خـۆش بـە ڕاسـتی ئـاوازی وا خـۆش دڵـی دڵ مردووانیـش دێنێتـە جـۆش.

بۆرە زۆری هەوەست پێ هات.

گزیـر و مزیـڕ تـا ئـەو ڕۆژە دەچوونـە ئـەو بـەر و ڕاوی خۆیـان دەکـرد و دەهاتنـەوە، بـەڵام لەبـەر بـۆرە هەرچەنـد هەوڵیـان دەدا زەفەریـان بـە گیانـدارەکان نەدەبـرد. لـەو کاتـەدا خۆیـان لـە پەنـا داران مـات کردبـوو کـە چاویـان بـە گیانـدارەکان کـەوت لـە سـەیران و زەماوەنـد دابـوون مزیـڕ گوتـی:

ـ پەح.. پەح لەو بزن و مەڕانە ! خوا عالیمە گۆشتیان لە تەڕ و ناسکیدا بە لێوان دەخوڕێت.

گزیر گوتی:

ـ با لە پەناوە بچین خۆیان تێ ڕووبکەین.

مزیڕ گوتی:

ـ بۆرەت نەدیتووە لە لایان وەستاوە؟ هەنکی چەترە فیلێکە.

گزیر گوتی:

- ئەی تەگبیر؟.

مزیڕ گوتی:

ـ هەرچەندی بیر لێ دەکەمەوە هیچ ڕێگایەکم بە خەیاڵ دانایەت و نایەت.

مزیڕ هەر بۆ گیاندارەکانی دەڕوانی کاتێك چاوی بە سورتک کەوت، کە تا ئەو ڕۆژە نەیاندەزانی چی بەسەر هاتووە. بە شادییەوە ڕووی لە گزیر کرد و گوتی:

ـ گزیر، گزیر ئەوە خۆ سورتکیشیان لەگەڵدایە..

گزیر بە دیقەت ڕووانی گوتی:

ـ خۆ ڕاست دەکەیت. بڕۆنێ چەند قەڵەو بووە !. گوێ پەڕەی ملی دوو هێندەی جاران ئەستوور بووە.

لەو کاتەدا واقیان وڕما کە دیتیان وا سورتک مەڕێك دەمژێت.

مزیــڕ بــە دیتنــی ســورتک زۆر کەیــف خــۆش بــوو، مســۆگەری کــرد کــە بەهــۆی ئــەو دەســتی لــە گیانــدارەکان گیــر دەبێــت، بۆیــە بــە شــادییەوە گوتــی:

ـ گزیر لە خۆمان خەنی خوا بۆمانی دا.

گزیر نەیدەزانی مەبەستی چییە گوتی:

ـ خوا چی دا؟.

مزیڕ گوتی:

ـ بۆ نازانیت بەهۆی سورتکەوە دەتوانین بە مراز بگەین.

گزیر قەشمەری پێ هات گوتی:

ـ ترِحێــو.. خەیاڵــت بــڵاوە کاکــە. بــە تەمــای ســورتک بیــن کەشــمان لــێ دەبێتــە فەریــک.

مزیڕ گوتی:

ـ بادەستمان لێ گیر ببێت ئەوجا دەزانیت کە تەواو لە دنیا ناگەیت.

گزیر دیسان فشەی پێ هات و گوتی:

- بە خوا ئەوجارە بۆچوونەکەتم عەقڵ ناگرێت.

مزیڕ گوتی:

ـ نەمریــن دەبینیــن. بــەس هەرچەنــد بیــر دەکەمــەوە و لێــك دەدەمــەوە لەبــەر بــۆرە ناوێــرم پەیوەنــدی پــێ بکــەم.

لەدواییدا بڕیاریدا و گوتی:

ـ بە شەو نەبێت ناکرێت.

گزیر پێکەنینی پێ هات و گوتی:

ـ سـورتکێک ئەوهـا تیـر شـیری مـەڕ بێـت پێـم ناڵێیـت چـۆن، بـە چ عەقڵێـك دەستکێشـیت بۆ دەکات.

مزیڕ گوتی:

ـ هەروەکو پێمگوتی تۆ زۆر بیر تیژ نیت و زاخی سورتك باش ناناسیت.

ئـەوان لـەو قسـانە دابـوون کاتێـك دیتیـان سـورتک وا بـە ڕووگەشـییەوە بـۆ لایـان دێـت.

مزیڕ یەکسەر لە هۆی هاتنی گەیشت و لە خۆشییان شاگەشکە بوو.

بە گزیری گوت:

ـ نەمگوت تۆ لەدنیا ناگەیت.

گزیر وەڵامی پێ نەدراوە.

هـەر دووکیـان بـە شـادییەوە، بـە پیرییـەوە چـوون. مزیـڕ جـارێ چـی نەکـرد دوو سـێ جـار ئەمـلا و ئـەولای مـاچ کـرد و بەخێرهاتنێکـی گـەرم و گـوڕی کـرد و جـا پێیگـوت:

ـ کاکـە سـورتک ئێمـە کردمـان ئەتـۆ نەیکەیـت!، غەدرێکـی زۆر گەورەمـان لێکردیـت. جـا تکایـە وەکـی برایەکـی بـاش ئـەو جـۆرە دڵگیـر نەبیـت لێمان ببووریـت و چ لەبـەر دڵـی خـۆت نەهێڵیـت.

دوو جاری دیکەی ماچ کردەوە و بۆ ئەوەی لێی بە ئاوات بگەن گوتی:

ـ شـەرت بێـت لەمەوپـاش بـە هیـچ جۆرێـک دڵـت نەیەشـێنین و هـەر نێچیرێکـمان دەسـتگیر بـوو بـێ بەشـت نەکەیـن.

ئەوجا گزیر ماچی کرد.

سـورتک کـە ئـەم قسـانەی بیسـت ئـەوەی تـرس بـوو لێیانـی نەمـا و لـە خەنـی خۆشـیان دەمـی بـەش بـووەوە و زانـی بەهـۆی ئـەوان بـە ئاواتـە کـە دەگات. بـە زەردەخەنـەوە وەڵامـی داوە و گوتـی:

ـ کاکـە دڵگیـری چـی؟ چـما دڵگیـری لـە نێـوان کاک و برایانـدا هەیـە؟. چـی ئەوتۆشـتان نەکـردووە. ئەگـەر مـن لای جەنابتـان خۆشەویسـت نەبوومایـە وەکـو ڕێوییەکانـی دی پـەل پەلتـان دەکـردم.

گورگەکان دیسان ماچیان کردەوە و مزیڕ بە زەردەخەنەوە گوتی:

ـ ئافەریـن، بـە ڕاسـتی عاقـڵ و تێگەیشـتوویت!، ئـەرێ بەخـوا ئەگـەر تـۆ لامـان خۆشەویسـت نەبووایـەت هەنووکـە ئێسقانیشـت نەمـا بـوو.

جـا هـەر سـێکیان کەوتنـە بیرکردنـەوە و مشـوور خـواردن کـە چـۆن لـەو گیاندارانـە بـە مـراز بگـەن. بەبـێ ئـەوەی بـۆرە هەسـتیان پـێ بـکات.

سورتک هەر ئەو دەم پیلانێکی زیرەکانەی دانا و جا گوتی:

ـ وا پێتـان دەڵێـم: هـەر جـارێ کـە نێچیرێکتـان گـرت یەکسـەر بیخنکێنـن و بـێ خـۆ گنخانـدن: (خافڵانـدن) بیبەنـە ئـەو بـەر ڕووبارەکـە و خۆتـان حەشـاردەن تـا بـۆرە و هاوڕێکانـی کـون و قوژبـن و پەنـاو پەسـارگان تـەواو دەگەڕێـن و ئومێـد بـڕ دەبـن ئەوجـا بگەڕێنـەوە.

گورگەکان لە خۆشی تەگبیرەکە ئامێزیان تێوەڕاند (ئالآند) و گوتیان:

- بەڕاستی دانایت!.

سورتک گوتی:

- بەڵام هەر لە ئێستاوە پێتان دەڵێم: هەر جارێ نابێ بێ بەشم بکەن، ها...؟.

گورگەکان بە زەردەخەنەوە گوتیان:

- ئەوە قسەیە..، چۆن بێ بەشت دەکەین.

سورتک کە دڵنیا بوو چی بڵێت بە گوێی دەکەن گوتی:

- ئاخر نەختێك جەرگ و نەرمە ڕانیشی لەگەڵدا بێت.

مزیڕ بە بزەوە گوتی:

- خەمت نەبێت گوتم لەمەودوا بێ دڵیت ناکەین.

گزیر گوتی:

- بەشی کاکی خۆمان نەدەین ئەدی بەشی کێ دەدەین. بەڵام نەکەی دوای تێربوونت لە خۆبایی ببیت و وەکو جاری گۆڕین لە ژێر فەرمانمان دەرچیت.

سورتک بە خۆ دانوشتاندنەوە گوتی:

- فەرمانتان لەسەر سەرم، تا ماوم کڕنووش بەرم.

## شەوی سیانزەمین

ڕۆژی دووەم کـە گیانـدارەکان هاتنـەوە بـۆ سـەیران سـورتک بـۆ ئـەوەی بـە ئـاوات بـگات پێـی گوتـن:

- ئازیـزان پێویسـتە لـە هەوەڵـەوە پشـتی یەکـتر بگریـن چەنـد جـار بـە مقـام و بەسـتەگوتن بسـوورێین، نـەک هـەر لـە جێگایـەك بووەسـتین، جـا پاشـان شـایی دامەزرێنیـن.

گیاندارەکان لێکڕا تەگبیرەکەیان پەسندکرد.

سـورتك بـۆ ئـەوەی شـکی نەکـەن وەکـو ڕابەرێـك لـە پێشـەوە دەسـووڕا و ئەمـەی بـە دەنـگ دەگـوت و ئەوانـی دیکـە شریتەیـان بەدوایـدا کـرد و بۆشـیان دەگێـڕاوە:

- ئازیزەکان دەی سوڕسوڕ

یاڵلا سوڕ بخۆن بەگوڕ

یاڵلا گشت بە یەکەوە

سوڕ بخۆن بۆ پێشەوە

کۆڵنادەین لەم یارییە

بۆ ئێمە سەربەرزییە.

بەئەنقەسـت لـە سـوڕاندا خـۆی لەو دارانـە نزیک خسـتەوە کـە گورگەکانیان لـە پەنـا بـوو. گورگـەکان ئـەوکات بـە دزییـەوە، بـێ ئـەوەی بیانبینـن لـە پەنـا دارەکان هاتنـە دەرەوە و توونـد دەمـی ئـەو بزنەیـان گـرت، کـە لـە

دواوەی هەمــووان بــوو، قیرەبڕیــان کــرد و بــە هێمنــی ڕاکێشــیان کــرد.

سورتکیش لەسەر گوتن و سووران بەردەوام بوو:

- ئازیزەکان دەی سوڕ، سوڕ

یاڵلا سوڕ بخۆن بەگوڕ

هەر کەسێك باش سوڕ بخوا

هیچ نەچێت بەملا و بەولا

ڕیزگرتنی پێویستە

لای گشتمان خۆشەویستە

کـە لـێ بوونـەوە سـەیریان کـرد بزنـە گـۆردی پـۆش دیـار نییـە، لـە هەوەڵەوە تەنیــا ســورتك نەبێــت ســمێڵە خیچکــەی هاتــێ، وای بــۆ چــوون کــە بــۆ لــەوەڕ چــووە. کــە بەدوایــدا گــەڕان و نەیاندۆزییــەوە تێکــڕا شــپرزان. بــە تایبەتـی شـوانە حۆڵـە ئەوەنـدە پـێ تێکچـوو نەبێتـەوە. یەکسـەر فەرمانـی دا و گوتــی:

- وادیـارە دڕنـدە پەیـدا بووەتـەوە یاڵـلا هەرچـی پەنـا و پەسـارگانی ئـەو دوڕگۆکەیــە بگەڕێــن.

ئــەو ڕۆژە تــا ئێــوارە گــەڕان و ســووڕان، بــە تایبەتــی ســورتک داکەســانی نەبــوو، هیچیــان بــەدی نەکــرد و نائومێــدی دەســتی بەســەرداگرتن.

کـە شـەو تاریـک داهـات سـورتک بـە پەنـادزە خـۆی گەیانـدە لای بوارەکـە و

(١) چاک = شەخس

زۆری نەبرد گزیر و مزیر پەیدا بوون و گۆشتێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان بۆ هێنا بوو، بە ڕێزەوە لە پێشیان دانا و مزیر لەگەڵ خۆنووشتاندنەوە گوتی:

- فەرموو بەشی خۆت نۆش بکە براگیان.

سورتک کە چاوی بە پارچە جەرگ و نەرمەڕان کەوت لە خۆشیان هەر وەختا بوو باڵ بگرێت. تا هەنگڵی ئێشا خواردی و زۆریشی لەبەر ماوە.

ڕۆژی سێیەم بە شێوەی جاران سورتک لە پێشەوەو ئەوانی دیکە لە دواوە پشتی یەکتریان گرت و لەگەڵ سووڕاندا ئەمەیان دەگوت:

- ((داپیرە ڕەقە بە تەقە تەقە))

زوڵمی زۆردار زۆر ناحەقە

زوڵمی ئاوا هەڵناگری خوا

ختوخۆڕا بزنێک بڕوا

((کیسە و کەمەر یا پێغەمبەر))

بەرەو قیبلە دەستە و نەزەر

گورگەکان بەشێوەی جاران مەڕێکیان دزی و ئەوانیش بێ ئاگا هەر دەسووڕان.

بە سووجدەوە هاوار دەکەین

نانو پیاز بۆ چاکان[1] دەبەین

ڕۆژێک دابی دز ئاشکرابی

لە جیهاندا زوو ڕیسوابی

کـە لـێ بوونـەوە ویسـتیان شـایی دامەزرێنـن خرتـە میـری مـەڕان بـە دەنگی بــەرزەوە گوتی:

- ئەی قوڕ و هەش بەسەرم

بۆ بەربواردە سەرم!

گیاندارەکان گشت واقیان وڕما و گوتیان:

- دیارە دوڕگۆکە دڕندەی تێدا ماوە.

دیسـان چ جێـگا نەمـا نەگەڕێـن و دوڕگۆکەیـان، دوو جـار، سـێ جـار سـەراو بـن کـرد.

بـۆرە بـە مردنـی خـۆی دەهاتـە بـەرێ، نـەك بـەم حاڵـە. ئـەو شـەوە لـە خەفەتـان خـەو نەچـووە چـاوی و هـەر لـە بینـە و بگـرە و سـەین بەینـی بیرکردنــەوە دابــوو. تاکــو بیرێکــی بــۆ هــات و لێــی مســۆگەر بــوو کــە دەتوانێــت بەرپەرچــی بداتــەوە و نەیەڵێــت جارێکــی دی ڕووبــدات.

ڕۆژی چــوارەم هاتنــەوە، بــەڵام ئەمجــارە شــتاقیان خولقــی ســەیرانیان نەمابــوو. شــوانە حۆڵــە ئــەو کات هەســتی پێکــرد و گوتــی:

- ئازیـزەکان خـەم مەخـۆن، تائێسـتا سـووچی کەمتەرخەمـی مـن بـووە، بـڕوا بکـەن لەمـەودوا هەرگیـز ناهێڵـم هیـچ ڕووبـدات.

جـا ڕووی لـەو دارانـە کـرد کـە لـە کاتـی سـووراندا بـە نزیکـی دادەچـوون

و گوتـی:

- جارێـك غـەدرت لـێ کـردم خـوا بتگرێـت، دووەم جـار غـەدرت لێکـردم خـوا بمگرێـت

کـە دەسـتیان بـە سـووڕان کرد بـۆرە لـە دوای هەمووانـەوە کلکـی گۆپاڵەکەی گـرت و زۆر بەدیقـەت لـەلای دارەکان ڕادەمـا و ئەوانـی پێشـەوەش لەگـەڵ سـورتک ئەمەیـان دەگـوت:

- ((حوو حایێ بولبولی))

دوژمن تۆ عولعولی

(( چاوت ڕشت بە کلی

کل نەبوو تۆتیا بوو

لەبن بەردت نابوو))

بۆ شوانت دانا بوو

شوان گەلێ ئازایە

زۆرزان و دانایە

گۆچانی لەلایە

هەر چاوێکی چوار چاوە

بۆ دوژمن وەستاوە

ورەی بەرنەداوە

لەم کارە کارزانە

ئەمەش پیشەی شوانە

کـە لـێ بوونـەوە و چـی ڕووی نـەدا، بۆیـان ئاشـکرا بـوو هەرچـی هەیـە لـە پەنـا دارەکانەوەیـە. بـۆرە ئـەو کات ڕووی لـە دارەکان کـردەوە و گوتـی:

- بەخوا هەر ئەو هەوارە

بەڵام بەبێ بەهارە.

ئەو جا دەستی بە شمشاڵ لێدان کرد و تا شەکەت بوون هەڵپەڕین.

سـورتك کـە ڕیسـەکەی لـێ بـووەوە خـوری زۆر خەفەتخـان بـوو. هەرچەنـد سـەری دەهێنـا و دەبـرد و لەدڵـەوە لێکـی دەداوە نەیدەزانـی ئـەو جـارە چ پیلانێـك دابنێـت. گزیـر و مزیرپـیش هـەر ئـاوا چ ڕێگایەکـی دیکەیـان بـە خەیاڵـدا نەهـات.

## شەوی چواردەمین

ڕۆژی پێنجـەم هاتنـەوە ئەمەیـان دەگـوت و بـۆرەش دەسـت بـە گۆچانـەوە لـە دواوە بـوو:

- ئێمە گشتمان دڵپاکین

لە یاریدا چالاکین

لە ئاست دوژمن بێ باکین

دەمانبینن چۆن یەکین

پڕ بە زار هاوار دەکەین

پشتی حۆلە بەرنادەین

لەم گەمەدا زۆر ڕشتین

بۆ سەرۆکمان پاڵپشتین

بە هیچ هێزێ نابەزین

نابەزین و نابەزین

ئەوجا پێچە شایییەکی گەرمیان گێڕا.

سورتک نەیدەزانی چۆن شایییەکەی تەواو کرد و ئەوەی ڕووناکی بوو لە دڵیدا نەبوو. لای وابوو لە ژوورێکی تەنگەنەفەس دایە و هەناسەی تەواو پێ نادرێت. لە دەستی بووایە بۆرەی تیکە بە تیکە دەکرد. هەرچەند بیری دەکردەوە هیچ پیلانێکی ئەوتۆی بۆ نەدەهات کە سەر لە نوێ گیاندارەکان هەڵفریوێنێت. ئەوەی بۆشی دەهات ترسی بۆرە لێی هەڵدەوەشاندەوە. ئەو لەو داڵغە و مشوورخواردنە دابوو لە ناکاودا دەنگێکی زۆر، زۆر گەورە و بەسام لە بەری خۆرهەڵاتی ڕووبارەکەوە هات. گیاندارەکان چ جار دەنگی ئەوها زل و بەسامیان نەبیستبوو. بۆیە تێکڕا دڵیان پێ لەرزی و پێ حەپەسان، تا ماوەیەك بێ ورتە و بە ڕەنگپەڕین بۆ یەکدیان ڕوانی و ئەوجا گوتیان:

- حەکوو.. ئەو دەنگە چ بوو؟!.

تەنیا سورتک نەبێت زۆر پێی کەیف خۆش بوو. دوای دەنگەکە هەر زوو بیرێکی بۆ هات و ئارەزووی شادی و ئومێد بەناو هەموو دەمارەکانی

لەشـی گـەڕا. لـە گەشـی و خولـق خۆشـی ڕووی پێـوەی دیاربـوو. یـەک پـێ بڵنـد بـوو بـە نـاوی مـل و مۆکـردن بـۆ لای گورگـەکان چـوو. زانـی نیازیـان وایـە لـە بڕەکـە بپەڕنـەوە گەیشـتە لایـان، بـۆ مەبەسـتی پەڕینەوەکەشـیان چـوو، بۆیـە گوتـی:

ـ دیارە نیازتان وایە بچنە ئەوبەر؟.

مزیڕ گوتی:

ـ بەخـۆت دەزانـی دوو ڕۆژە چـمان بـەردەم نەکەوتـووە ئـەو دەنگـی نێرەکەرێـک لەوبـەر دێـت گۆشـتەکەی بەشـی دوو سـێ ڕۆژمـان دەکات. تـا ئـەو کاتـە ڕێگایەکـی دی هـەر دەدۆزینـەوە پشـتی بـۆرەی پـێ بشـکێنین.

سورتک هەرزوو وەڵامی داوە و گوتی:

ـ چ دەکـەن مـاڵ وێرانینـە مـن بۆیـە هاتـووم، کـە پێتـان بڵێـم ئێمـە دەتوانین بەهـۆی ئـەو کـەرەوە بـە ئاواتەکەمـان بگەین.

گزیرو مزیڕ دەم و دەست شادی کەوتە دڵیان و گوتیان:

ـ چۆن؟

سورتک ئەو پیلانەی کە لە دڵەوە دایںابوو بەسەر و بەری تێی گەیاندن.

گورگـەکان هـەر کـە بیسـتیان لـە مێشـکیان چەسـپا و لـە خەنـی خۆشـیان سـورتکیان بڵنـد کـرد و دەمێـک لەسـەر دەسـتان گێڕایـان و پڕ بـە دڵ گوتیان:

- هەر بژی سورتکی ئاقڵ و دانا.

سـورتک گـەڕاوە و گورگـەکان پەڕینـەوە. دێزەکـە چـاوی بـە گزیـر و مزیـڕ

کـەوت لـە ترسـانا چـۆك «ئەژنـۆ»ی شـکا و زمانـی گیـرا.

گورگــەکان هەســتیان پێکردبــوو زۆریــان لێدەترسـێت، بۆیــە مزیــڕ ڕووی قســەی تێکــرد و گوتــی:

- کاکـە دێـزە لێـمان مەترسـە و دڵنیابـە ئێمـە نەهاتوویـن بتخۆیـن، یـان ئـازارت بدەیـن.

دێــزە ئەگەرچــی تۆزێــك ترســەکەی هێــور بــووەوە، بــەڵام لەبــەر ئــەوە بــاوەڕی بــە قســەکە نەبــوو، لــە توانایــدا نەبــوو وەڕام بداتــەوە.

مزیڕ گوتی:

- بەڵکو هاتووین دۆستایەتیت لەگەڵ پەیدا بکەین.

دێـزە کـە ئەمـەی گـوێ لێبـوو شـنگی تـەواو هاتەوەبـەر و بـە دڵـە مەلـەرزە و جـاوە جـاو گوتـی:

- لـە گەورەیـی خۆتانـە، ئەگەرنـا یەکێکـی وەك منـی بـێ دەسـەڵات خـۆی هەیـە تـا ئێـوە دۆسـتایەتی لەگـەڵ پەیـدا بکـەن.

مزیڕ گوتی:

- تا ئێمە مابین نایەڵین هیچ دڕندەیەك تخوونت بکەوێت.

ئەوجا دڵنیا بوو کە چی لێ ناکەن بە مەیل و زەردەخەنەوە گوتی:

- زۆر سوپاستان دەکەم و من تا ماوم لە چاکەتان دەرناچم.

مزیڕ گوتی:

- بەس دەبێ تۆش چیمان گوت لە قسەمان دەرنەچیت.

دێزە بە شادییەوە گوتی:

- چی فەرمانتانە لەسەرچاوم و بەندە لە خزمەتتان وەستاوە.

مزیڕ بە زەردەخەنەوە گوتی:

- کەواتـە هـەر ئێسـتا سێ چـوار جـار لـە سـەریەک بـە قایـم بـزەڕە. هـەر کـە دێـزە ئەمـەی بیسـت لـە خۆشـیان شـتاق لنگـی عـەردی نەدەگـرت کـە تـا ئـەو کاتـە ئەوەنـدە قەڵـەو بـوو بـوو نـەک دێـزە دەغەڵەکـەی جـاران. پشـت لـووس گوێـزت لەسـەر پشـتی بشـکاندبووایە، ملـی بـە نـۆ تـەوران نەدەبـڕاوە، بەوپـەڕی شـادییەوە تـا دەنگـی تێدابـوو سێ چـوار جـار زەڕی.

گیانـدارەکان هــەر بــە جارێــك تۆقیــن و هەراسـانیان لــێ هەڵگیــرا. دوو بــەش بــەوە پسـابوون نەیاندەزانــی: دەنگــی عیفریتــە، دێــوە قژنــە ســەرە «جنۆکە»یــە، فریشــتەیە، دەعبایــە، چییــە.

سـورتک بـە ئەنقەسـت دڵـی لـە خـۆ چوانـد و لەسـەر ڕا تـەپ کـەوت. هەنووکـە نەمـردووە سـەد ساڵە مـردووە.

بەهـۆی لەخۆچوونـی سـورتکەوە تـرس هێنـدەی دی بەسـەر گیاندارەکانـدا زاڵ بـوو.

شـوانەحۆلە لەسـەر خەمـی حاڵـی خـۆی و هاوڕێکانـی خەمـی سـورتکیش هاتـە پـاڵ. چـوو لای و ئـاوی بـەدەم و چاویـدا پرژانـد و چـاوی هەڵێنـا و دوای دەمێـک بـەڕوو لـە بـۆرە کـردن زاری پچڕانـد و گوتـی:

ـ کاکە بۆرە ئەوجا چ بکەین، چۆن گیانی خۆمان دەرباز بکەین؟.

بـۆرە وەختـا بـوو بڵێـت: «منیـش وەك تـۆ» بـەڵام نەبـادا ببێتـە هـۆی نەتـرە

بەردانـی هاوڕێکانـی گێـڕاوە و بـەم جـۆرە وەڕامـی داوە و گوتـی:

ـ کاکـە سـورتک هیـچ پێویسـت بـە تـرس نـاکات. ئێمـە تائێسـتا نازانیـن خاوەنـی ئـەو دەنگـە چییـە. ئیشـاڵڵا بەزووتریـن کات وێ دەکەویـن. ئەگـەر هـات و دڕنـدە بـوو ئـەو کات خـوا یـار بێـت ئێمـەش بەهـۆی یەکێتیـمان دەتوانیـن پیلانـی خۆپاراسـتن دابنێیـن.

سورتک بۆ ئەوەی زیاتر ترسیان وەبەربنێت لەگەڵ ئاخێکی درێژ گوتی:

ـ خاوەنـی ئـەو دەنگـە گەورەیـە کـە هەنـاوی پسـاندم دڕنـدە نەبێـت ئـەدی چـی دڕندەیـە؟. ئـەوە دەنگـی ئەوهایـە خوایـە دەبـێ لەشـی چـۆن بێـت؟. خـودا عالیمـە دڕندەیەکـی ئەوەنـدە گـەورە و زەبەلاحـە دووانـی وەکـو مـن بەیـەك کـەڕەت لـرف دەکات.

بۆرە گوتی:

- بـا دڕندەیەکـی زەبەلاحیـش بێـت پێویسـتە لەسـەرمان تـا وێ دەکەویـن و پیلانـی خۆپاراسـتن دادەنێیـن ئـارام بگریـن.

سـورتک نەبـادا سـڕەکەی ئاشـکرا بێـت نەیتوانـی لـەو بارەیـەوە چیـدی بدوێـت.

## شەوی پانزدەمین

ئـەو ڕۆژە بـۆرە و هاوڕێکانـی گشـتیان بـە شـپرزەبییەوە کەوتنـە دەریـای مشـوور خـواردن و تاوتوێـی ناسـینی خاوەنـی دەنگەکـە. تـا دنیـا شرکـە «تۆزێـك تاریـك» بـوو. دیسـان دەنگەکەیـان بیسـتەوە. جارێك، دووان، سێیان

هێشتا چوارەم تەواو نەبوو بوو لە هیکەوە گزیر و مزیڕ بە لەشی تەڕەوە، کە ئاو لە هەموو گیانیان دەهاتە خوارەوە، بە هەشتاوی لە بەردەم بۆرە پەیدا بوون و بە لەرزینەوە کڕنووشیان برد و پێش ئەوەی سەر بەرز بکەنەوە مزیڕ گوتی:

- گەورەم لە مەملەکەتی خۆمان سەرمان هەڵگرتووە و هاوارمان بۆ بەر قاپی جەنابتان هێناوە کە گیانمان بپارێزیت. ئەوجا خۆت و غیرەتت.

بۆرە کە چاوی پێیان کەوت یەکسەر وای بۆچوو لەبەر خاوەنی دەنگەکە هەڵاتوونە، بەڵام ئەوانیش دڕندەنە، لە قاران چاوی چووە پشتی سەری و ویستی یەک و پێڵەقەی حەیلیان لێبدات، جا خەجە ڕۆیان لەسەر بکەن و بیان تۆپێنن، بەڵام لە دواییدا هاتە یادی - ڕەنگە بەهۆی ئەوانەوە خاوەن دەنگەکە بناسین و ئەوجا لەناویان بەرن شەیتانی بە لەعنەت کرد و پێی گوتن:

- دیارە ئێوە بوون مەڕ و بزنێکتان لێ خواردین؟.

مزیڕ لەگەڵ سەربەرز کردنەوە گوتی:

- گەورەم خوا دەزانێت یەکەم جارە پێمان بە ئێرە دەکەوێت و لەشی تەڕیشمان شاهیدە کە تازە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.

بۆرە باوەڕی پێیان هات و زۆر مەراقی بوو خاوەن دەنگەکە بناسێت، بەڵام نەیدەویست یەکەم جار لێیان بپرسێت نەبادا وا هەست بکەن کە زۆری لێ دەترسێت، بەڵکو لە هەوڵەوە گوتی:

- وا پێ دەچێت لە ترسی خاوەن ئەو دەنگە گەورەیە پەناتان بۆ ئێمە هێنابێت؟.

مزیڕ گوتی:

- بەڵێ قوربان.

- بۆرە گوتی:

- باشە پێمان ناڵێن خاوەنی دەنگەکە چییە؟.

مزیڕگوتی:

- لەبێ خەبەران کەشکەك سەڵاوات. دنیای وا کوێر کردەوە ئەوجا جەنابتان هێشتا نازانن چییە؟.

بۆرە بێ ئەوەی خۆی لە گۆرە ببات گوتی:

- نە بەخوا نازانین. ئەمڕۆ نەبێت دەنگەکەشمان گوێ لێ نەبووە.

مزیڕ دەمێک خۆی بێ دەنگ کرد.

بۆرە خۆی پێ نەگیراو گوتی:

- ها.. وەڵامت نەدامەوە؟.

مزیڕ گوتی:

- چی لە جەنابتان بشارمەوە: «شانەفرەجا»ی پێ دەڵێن. شانەفرەجا شانەفرەجاییێکە بۆ خۆی. سەری لە تاقی ئاسمانە و کەلـلەی سەری هەنگی لنگەدەستارێك پانە و دەمی منی بە ساخی پێوە دەچێت، ددانەکانی وەك شەلفەی بەرازانە. وێرای ئەوانەش هەر چوار پەلی ئاسنن.

بۆرە ماوەیەک پێ تاساو قسەی بۆ نەهات و لە دواییدا بە حەپەساوییەوە

گوتی:

- هەر ئاسنی ئاسن؟!.

مزیڕ گوتی:

- قاتـی درۆ لـە ڕووی جەنابتـان ناکـەم. دەتوانـن بچـن بیبینـن. بـەڵام کـێ دەتوانیـت هەنـگاوی بـۆ لا باوێـت.

بۆرە گوتی:

- ئـەوە یەکـەم جـارە گـوێ بیسـت ببـم کـە گیانلەبـەرێ وا هەیـە دەسـت و پێـی ئاسـن بـن..

لـە دڵـەوە گوتـی: «کـە ئـەو جـۆرە دەعبـا عاجباتییـە بێـت مـن لـە ڕاسـتی چیـم پـێ دەکرێـت؟، تـا پەناتـان بـدەم». بـەڵام لەبـەر دۆسـتەکانی نەوێـرام نـاوی بدرکێنـم.

گیاندارەکان بە جارێك نەترەیان بەردا و لەرز کەوتە هەناویانەوە.

بـۆرە هەرچـی تـرس و خەفەتـی دنیـا بـوو گەماڕۆیـان دا، بـەڵام دانـی بـە خـۆدا گـرت. تاوێـك متەقـی لێـوە نەهـات. لـە دواییـدا هەڵیدایـە و گوتـی:

- باشە ئەو شانەفرەجایە نیازی چییە؟!.

مزیڕ گوتی:

- خـۆی بـە باوکـی دڕنـدان دانـاوە و هەرچـی پێـی دەڵێـن دڕنـدە نـەك لاقەی نـاکات بەڵکـو خۆشـی دەوێت..

بۆرە پێ حەیر ما و بۆ دڵنیایی گوتی:

- کەواتە تەنیا دوژمنی گیانداری بێ زیان و سەلامەتن؟.

مزیر گوتی:

- بەڵێ.

بـۆرە عەنتیکـەی پـێ هـات و بـە درۆی زانـی بۆیـە هـەر زوو لێیانـی پرسـی و گوتـی:

- کە دڕندەی خۆش بوویت لەبەرچی جەنابتان هاناتان بۆ ئێمە هێناوە؟

گورگـەکان پێشـتر بەهـۆی سـورتکەوە تەکبیـری خۆیـان تـەواو کردبـوو، بۆیـە بـێ سـێ و دوو وەڵامـی داوە و گوتـی:

- بەڕێز ئێمە دڕندە نین.

بـۆرە لـە قـاران پێکەنینـی نەدەهـات، بـەڵام بـۆ ئـەوەی ورەی هاوڕێکانـی بەرزبێتـەوە لـە قاقـای دا و بـە تەوسـەوە گوتـی:

- بەڵێ، بەڵێ گورگ و دڕنداتیان نەگوتووە.

مزیر خۆی بە تەواو بۆی دانواندەوە و گوتی:

- قوربـان کـەس ناتوانێـت نکوڵـی دڕنداتـی گـورگ بـکات، بـەڵام ئێمـە لـەو جـۆرە گورگانـە نیـن.

بۆرە دیسان بە تەوسەوە گوتی:

- ئەدی ڕەنگە فریشتە بن؟

مزیر گوتی:

- نەخێر قوربان، بەڵکو لە توخمی گورگی (کەنعان)ین.

بـۆرە بـەم قسـەیە کەمێـک هێـور بـووەوە و بـە بیرکردنـەوە برێـک دامـا و جـا گوتـی:

- ئـێ دە وا بڵـێ. مـن لـە منداڵییـەوە بیسـتوومە، گورگـی کەنعـان گۆشـتخۆر نیـن، بـەڵام نازانـم لەبـەر چییـە؟

گورگـەکان کـە ئەمەیـان بیسـت شـادی دایگرتـن و زانیـان کـە فێڵەکەیـان سـەر دەگرێـت و مزیـڕ وەڵامـی دایـەوە و گوتـی:

- کاتـی خـۆی کوڕانـی حەزرەتـی (یەعقـووب) یوسـفی برایـان خسـتە نـاو بیـر، بـۆ ئـەوەی باوکیـان باوەڕیـان پـێ بـکات، کـە گـورگ خواردوویەتـی و ئـەوان تاوانبـار نـەکات کراسـی یوسـفیان بـە خوێـن کـردو بۆیـان بـردەوە و پێیـان گـوت: «گـورگ خواردوویەتـی».

بـاب و باپیرانـی ئێمـە ئـەوکات ترسـان، نەبـادا حەزرەتـی یەعقـوب دوعایـان لێبـکات و شـتێکیان بەسـەربێت هەموویـان چوونـە خزمەتـی و پێیانگـوت: «بـە هـەزار سـوێند ئێمـە یوسـفمان نەخـواردووە و لەبـەر خاتـری جەنابـت، تـا پێـمان بـاوەڕ بکەیـت بڕیـار بێـت لەمـەودوا ئـەوەی پێـی بگوترێـت: گۆشـت نەچێتـە سـەر زارمـان ». لـەو ڕۆژەوە ڕەگـەزی ئێمـە گۆشـت ناخـۆن و بـە دڕنـدە لـە قەڵـەم نادرێـن.

بۆرە بڕوای بە قسەکان هات، بەڵام گوتی:

- باشە پێم ناڵێیت شانەفرەجا چۆنی زانیوە کە ئێوە گورگی کەنعانن؟.

مزیڕ گوتی:

- بڵێـم چـی.. گـەورەم لـە بـێ بەختیـمان شـێوەمان لـە دوورەوە دیـارە کلـك و بـن زگـمان ڕیشـۆڵەدارن.

بـۆرە کـە زەینـی دانـێ تـەواو لـە دڵـی چەسـپی و بـە گـەرم و گوڕییـەوە بەخێرهاتنـی کـردن.

گزیـرو مزیـڕ کـە بەفیتـی سـورتک سـەرکەوتن، لـە دڵـەوە خەنـی بـوون. سـورتک هـەر مەپرسـە.

بـۆرە کـە کەڵەکـەی لـە ئاسـت گزیـر و مزیـڕ کەوتـە عـەردی، چـووە جیهانـی بیرکردنـەوە، کـە چـۆن خۆیـان لـە شـانەفرەجا بپارێـزن. ناچـار بـۆ ئـەوەی ڕێگایەکـی بـۆ بێـت ڕووی پرسـیاری لـە گورگـەکان کـرد و گوتـی:

- کـە هاناتـان بـۆ لای ئێمـە هێنـاوە دیـارە ڕێگایـەك، پیلانێـك شـک دەبـەن بتوانیـن بەرگـری پـێ لـە خۆمـان و ئێـوەش بکەیـن.

مزیڕ گوتی:

- چیـت عـەرز بکـەم قوربـان نـە بەخـوا، بـەڵام لەتـاو گیانـی خۆمـان هیـچ جێگایەکـمان بـە خەیاڵـدا نەدەهـات تەنیـا ئێـرە نەبێـت.

گزیر لێی وەرگرت و گوتی:

- هەرچـی نەوەمـان بـوو بـە چنـگ ئـەو مەلعوونـە لەناوچـوون، تەنیـا ئـەو دوو خزمەتـکارەی جەنابـت نەبـن.

بـۆرە دیسـان بـە دامـان و ڕامـان لەبـەر خۆیـەوە کپـی بەسـەردا هـات و جـا بـۆ ئـەوە سـوخەتی شـانەفرەجا، لـە کاتـی نێچیرگرتنـدا بزانێـت ڕووی تێکـرد و گوتـی:

- باشە وا بەخۆتان دەڵێن، ئێمە زەبری شانەفرەجامان دیوە.

گورگەکان گوتیان:

- بەڵێ دیومانە.

بۆرە گوتی:

- بـۆم ڕوون ناکەنـەوە: شـانەفرەجا لـە کاتـی بیەوێـت ڕاو بـکات، نێچیـر بگرێـت سـوخەتی چۆنـە؟ بـە دوایـدا غـار دەدات، یـان خـۆی لـە پەنایـەك دادەنووسـێنێت و جـا لـە هیکـەوە هەڵمـەت دەبـات؟

مزیڕ هەروەکو بۆی داندرا بوو گوتی:

- قوربـان ڕەوشـتێکی زۆر سـەیری هەیـە. تـا بـۆی بکرێـت خـۆی بـە دوای نێچیـر مانـدوو نـاکات.

بۆرە عەتیکەی پێ هات و گوتی:

- چۆن؟

مزیڕ گوتی:

- بگاتـە هـەر ناوچەیـەك، کـە بزانێـت گیانـداری لێیـە هیـچ دەنـگ نـاکات تـا شـەو دادێـت ئـەوکات تـا هێـزی هەیـە بـە دەنگـە ناخۆشـەکەی بانـگ دەکات و دەڵێـت: «مـن شـانەفرەجامە و هـەر چـوار پـەل ئاسـن برسـیمە و نێچیـرم بـۆ بێنـن. ئەگەرنـا بێـم گیانلەبەرتـان ناهێڵـم». ئیـدی بـە قایـم پەلـە ئاسـنەکانی لەیـەك دەدات. تـا نێچیـرەکان بزانـن دەسـت و پێـی ئاسـنن و لێـی بترسـێن. جـا تـا سـەعاتێك بـێ دەنـگ دەبێـت، دووبـارەی دەکاتـەوە، بـۆ سـێیەم جـار ئەگـەر نێچیـری بۆچـوو لـە جێگـەی خـۆی تـا شـەوی دوایـی پاڵ

دەداتـەوە و هیـچ دەنگـی لێـوە نایـەت و بەمـلا و بـەولادا ناچێـت. شـەوانی دیـش هـەر ئەوهـا. ئەگـەر بێـت و جارێـك دوای سـێ جـار بانگکردنەکـە بـۆی نەچـوو شـێت و هـار دەبێـت و چـاوی دەچێتـە پشـتی سـەری، ئیـدی دەکەوێتـە دوایـان. ئـەوەی دەسـتی لـێ گیربێـت بـێ بەزەییانـە، بـە یـەك چەپـۆك فەراقـی لەبـەر دەبڕێـت. لەبـەر ئـەوە هەنـگاوی زۆر گەورەیـە، نێچیرەکـە هەرچەنـد خـۆش بەزبێـت لەبـەر دەسـتی دەربـاز نابێـت. مەگـەر بـە فـڕت و فێڵـی خـۆ حەشـاردان.

ئاخێکی خەماوی و درێژی هەڵکێشا و گوتی:

ـ ئێمە لە هەوەڵەوە بە چمان هەڵنەگرت بۆیە ئاوا تەفروتونای کردین.

## شەوی شانزدەمین

بـۆرە کـە تـەواو لـە شـانەفرەجاوی کـەوت بـە جارێـك دەسـتی لەخـۆ بـەردا و ئەژنـۆی شـکا و ئـەوەی ڕووناکـی بـوو لـە دڵیـدا نەمـا. گیانـدارەکان گەلێـك خراپـتر. تێکـرا، بەبـێ متـەق و جووڵـە لـە یەکـدی ڕادەمـان. کـە شـەو داهـات کەرەدێـزە هـەروەك سـورتک و گورگـەکان ئامۆژگارییـان کردبـوو هاتـە ئەوبـەرە و لـە پەنـا چەنـد دارێـك وەسـتا و بانگـی کـرد و گوتـی:

ـ هـۆ... گیانـدارەکان مـن شـانەفرەجای پـەل ئاسـنم، زۆرم برسـییە، دەبـێ بەزووتریـن کات نێچیـرم بـۆ بنێـرن. دەنـا بێـم تاقتـان لـێ ناهێڵـم.

ئەوجـا چەنـد جـار بـە قایـم ناڵـی دەسـتەکانی لـە یەکـدان کـە شـەقەی بـە گوێـی گیانـدارەکان کـەوت و جـا گوتـی:

- خۆ لە قسەکەم حاڵی بوون؟

ڕوح لـە جەسـتەیەکی قایمـە و نایێتـە دەر. بـۆرە و گیانـدارەکان چییـان لـە دەمـی گورگـەکان بیسـتبوو لـە مێشـکیان چەسـپا و لـە ترسـان بـە جارێـك تاسـان و شـڵەژان. ئـەوەی ئومێـدی ڕزگاری بـوو لـە دڵیـان فـڕی.

سورتک دیسان خۆی پەلەواژ کردەوە.

بـۆرە و گیانـدارەکان ئەمجـارە لەبـەر خـەم خواردنـی دۆزینـەوەی ڕێگایـەك بـە هەندیـان هەڵنەگـرت.

بۆرە ڕووی لە گیاندارەکان کرد و گوتی:

- ئازیـزەکان بەڵایەکـی ناگەهانـە و خۆشـی و ترشـی تووشـمان بـووە، جـا پێویسـتە دەسـتە و ئەژنـۆ دانەنیشـین و هـەر یەکەمـان، گـەورە و بچـووك لـە ئاسـتە خـۆی بیربکاتـەوە و مشـووری دۆزینـەوەی چارەسـەرێك بخـوات.

زۆری نەبرد زیقە میری سمۆران گوتی:

- پێویسـتە هەموومـان وەك جـاران بچینـەوە نـاو حەسـارەکە و دەرگاکـە خشـت لەسـەرخۆمان داخەیـن، تـا شـانەفرەجا دوڕگۆکـە بەجـێ نەهێڵێـت دەرگاکـە نەکەینـەوە.

مزیڕ کە ئەمەی بیست بە زەردەخەنەیەکی تەڵخەوە گوتی:

- ئەو دیوارەی تۆ دەڵێیت بەرگەی یەك لەقەی ناگرێت.

بۆرە گوتی:

- ئەی چارە؟

مزیـڕ لـە زگ بـوو بڵێـت جـارێ ئێـوە تـا ڕێگایـەك دەدۆزنـەوە هـەر شـەوێ

نێچیرێکـی پێشـکەش بکـەن. بـەڵام نەبـادا ئاشـکرا بیـن ئارامـی گـرت.

سـورتکیش بـە ئحـم، ئحـم ویسـتی ئـەو ڕایـەی مزیـڕ بدرکێنێـت، کەچـی ئەویـش بـە پەسـندی نەزانـی و گێڕایـەوە.

مزیڕ گوتی:

ـ گـەورەم ئەگـەر چارەیەکـمان شـك ببردبووایـە هانامـان بـۆ جەنابتـان نەدەهێنـا.

بـۆرە سـەلماندی. دوای حەیامێـک، بەبـێ دەنگـی و بیرکردنـەوە و ڕامـان و دامانـی گیانـدارەکان، میـرەکان گشـت گوتیـان:

ـ چارمـان ناچـارە، بـا هەمووەمـان بەیـەک کـەڕەت لەنـاو نەچیـن تـا لایـەك بـە لایـەك دەبێـت پێویسـتە دڵـی شـانەفرەجا ڕابگریـن و هـەر شـەوێك بـە نـۆرە ڕەوەکەمـان قوربانـی خـۆی بـدات.

بـۆرە بـەم ڕایـە ڕاچڵەکـی و چـاوی چـووە پشـتی سـەری و بەوپـەڕی هەڵچوونـەوە گوتـی:

ـ ئـەوە هەرگیـز نابێـت یەکێکـمان بـە خوایشـتی خـۆی بچێتـە بەردەسـتی و بیخـوات. بـەڕای مـن ئـەوەی لـە هەوەڵـەوە بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە، بـە گیانـی خـۆی بەرگـری لـە تاکـە کەسـێك نـەکات لـە دوارۆژدا وای لێدێـت بەرگـری لـە کۆمەڵیـش نـاکات.

دوای ئـەو قسـەیە گیانـدارەکان گشـت کەوتنـە گێـژاوی هێـن و منهێـن، بـەردەق بەردەقـی دەبـێ و نابـێ تـا لـە ئەنجامـدا زۆربـەی هـەرە زۆریـان ڕای میرەکانیـان پەسـند کـرد و لـە هەمـووان بـە پەرۆشـتر چرتـە بـوو، لـە گانکـەی دڵییـەوە پـڕ بـە زاری گوتـی:

ـ هاوڕێکان من یەکەم کەسم خۆم دەکەمە قوربانی ئێوە. بەڵێ با من لەناو بچم تا ئێوەی ئازیز شەو و ڕۆژێك لە گیانی خۆتان دڵنیابن.

مامزێك لە هەموو مامزەکانی دیکە بە تەمەن و دنیا دیدەتر بوو، هەر ئەویش بوو کاتی خۆی چرتەی پەروەردە کردبوو تا بەو پلەیەی گەیاند، بە مردنی خۆی دەهاتە بەرێ نەك بە کزی و ناگزووری ڕەوەکەی، هەر کە گوێی لە وتەکەی چرتە بوو بەوپەڕی تووڕەییەوە ڕووی لە چرتە کرد و گوتی:

ـ چرتە ئێمە هەرگیز ڕازی نابین زێدە لەو هەموو مامزانە تۆ خۆت بکەیتە قوربانی و ڕەوەکەمان بێ سەرکردە و ڕاوێژکار بمێنێتەوە و ژیانیان لێ تێك بچێت. بەڵام ئەگەر پیرێکی بێ کەڵکی وەك من بچێت هیچ کاریان تێ ناکات. مامزەکان دەستبەجێ بوونە لایەنگری قسەکەی مام مۆتک و گوتیان:

ـ مام مۆتک ڕاست دەکات.

چرتە زۆری پێ ناخۆش بوو. بە تایبەتی بۆ مام مۆتک، بەڵام دەسەڵاتی شکاندنی ڕای ڕەوەکەی نەبوو، خۆی بوارد.

مام مۆتک ڕووی لە گیاندارەکان و بۆرە کرد و گوتی:

ـ بەس بۆ ئەوەی شانەفرەجا باوەڕی پێم بێت پێویستە یەك دووانێکتان لەگەڵم بێن.

یەکێك تاسای نەکرد لەگەڵی بچێت، بۆ ئەمەش گیاندارەکان کەوتنە مشوور خواردنی کێ بنێرن. تا سورتک هەڵی دایە و گوتی:

ـ گزیر و مزیر وەکو ئێمە نین، شارەزانە و ڕەنگە تۆزێکیش ترسیان لە

بچمە زەبەلاحەکەی شکابێت.

بۆره وەڵامی داوه و گوتی:

ـ ڕاستە شارەزانە و دەیناسن، بەڵام ئەویش ئەوان دەناسێت، کە کاتی خۆی لەژێر چەپۆکی ڕایان کردووە، لێیان بەقار داچووە، هەر بگەنە لای بێ سێ و دوو تیکە بە تیکەیان دەکات. وێڕای ئەوەش ئەوانە هانایان بۆ ئێمە هێناوە تا پەنایان بدەین و لە مردن دەربازیان بکەین. نەک بە کوشتیان بدەین.

سورتک کەوا پێشتر بۆی ڕێک خرابوو هەر زوو وەڕامی داوە و گوتی:

- ئاخر من ڕێگایەکی باشم دۆزیتەوە کە هەرگیز شانەفرەجا نەیان ناسێتەوە.

بۆره بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- ئەو ڕێگایەی دەڵێیت چییە؟!.

سورتک گوتی:

- تووکی کلك و بن سکیان لووس هەڵقاچین «هەڵپاچین » و ئەو جا گڵێخە لە شوێنە هەڵپاچاوەکان بدەین.

گیاندارەکان ئاقڵیان گرت و بۆره ڕووی لە گزیر و مزیر کرد و گوتی:

- ها... ئێوە چ دەڵێن؟.

هەردووکیان بە لەرزینەوە کڕنووشیان برد و گوتیان:

- ئێمە لە ئاست بەرژەوەندیی ئێوە خاوەن چاکە و پەنادەر ملمان لە

مووێـک باریکـترە. ڕەنگـە بـەو ڕێگایـەی سـورتک گوتـی نەمانناسـێتەوە، ئـەوکات لـە ئاسـتی دەبینـە دڕنـدە و لاقەمـان نـاکات.

بۆرە گوتی:

- زۆر سوپاستان دەکەین

گزیـر و مزیـڕ لـە ژێـرەوە هـەرواش ڕێککەوتبـوون، ڕوویـان لـە بـۆرە کـرد و گوتیـان:

- بـۆ ئـەوەی ئێمـە نەناسرێیـن پێویسـتە سـورتکیش کـە دڕندەیـە لەگەڵـمان بێـت..

سورتک لە دڵەوە خەنی بوو، لە ڕوواڵەتیشدا دەستی بە لەرزین کرد.

بۆرە گوتی:

- ئێمــەش لەگــەڵ ئــەو ڕایەتــان دایــن، بــەڵام ســورتکە قەڵــەزراوە زۆر زەحمەتــە بتوانێــت لەگەڵتــان بێــت.

ســورتک بــێ ئــەوەی ورتــەی لێــوە بێــت دەلــەرزی. گیانــدارەکان تێکــڕا گوتیــان:

- شانەفرەجا کە دەخلی دڕندان نەکات لە چی دەترسێت؟

گزیرو مزیڕ چوونە لای و دەستیان بەسەر سەری داهێنا و گوتیان:

- مەترسە ئێمەش بناسێت زیان بە تۆ ناگەیەنێت.

سورتک بە نیخە نیخ و جاوە جاو و لەرزینەوە گوتی:

- مـادام ئێـوە هەمووتـان ڕاتـان وا لەسـەرە خۆشـی بێـت و ترشـی ناچـارم لـە

قســەتان دەرنەچم.

بۆرە کە وای لێ بیست بە دڵسۆزییەوە ئەملا و ئەولای ماچ کرد.

ئـەوەی تـووك بـوو بـۆرە بـە کلـك و ژێـر سـکی گورگەکانـی نەهێشـت و بـە نێرکـە کلێخـە شـوێنە تاشراوەکانـی وای ڕەنـگ کـردن درۆزن هەسـتی پـێ نەدەکـردن. ئەوجـا بەسـۆزەوە مـام مۆتکـی مـاچ کـرد و هەوگـی پـڕ گریـان بـوو. بـەڵام توانـی خـۆ ڕابگرێـت و نـەی درکێنێـت. زۆر لای ئەهوەنـتر بـوو کـە خەنجەرێکـی لێـی بدرابـا بووایـە نـەك دیمەنـی بردنـی مـام مۆتکـی بدیتبووایــە.

گزیـرو مزیـڕ و سـورتک کـە لـە پیلانەکـە سـەرکەوتن لـە خۆشـییان لایـان وا بـوو تـازە پێیـان ناوەتـە دنیـای ڕوون. ورگـە برسـی و تامەزرۆکانیـان لـە گۆشـتی مـام مۆتـک تـەژی کـرد و دەسـت و دەمـی خۆیـان جـوان سـڕییەوە و گەڕانــەوە.

گیانـدارەکان واقیـان وڕمـا کـە دیتیـان سـورتک لەخـۆ چـووە و گورگـەکان بـە چـوار دەسـتە وا دەیهێننـەوە.

بۆرە هەر زوو ئاوی بە دەم و چاوی داپڕژاند تا بەخۆهاتەوە.

مزیڕ گوتی:

- کـە چـاوی بـە شـانەفرەجا کـەوت یەکسـەر ڕەنگـی پـەڕی و وەك «بـی»ی نـاو ئـاو دەلـەرزی، هەرچەنـد شـانەفرەجا دەسـتی بەسـەر سـەری داهێنـا و بـۆ دڵدانــەوە پێیگـوت:

- مەترسـە، لەبـەر ئـەوە دڕنـدە گۆشـتخۆرە گۆشـتەکەی تـام دڕنـی لـێ دێـت، بۆیـە ئەگـەر لـە برسـانیش بمـرم بێـزم نایـەت گۆشـتی دڕنـدان بخـۆم. بـێ

سـوود بـوو دڵـی بوورایـەوە. ناحەقیشـی نەبـوو ئەوەنـدە بـە سامە ئێمـەش گیانمـان هاتبـووە سـەری کەپـوو «لووت»مـان، بـەڵام چابـوو لە هەڵسـوکەوت و قسـەکردنیدا وادیـار بـوو ئێمـەی نەدەناسییەوە. کـە سـورتکمان هەڵگـرت بیهێنینـەوە پێیگوتیـن: (تـا ترسـی لێـم دەشـکێت دەبـێ هەمـوو جـارێ لەگـەڵ خۆتـان بیهێنـن).

بـۆ ئـەوەی گیانـدارەکان زراویـان زیاتـر بچێـت سـورتک بەخۆبـادان و سـەرلەقاندن و لەرزینـەوە گوتـی:

- یاخـوا ئـەوەی مـن بەچـاو دیومـە دوژمنـی بابـە گەورەشـتان نەیبینێـت. لەبـەر بچـم زلـی و ناشـیرینی لـە دڵـم چەسـپی کـە عزرائیلـە و هاتـووە ڕوحـم بکێشـێت. ئـەو دەمـە گـەورەی بـە جارێـک دووانـی وەك منـی بـە سـانایی پێـوە دەچێـت.

ئەوەنـدە بـە زەبەلاحـی و ناشـیرینی شـانەفرەجای هەڵـدا زۆربـەی هـەرە زۆری گیانـدارەکان ورەیـان بـەردا و هێـز لـە بەدەنیانـدا نەمـا. ئیـدی بـەم چەشـنە گزیـر و مزیـڕ و سـورتک هـەر شـەوێ نێچیرێکیـان لـە مشـە بـوو.

## شەوی حەڤدەمین

بـۆرەی قەپـڵان لـە سـوان و خەفەتـان نـە خـەوی مـا نـە خـواردن. هـەر جـارێ بـە نێچیرێـك گەزێـك گۆشـتی بـەردەدا و ڕەنگـی هەڵدەبـزڕکا. ڕۆژ بـە ڕۆژ هـەر دەهـات دەبێنسـاو و باریکانـی دەڕسـت. بـەڵام ورەی بەرنەدابـوو ئومێـدی ڕزگاربوونـی لـە دڵ هـەر مابـوو. ڕۆژ نەبـوو جارێـك، دووان کۆبوونـەوە بـە گیانـدارەکان نـەکات و ڕایـان وەرنەگرێـت.

تاکـو ڕۆژێـك گیانـدارەکان گشـت ڕێککەوتـن هانـا بـۆ «سـۆرە» و «تـۆرە» بـەرن. سـۆرە و تـۆرە دوو شـێری کەلـەش و سـەر و کەلـلـە گـەورە و زۆر بەغیـرەت و چـاو نەتـرس بـوون. گوایـە هـەر گیاندارێـك هاواریـان بـۆ بەرێت دەسـت بـە ڕووی وەنانێـن و بەڵکـو خۆیـان لەسـەر بەکوشـت دەدەن. سـۆرە شـای گیاندارانـی ناوچـەی خۆرهەڵاتـی بەهەشـتی گیانـداران و تـۆرەش شـای خۆرئـاوا.

گیاندارەکان گوتیان:

- بە سۆرە و تۆرە نەبێت لە ژێر چنگی شانەفرەجا دەرباز نابین.

بوونـە دوو چیـن: هێندیکیـان دەیانگـوت: (دەبـێ هانـا بـۆ سـۆرە بەریـن) چینەکـەی دی دەیانگـوت: (نـا.، نـا.. تـۆرە باشـترە). ئیـتر لـە زگ بـوو ببێتـە هەرایـان.

بۆرە تا ئەو کاتە نقەی لێوە نەهاتبوو، بەسەریانی دا قیڕاند و گوتی:

- ئەوجـا هــەر ئەوەندەمـان مـاوە دەم لەنـاو دەمـی یەکـدی بنێیـن و پاشـانیش وەرگەڕێینـە سـەر و گوێلاکـی یەکـتر. ئە...هـ حاڵـمان هەند خۆشـە ئەوجـا ئـاژاوە و شەڕیشـی بێتـە پـاڵ.

کپییەکی کەمی بەسەردا هات و گوتی:

- ئازیـزەکان ئـەوەی ڕاسـتی بێـت مـن دەسـتی ئێـوەم شـکاوە ئەگەرنـا نـەك هانـا بـۆ سـۆرە و تـۆرە نابـەم بەڵکـو بـە دوژمنـی هـەرە گـەورەی خۆمانیـان دەزانـم. وەك مانـگ لـە چـواردە بێـت دیـارە هەرگیـز نەیانویسـتووە و ناشـیانەوێت دەردی ئێمـە تیـمار بکـەن. خوروشـتی لەشـی خـۆت بە دەسـتی خـۆت نەیخورێنیـت، بـە تەمـای ئـەم و ئـەو لێـی گەڕێیـت بـێ سـوودە.

بـەڵام مـن ناتوانـم لـە ڕای گشـتیتان یاخـی ببـم. گیانـدارەکان وەڵامیـان داوە و گوتیـان:

- نا..، نا.. وانییە و وا دیارە تۆ باشیان ناناسیت.

بۆرە گوتی:

ـ دوارۆژ ڕەش و سـپی دەردەکەوێـت. ئەگـەر بێـت و یارمەتیشـمان بـدەن بـڕوا بکـەن لەبـەر خاتـری چـاوی کاڵـی ئێمـە نییـە، بەڵکـو بـۆ قازانـج و بەرژەوەندیـی خۆیانـە.

گیاندارەکان ورد و درشت سەری ناڕەزاییان بادا.

بۆرە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی:

ـ خۆشەویسـتەکان مـن ئـەو هـات و هـاوارەم بـۆ ئەوەیـە کـە نەبێتـە نێـوان تێکچـوون و ناخۆشـی، ئەوانـەی سـۆرەیان دەوێـت بـا بێنـە لای دەسـتە ڕاسـتم و ئەوانـەی تۆرەیـان دەوێـت دەسـتە چەپـم ڕاوەسـتن.

دوای ئـەو قسـەیە دەسـتبەجێ بوونـە دوو چیـن. چینـی دەسـتە ڕاسـت زۆرتر دەرچـوون، بڕیـاردرا کـە هـەوەڵ جـار یەکێـك بـۆ لای سـۆرە بنێـرن. کەوتنـە بیرکردنـەوەی «کـێ بنێـرن»، لـە دواییـدا هەموویـان هاتنـە سـەر ئـەو ڕایـە لـە چرتـە بـەولاوە لـە توانـای کەسـی دیکـەدا نییـە کـە وا چاوکـراوە و نەتـرس بێت .

چرتە کە ئەمەی لێیان بەرگوێ کەوت، بێ پێگوتن گوتی:

ـ وەك تـای تـەورداس وەسـتاوم، بـەڵام بـە کوێنـدەر لـە ڕووبارەکـە بپەڕمەوە؟. بوارەکەیـە ئەویـش شـانەفرەجای لێیە.

پاش مشـوورخواردن و ڕاو تەگبیـر لـە یەکتر وەرگرتـن گیانـدارەکان کەژیەکی زۆر درێژیـان لـە خـوری هۆنانـدەوە. سـەرەهێچك دارەکـەی بـۆرە بـە قولفـە لـە تەنگـەی خـۆی خسـت و جـا خـۆی بەئـاودا دا، سـەرەکەی دی بـە دەسـت گیاندارەکانــەوە بــوو. هێــدی هێــدی کەژییەکەیـان دا دوێ شـوێنەکە زۆر خوڕبـوو ئـاو تەواوێـك بـۆرەی بـرد، تـا پەڕییـەوە. کەژییەکـەی لـە قـەدی خـۆی کـردەوە و توونـد لـە بنەدارێکـی خسـت و ئەوانیـش چاویـان لێکـرد. ئـەو کات بـۆرە بانگـی چرتـەی کـرد و گوتـی:

ـ چاوت لە من بێت بزانە چۆن دەپەڕمەوە.

ئەمــەی گــوت و دەســتی بــە کەژییەکــەوە گــرت و خــۆی خســتەوە نــاو ڕووبارەکــە و بــە ئاســانی گەڕایــەوە.

چرتـەش چـاوی لـێ کـرد و پەڕییـەوە. تەقڵەکـوت لـێ نەگرتـەوە تـا گەیشـتە پێـش سـۆرە و بەسـەر دانواندنـەوە مرازەکـەی بـە سـەروبەر ورد و باریـک تێگەیانـد.

سـۆرە، کـە تـەواو لـە چرتـە حاڵـی بـوو سـمێڵە خیچکـەی هاتـێ و بەوپـەڕی لـە خۆباییـەوە گوتـی:

- ئەگەرچـی ئـەوە یەکـەم جـارە نـاوی شـانەفرەجام بـە گـوێ بکەوێـت، بەڵام مـادام ئێـوە هاناتـان بـۆ مـن هێنـاوە، ئەگـەر حووجیـش بێـت شـەرت بێـت بـەو چەپۆکانـەم مێشـکی لـە کونـە لووتـی دەردێنـم و تۆڵـەی قوربانییەکانـی ئێـوەی بەسـتەزمانی لێبکەمـەوە.

چرتـە کـە ئەمـەی لـێ بیسـت خەنـی بـوو. دیسـان خـۆی بـۆ دانواندنـەوە و گوتـی:

- ئێمەش تا لە ژیاندا بمێنێین بەندەی شای پایەبەرزمان دەبین.

سۆرە گوتی:

- بـەس لـە ئێسـتاوە پێـت دەڵێـم دوای کوشـتنی پاداشـتی ماندووبوونـم لێتـان دەوێـت.

چرتە هەر زوو وەڵامی داوە و گوتی:

- هەرچـی دەفەرموویـت حەقـی خۆتـە و ئێمـە لـە خزمەتتـا خـاوەن سـەر نیـن.

سۆرە لە دڵەوە کەیفی پێهات و گوتی:

- ڕەنگـە تـا سـێ ڕۆژان ماندوویەتیـم نەحەسـێتەوە و ڕاوم پـێ نەکرێـت، ئێـوە دەبـێ ئـەو سـێ ڕۆژە سـێ نێچیـرم پێشـکەش بکـەن.

چرتـە بـەم داوایـە هۆپەکـی لەخـۆی زانـی پێشـتر وا بردبوویانـە مێشـکی کـە بـە خۆرایـی لەسـەر چینـی زۆر لێکـراوان دەکاتـەوە. بۆیـە ماوەیـەک هیـچ قسـەی بـۆ نەهـات. لـە دواییـدا بـۆ ئـەوەی شـانەفرەجایان لـە کـۆڵ بێتـەوە بـەم جـۆرە وەڵامـی داوە و گوتـی:

- گـەورەم لـەم بارەیـەوە ڕای چینەکـەی خـۆم پـێ نییـە تـا بەڵێنـت بدەمـێ، بـەڵام گیانـی خـۆم لـە دەسـتە و ئامـادەم.

سـۆرە نەختێـک لێـی مـووڕ بـووەوە، دیتـی مامزێکـی کەلـەش زۆر گـەورە و قەڵـەوە، بـەلای کەمـی بـەشی دوو ڕۆژی دەکات، بۆشـی ڕوون بـووەوە کـە ڕاسـت و خـاوەن قسـەی خۆیەتـی، بۆیـە بـە ڕوو گەشـییەوە پێیگـوت:

- مادام ڕاستت بێژی ڕازیم، بە مەرجی پەیمان.

چرته به خۆ گونجاندن گوتی:

- پەیمان بێت دوای کوشتنی شانەفرەجا خۆمت پێشکەش بکەم.

چرتـە گـەڕاوە. گیانـدارەکان سـەرتاپا، بـۆ خەبەرێکـی خـۆش بـە پیرییـەوە چـوون و بـۆرە پێـی گـوت:

- شێریت، یا ڕێوی؟

چرته له بەر دڵی هاوڕێکانی لەمەی زیاتر نەدرکاند:

- بەڵێنـی داوە ئەمشـەو لـە نـاکاو بـە سـەریدا بـدات و پارچـە پارچـەی بـکات.

گیانـدارەکان گـەورە و بچـووك شاگەشـکە بـوون و لـە خۆشـیان دەسـتیان بـە چەپڵەلێـدان کـرد. تەنیـا بـۆرە نەبێـت بـاوەڕی نەدەهات.

چرته بۆرەی به نهێنی جودا کردەوە و به چاشیشییەوە پێی گوت:

- مزیـرِ هاتبـووە سـەر ڕێـم و پـڕی دامـێ، بـەڵام مـن لـە ژیانـدا زۆر وشـت و سـەرکم، بۆیـە زەفـەری پـێ نەبـردم.

بـۆرە دەمێـك حەپەسـا و قسـەی بـۆ نەهـات. لـە دواییـدا بـە هەشـتاوییەوە گوتـی: قـەت نەبێـت!؟.

چرته گوتی:

- به زاتی خوا به غیلاف وەناڵێم.

بۆرە گوتی:

- دەترسیم گورگێکی دی بێت تۆ له ترسان بەوت چوواندبێت !.

چرتە گوتی:

- من مزیڕ ناناسم؟.

بۆرە ئەگەرچی تەواو باوەڕی نەهات، بەڵام پێیگوت:

- تا ساخ دەبێتەوە دەبێ لە نێوان خۆم و خۆت دابێت.

چرتە بەسەر لەقاندن ڕەزامەندی خۆی نیشاندا.

## شەوی هەژدەمین

هــەر کــە شــەو داهــات گیانــدارەکان ورد و درشــت لەوپــەڕی شــادی و کامەرانــی دابــوون و هەســتی خۆیــان ڕاگرتبــوو، قــەت بڵێــی جوولــە چییــە لێوەیــان نەدەهــات و لــە دڵــەوە دەیــان گــوت: «هەنووکــە، ئــا هەنووکــە ســۆرە دێــت ئــەو بەڵایەمــان لــە کــۆڵ دەکاتــەوە».

تەنیـا شـوانە حۆڵـە نەبێـت، زەبـری شـێرانی بـە چـاوی خـۆی دیبـوو گریانـی پـێ دەهـات. شـەو ڕاشـکا و هیـچ نەبـوو. شـانەفرەجا جـاری یەکـەم بانگـی کـرد چ نەبـوو، جـاری دووەم سـۆرە لەسـەر ڕۆخـی ئەوبـەری ڕووبارەکـەوە، لـە ڕاسـت کەژییەکـەوە، بـە دەنگـی بـەرز بانگـی کـرد و گوتـی:

- هۆ... کاکە چرتە هۆ..

گیانـدارەکان پـێ ڕاجفڕیـن و شـادی دای گرتـن کە شـتێک بەسـەر شـانەفرەجا دێنێت.

چرتە دەنگی سۆرەی ناسی و وەڵامی داوە و گوتی:

- هۆ... بەڵێ.

جا چوو لە ڕاستی، لە قەراخ کەژییەکە وەستا. سۆرە گوتی:

- مـن نەمدەزانـی شـانەفرەجا ئـەو عیزرائیلەیـە. ئـەوە نـەک بـە مـن، بەڵکـو بـە هەمـوو دڕندانـی دنیاییـش لـە نـاو ناچێـت لـە پـەل ئاسـن کێـوە!. هێنـدەش خەشـیم نیـم بـە قسـەی ئێـوە هەڵفریوێـم و خـۆم بـە کوشـت بـدەم. جـا بۆیـە ئـاگادارم کـردن تـا چاوتـان لـە دوو مـن نەمێنێـت.

گیانـدارەکان کـە ئومێدیـان لـە سـۆرە بڕا، ناچـار لە ترسـان زوو شـانەفرەجایان دەم کـوت کردەوە.

تومـەز مزیـڕ کـە چرتـەی پـێ نەگیـرا خـۆی گەیاندبـووە سـۆرە و پێـی گوتبوو: «ئەگـەر بـە هاواریـان نەچیـت هەمـوو شـەوێ پەڵـە گوشـتێکت لـە بـڕان دەبێـت و کـە گیاندارەکانیـش کـەم بوونـەوە و توانـای دەسـتکردنەوەیان نەمـا سـێ چـوار نێچیـرت پێشـکەش دەکەیـن» سـۆرەش لـە ژیانـدا لـە ڕۆژی ئـاوا دەگـەڕا.

چرتە ئەوکات ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- لای خـۆی بەڵێنـی دابـوو بـێ بیکوژێـت و منیـش لـە تۆڵـە خۆمی پێشـکەش بکە م.

گیانـدارەکان کـە ئەمەیـان بیسـت، بـە تایبەتـی ئەوانـەی سـۆرەیان خـۆش دەویسـت حەیـر مـان و بەسـەر سـوڕمانەوە گوتیـان:

- چما سۆرە لە جاری ئاوا داوای کرێ دەکات؟.

چرتە گوتی:

- بەڵێ تازە گوێتان لێ بوو چم گوت.

بۆرەی قەپڵان ئەوکات تێی هەڵکرد و گوتی:

- ئازیزەکان من نەمگوت ئەگەر بە خۆمان هیممەتێک نەکەین، بە تەمای سۆرە و تۆرە بین برینمان تیمار ناکرێت و وەک مازووکەری کۆن لە پاشوملان لێ دێت. بۆ ئێمە چ شانەفرەجا، چ سۆرە و تۆرە هەر یەکە.

ئەوانەی لایەنگری تۆرە بوون ئەم قسەیەیان پێ خۆش نەبوو بۆیە گوتیان:

- سۆرە ئەوهایە، تۆرە ئەوها نییە.

بۆرە گوتی:

- کەشکیش برای دۆیە.

ئەوان گوتیان:

- حەیفت نە کرد.. بیجەڕبێنە ئەوجا وا بڵێ.

شوانە حۆلە گوتی:

- ئازیزەکان من نامەوێت زۆر لە سەری بڕۆم، بەس هەر ئەوەندەی دەڵێم: شێر کە ئەو ناوەی دراوەتە پاڵ، لەبەر ئەوە نییە کە ئیشی چاکە و مەردایەتی کردووە و دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە هیچ گیاندارێکی دەوروبەری ناترسێت و لە هەڵمەت بردندا بۆ سەر نێچیر زۆر چوست و چاپووکە و بێ بەزەییەکی وایە هەندی بڵێی یەک و دوو کەل و کلۆمی دەکات. بەڵام مادام ئێوە نیوەتان پێی خۆشە با لە تۆرەش هیری خۆمان تاقی بکەینەوە.

هــەر لــە چەشــنی گۆرێنــدا چرتــە بــۆ بــەری خۆرئــاوا پەڕییــەوە. تــۆرەش گفتــی دایــێ کــە شــەو بگاتــە لایــان.

چرتە گوتی:

- قوربان سۆرەش هەرێی دا لە دواییدا پەشیمان بووەوە.

تۆرە وەڵامی داوە و گوتی:

- من سۆرە نیمە تۆرەمە.

چرتە گوتی:

- کەواتە منیش دوای ئەنجامدانی کارە کە خۆراکی جەنابتم.

کــە گــەڕاوە دیســان بــۆرەی قەپڵانــی تێگەیانــد کــە لــە چوونیــدا مزیــڕ هاتبــووە ســەر ڕێــگای.

بۆرە ئەوجارە تەواو چووە مێشکی، بەڵام بە سەرسامییەوە گوتی:

- باشــە ئــەوە لای خۆرهــەڵات بــواری هەیــە، خــۆ ئــەم لایــە نییەتــی، ئــەدی بــە کێنــدەردا پەڕیوەتــەوە!؟.

چرتە گوتی:

- مەگــەر بــە جێگاکــەی مــن دەنــا هیــچ شــوێنێکی دیکــە نییــە. بــۆرە بــە هێماکــردن بــۆ ئــەو جێگایــەی کــە چرتــە لێــی پــەڕی بــووەوە و گوتــی:

- ئەگــەر بێــرە بووایــە ئــا ئەوەتــا لێــمان نزیکــە و دیــارە و یەکێکــمان لــە چوونــی یاخــۆ هاتنەوەیــدا هــەر دەماندیــت.

چرتە گوتی:

- بەڵێ هەر دەدیترا.

بـۆرە مسـۆگەری کـرد کـە پیلانێـك لـە بـن سـەری گزیر و مزیـرِ و سـورتك دایە و تائێسـتا ئـەو هەسـتی پـێ نەکـردووە. تـکای لـە چرتـە کـرد کـە لای کـەس دەنـگ نـەکات. بـۆرە پێشـتر شـکێکی لێیـان پەیداکردبـوو کـە گیانـدارەکان ڕۆژ بـە ڕۆژ بـەرەو لاوازی و بـێ حـدووری دەچـوون، کەچـی ئـەوان گـوێ پـەڕەی ملیـان هـەر دەهـات ئەسـتوور دەبـوو. بـەڵام تـا ئـەو کاتـە وای دەدا قەڵـەم: «ئەوانـە لـە خۆیـان نییـە و گوێیـان پـێ نابزوێـت»، ئەمەشـی هاتـە پـاڵ تـەواو بـاوەڕی هـات و لـە دڵـی دابـووە مـەراق و هەراسـانی لـێ هەڵگـرت و هەرچەنـد سـەری دەهێنـا و دەبـرد نەیدەزانـی چـۆن بـە چ ڕێگایـەك ئـەو پیلانـە دەربخـات. لـە دوای مشـتومڕ و کێشـمە کێشـێکی زۆری دڵـی بیرێـك خۆشـییەکی ئەوتـۆی پـێ بەخشـی لـە دوورەوە گەشـی لـە دەم و چـاوی بـەدی دەکـرا. تـا ئـەو کاتـە شـەو داهاتبـوو، بـە دزی کـەس نـەزان لـە بـن گوێـی زیقـەی میـری سـمۆران داچرپانـد و گوتـی:

- بۆ وەکی مەردان ئیشێکم بە گوێ ناکەیت؟.

زیقە بە بزەیەکەوە گوتی:

- هەرچـی دەڵێـی ملـم لـە موویـەک باریکـترە. بـۆرە بەدەسـت هێـمای بـۆ لقـی خۆرئـاوای ڕووبارەکـە کـرد و گوتـی:

- ئـا... بێـرەدا دەم ئـاو و دەم ئـاو سـەر هـەوراز بـڕۆ تـا دەگەیتـە یەکاوەکـە و سـەرنج بـدە و بزانـە گوریـس، کـەژی لەمبـەر و لەوبـەری ڕووبارەکـە ڕایـەڵ کـراوە.

زیقـە ترسـا و بـە تەمابـوو بڵێـت: «لەبـەر شـانەفرەجا ناوێـرم»، بـەڵام فەرمـان شـکاندنی بـە کفـر دەزانـی و خۆشـی و ترشـی گوتـی:

- بەسەر چاو.

بۆرە زۆر کەیفی پێ هات.

زیقـە بـە تـرس و لـەرزەوە لێـی دا ڕۆیشـت. زۆری نەبـرد خێـرا گـەڕاوە. تـا ئـەو کاتـە بـۆرە چاوەڕوانـی دەکـرد، گوتـی:

- گوریسێک ڕایەڵ کراوە.

بـۆرە ئەوجـا لـە بنـج و بنەوانـی مەسـەلەکە تـەواو گەیشـت و زانـی کـە گوریسـەکە لانەبـردراوە پەیوەنـدی نێـوان گزیـر و مزیـر و سـورتک و تـۆرە نابڕێـت. لـە دڵـەوە گوتـی: «دەردی منتـان لـە گیانـی تـا ڕۆژتـان دادێـت».

ئەملاو ئەولای زیقەی بە شادییەوە ماچ کرد و پێی گوت:

- ئافەرین. بەڵام هەرگیز نابێ لای کەس نقەت لێوە بێت.

زیقە بەسەر لەقاندنەوە گوتی:

- فەرمانت لەسەر سەر م.

دوای ئـەوە شـانەفرەجا بانگـی کـرد نێچیـری بـۆ بـەرن تـۆرەش وەك سـۆرە لـەو بەرزییەکـەوە بانگـی چرتـەی کـرد و گوتـی:

- مـن قـەت نەمدەزانـی شـانەفرەجا ئـەو دێوەیـە، مەگـەر خـوا دەنـا بـە هەرچـی زینـدەوەری جیهـان پشـتی لـە زەوی نادرێـت، ئـێ خـۆ لەبـەر خاتـری چـاوی ئێـوەش خـۆم ناکەمـە خۆراکـی.

گیانـدارەکان بـە یەکجـاری دەسـتیان لەخـۆ بەردا و هیـچ تەمایەکـی ئەوتۆیان بـە ژیانـی خۆیـان نەمـا تەنیـا بـۆرە نەبێـت بـزەی سـمێڵی دەهـات. هـەر کـە

نێچیرەکەیان بۆ شانەفرەجا برد، بۆرە دیسان ڕووی لە زیقە کرد و گوتی:

- لەو چاوەتە بڕۆ لای گوریسەکە ڕاوەستە و چیت بینی زوو وەرەوە بۆم بگێڕەوە. ئەگەر هیچت نەدیت نابێت تا بەیانی دەدات بگەڕێیتەوە. هیچ کەسیش هەستت پێ نەکات.

زیقە نزیکەی دوو سەعاتی پێچوو گەڕاوە و بە حەیرمانەوە گوتی:

- مزیڕم دیت ڕانە گوشتێکی بە دەمییەوە بوو بۆ ئەو بەری برد و گەڕاوە.

بۆرە بە جارێک بۆی واژی «یەکلا» بووەوە ئەو کارەساتەی بە سەریان هاتووە لەمەڕ سەری گزیر و مزیڕ و سورتکەوەیە و لە دڵەوە گوتی: «ئێ، ئێ با بۆتان بمێنێت هەتا ڕۆژتان دادێت و قاف «هەل»م بۆ هەڵدەکەویت شەرت بێت بە ڕێگایەکی وا ئەو دڕکەتان لە بن پێتان دەرهێنم بە خەیاڵی بابەلبایشتاندا نەهاتبێت».

کە گزیر و مزیڕ و سورتک لای شانەفرەجا گەڕانەوە بە هاوار هاواری ڕۆ، ڕۆ وەرگەڕانە سەر و گوێلاکی خۆیان.

گیاندارەکان حەیرمان و گوتیان:

- چ بووە، چ قەوماوە؟.

ئەوانیش هەر لە خۆیان دەدا و دەیانگوت:

- لە خۆمان ماڵ وێرانێ، لە خۆمان بێ کەسێ، لە خۆمان سەر بە هەشێ لە خۆمان یەغبار «بەخت» ڕەشێ. بۆرە لە داخانا هەروەختا بوو شێت و هاربێت و لە دڵەوە گوتی: «خوا عالیمە بەزمێکی دیکەیان

ناوەتـەوە! » بـەڵام بـە ئەنقەسـت خـۆی نەهێنـا سـەر ئـەو بـارە و ئارامـی گـرت تـا هەلـی بـۆ هەڵدەکەویـت.

گیاندارەکان گوتیان:

- بەندی دڵمان پسا دە پێمان بڵێن، بزانین چ ڕوویداوە.

بەخۆ بادان و ڕوو گرژییەوە گوتیان:

- کـوڕە چیتـان پـێ بڵێیـن، کارەسـاتێکی ئەوەنـدە گەورەیـە هەرچەنـدی دەکەیـن زارمـان ناپچڕێـت پێتـان بڵێیـن.

گیاندارەکان، بە تاسانەوە گوتیان:

- کارەساتێکی دیکە!؟.

بـۆرە وەك شـفتی زۆر بـە بڕکـەوە بمێنێـت بـە پتێـك دەتەقـی و بـە تووڕەیـی و دەنگـی یەکجـار بـەرزەوە بـە سـەریانیدا قیرانـد و گوتـی:

- لەگەڵ کێمانە؟.

مزیـڕ ترسـا لێـی، کـە لـە حەژمەتـان زەبرێکیـان لـێ بـدات، بۆیـە هـەرزوو کڕنووشـی بـۆ بـرد و گوتـی:

- گـەورەم چیـت لـێ بشـارینەوە کـە شـانەفرەجا نێچیرەکـەی لـێ وەرگرتیـن پێیگوتیـن: مـن شـەو و ڕۆژ خواردنـم دوو نێچیـرە، بـەڵام کـە هاتمـە ئـەو دوڕگۆکەیـە ئێـوە بـێ قـڕە قـڕ و دواکەوتن بـە هێمنییەوە خواسـتتان جێبەجێ کـردم، خۆشەویسـتیم کەوتـە سـەرتان بۆیـە دڵـم بەروەسـت «ڕێ»ی نـەدا لـە نێچیرێکتـان زیاتـر داوا لـێ بکـەم، ئـەوە دە دوانـزدە ڕۆژە بـە نیـوە برسـێتیم بەسـەر بـردووە و توانیـم ئەوەنـدە خۆڕاگـرم، بـەڵام لـە مـەودوا چیدیکـەم لە

توانـادا نییـە و دەبـێ لـە شـەوی داهاتـوودا دووان دووانـم بـۆ بێنـن.

گیانـدارەکان بـە جارێـك دەسـتیان لـە خۆیـان بـەردا و ئەوەنـدە شـپرزە بـوون زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە تـاوان خۆیـان بـە پـاوە نەگـرت و هێندێکیـان تەپەیـان هـات بەربوونـەوە، هێندێکیشـیان دانیشـتن. بـۆرە نەبێـت لـە دڵـەوە گوتـی: «بەڵـێ سـۆرە و تۆرەیـان زێـدە بوونـە و نێچیرێـك چـۆن بەشـیان دەکات؟». بـەڵام هیـچ خـۆی لـە گـوورە نەبـرد و بەڵکـو سـایلی زۆربـەی هاوڕێکانـی قوونـا و قـوون خـۆی بـەرداوە و وەك کەوتبێتـە دالغـە لێـدان هـەردوو دەسـتی تونـد بـە سـەریەوە گـرت.

## شەوی نۆزدەمین

ئـەو شـەوە خـەو نەچـووە چـاوی گیانـدارەکان. هـەر بابـا بـوو بـە تەنیـا بـێ هەسـت و خوسـت و خەمبـار لـە لایـەک بـە ڕاکشـاوی لاتـە عەردێکـی گرتبـوو تاکولۆکیشـیان وەك فەقـێ «قوتابـی» لـە کاتـی دەورکردنـەوەدا لـە ڕابیتـە «ئامەشـۆ» دا بـوو. بـێ خولقـی و ڕووی گـرژی لـە بچمیانـەوە بـە بارەبـاڕ دیـار بـوون، تەنیـا بـۆرە و زیقـە نەبـن، بـە تایبەتـی ئەویـان لـە خۆشـییان شـتاقە لنگـی زەوی نەدەگـرت، بـەڵام بـۆ ئـەوەی سـورتك و گزیـر و مزیـڕ هەسـت نەکـەن وای نەکـرد لـە زیقـە بـەولاوە کـەس بزانێـت. هـەر کـە بەیانـی دا و سـەگ و گـورگ تـەواو لـە یـەک بوونـەوە، ڕووی لـە زیقـە کـرد و گوتـی:

- کاکـە لـە نـاو گیاندارەکانـدا تـۆ و چرتـە ڕێزتـان یەکجـار زۆرە و پایەتـان بـەرزە، بـە تایبەتـی تـۆ. چونکـە هۆزەکـەی تـۆ لەبـەر لـەش بچووکـی شـانەفرەجا، تائێسـتا بـە قوربانـی وەرنەگرتـوون بۆیـە تـۆ ئەمـڕۆ هـەر

کارێـک لـە پێنـاوی مانـی گیانـدارەکان بکەیـت لـە چاکـە و مەردایەتـی خۆتـە و لـە نێـو دڵیانـدا زیاتـر خۆشەویسـت دەبیـت.

زیقە زۆری هەوەست پێهات.

بۆرە گوتی:

- کارێکـی گرنگـی دیکـە هەیـە ئەگـەر بێـت و بیکەیـت ئەوکاتـە مـن و گیانـدارەکان تـا ماویـن لـە ژێـر چاکـەت دەرناچیـن.

زیقـە کـە ئەمـەی لـێ بیسـت لـە خۆشـییان دەمـی بـەش بـووەوە و بـە دڵسـۆزییەوە گوتـی:

- هەرچی دەڵێیت ئەگەر گیانیشمی تێدا بچێت ئامادەم.

بۆرە گوتی:

- ئافەرین.

دەمێک کپ بوو ئەوجا گوتی:

- دەمەوێت بە دزی بچیت شانەفرەجای بەچاو ببینیت و بزانیت چۆنە.

زیقـە لـە ترسـانا ڕاچڵەکـی و ڕەنگـی وەك زەردەچـوو زەرد هەڵگـەڕا و قسـەی بـۆ نەهات.

بـۆرە هەسـتی پێکـرد بـۆ دڵدانـەوەی دەسـتی بەسـەریدا هێنـا و لەگـەڵ ماچکردنیـدا گوتـی:

- دەزانـم سـامی لـە نێـو دڵمانـدا یەکجـار زۆرە، بـەڵام لام وایـە ئـەو شـانەفرەجایە نییـە کـە بـە ئێمـە گوتـراوە.

زیقە هەر زوو گوتی:

- ئەدی چییە؟

بۆرە گوتی:

- نازانم، بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ ئاشکرا بووە کە دڕندە نییە.

زیقە حەیر ما و باوەڕی بە قسەکەی نەهات، بۆیە گوتی:

- کـە دڕنـدە نەبێـت ئـەدی ئـەو هەمـوو قوربانییـە لـە سـکی کـێ سـاخ بووەتــەوە.

بۆرە گوتی:

- لە سکی گزیر و مزیڕ و سورتکدا.

زیقە دیسان باوەڕی نەهات، بە حەپەسانی زیاترەوە گوتی:

- ئەدی ئەوان ناڵێن: ئێمە گۆشتخۆرنین!؟

بۆرە تۆزێك گرژییەوە گوتی:

- ئاخـر ئـەو خۆشـباوەڕیەمانە تووشـی ئـەو ماڵوێرانییـەی کردوویـن: ئەگەرنـا دڕنـدە ڕاسـتییان لایـە؟

زیقە هەر دوودڵ بوو وەڵامی داوە و گوتی:

- هـەر چۆنێـک بێـت هـەروەك گۆتـم ئەگـەر گیانیشـم تـێ بچێـت لەبـەر خاتـری جەنابـت و بەرژەوەندیـی گیانـدارەکان هـەر دەچـم.

بـۆرە ئـەو کات لەسـەر ناولەپـی خـۆی دانـا و دووجـار لەسـەر یـەك ماچـی

کـرد و گوتـی:

- هەرچەنـد بچووکیـت ئەوەنـدە مەردیـت، بـەس داوات لێدەکـەم بـۆ ئەوەی لەمـلاو لـەولا نەبیندرێیـت ئاشـکرا نەبیـت تـا دەگەڕێیتـەوە لای مـن هەرگیـز نابـێ بەسـەر داران هەڵگەڕێیت.

زیقـە ئەگەرچـی لـە دڵـەوە زۆر دەترسـا، بـەڵام فەرمانـی بـۆرەی ئەوەنـدە لا گـەورە بـوو لـە توانایـدا نەبـوو بڵێـت ناچـم.

بـە ماتەمـات و ترسـێکی زۆرەوە بـە ژێـر داران هەپیـەی لێکـرد. لـە نێـوان چەنـد هەنگاوێـک تـرس دایدەگـرت و ڕەق ڕادەوەسـتا، بـەڵام بـەردەوام بـوو. بـۆرە لەسـەر ئـاو و ئاگـر بـوو. تـا زیقـە بـە هەڵـەداوان و تـرس و لـەرزەوە گـەڕاوە. خێـرا بـە پیرییـەوە چـوو، لێـی پرسـی و گوتـی:

- ها... دیتت؟.

زیقـە بـە پشـوو سـوارییەوە کـە دەتگـوت بـە حـەوت کەسـان ڕاویـان نـاوە گوتـی:

- بەڵێ دیتم.

بـۆرە خەنـی بـوو جـارێ چـی نەکـرد ئەمـلا و ئـەولای پـڕ بـە دڵ مـاچ کـرد و گوتـی:

- ئافەرین، ئافەرین بە ڕاستی ئازا و چاونەترس و نەبەرد و دڵسۆزیت.

بەم پێهەڵدانە زیقە تۆزێک ترسەکەی ڕەوییەوە و گوتی:

- مـن کـە سـەر و گـوێ و چـاوە گـەورە و عاجباتییەکانیـم دیـت زراوم چـوو، نەمتوانـی خـۆم ڕابگـرم تـا تـەواو لەشـی ببینـم تەقلەکـوت گەڕامـەوە.

بـۆرە ئەگەرچـی زۆری پـێ ناخـۆش بـوو کـە لەشـی نەدیتـووە، بـەڵام لـە دڵـەوە بـووە لایەنگیـری و گوتـی: «ناحەقـی نییـە. دەزانیـت گزیـر مزیـڕ و سـورتك و سـۆرە و تـۆرە چەنـد بـە گەورەیـی و زەبەلاحیـان هەڵـدا؟ چاکیشـە ئەوەنـدەی پـێ کـرا!».

زیقـە مـا باسـی سـەر و گـوێ و چـاو و دەم و کونـە لووتـی دووبـارە و سێ بـارە بکاتـەوە. بـۆ ئـەوەی لـە دڵـی بـۆرەی بچەسـپێنێت لەسـەر زەوی وێنـەی سـەری شـانەفرەجای بـەم شـێوەیە کێشـا.

بـۆرە لـە منداڵییـەوە دایـک و باوکـی بـۆ ئـەوەی دوارۆژ بتوانیـت گیانـی خـۆی بپارێزێـت، هـەر چەنـد دەعبـا و دڕنـدە و گیانـداری زلـی ناوچەکـە بـوو بـە وێنەکێشـان لەسـەر زەوی پێیـان ناسـاند بـوو، چاکیشـیان حاڵـی کردبـوو کامیـان گۆشـتخۆر و زیانبەخشـە، کامیـان پووشـخۆر و بێزیانـە. کـە وێنەکـەی زیقـەی چاوپێکـەوت لـە خەنـی خۆشـییان لـە زگ بـوو دڵـی لـە لێـدان بوەسـتێت، لای وابـوو بـە هەشـتی گیانـداران سـەرتاپا بـووە موڵکـی، یەکسـەر هەسـتاوە و دەسـتی بـە هەڵپەڕیـن کـرد، دیسـان زیقـەی گـرت و ماچـی کـرد و گـوت:

- زیقـە گیـان نازانـم چـۆن چاکـەت پـڕ بکەمـەوە، کە ئـەو خەبەرە خۆشـەت هێناوە.

زیقـە جـار لـە جـار بـە قسـەکانی بـۆرە کەیفـی پـتر دەهـات، بـەڵام ئـەم جـارە نەیدەزانـی هـۆی خۆشـییەکە چییـە تـا بـۆرە درکانـدی و گوتـی:

- ئـەو شـانەفرەجایەی کـە لێیـان کردوویـن بـە دێـو و عیفریـت و عزرائیلـی ڕوحکێـش، بـە دەیـان قوربانیـمان پێشـکەش کـردووە، دەزانـی چییـە؟ زیقـە بـە حەیرمانـەوە گوتـی:

- نە بە خوا نازانم.

بۆرە گوتی:

- مژدە، مژدە گیاندارێکی گیاخۆری زۆر بێدەسەڵات و بەستەزمانە.

زیقـە کـە حاڵـی بـوو لـە خۆشـییان چـاوی لـە مۆڵـەق وەسـتاو، تـەواو بـاوەڕی پـێ نەهـات بۆیـە بـە واقوڕمانـەوە گوتـی:

- بە چ دەزانیت!؟

بۆرە گوتی:

- بەم وێنەیە، کە تۆ کێشاوەتە.

زیقە بە حەپەساوییەوە گوتی:

- دیارە بە چاوی خۆت ئەوت بینیوە؟

بۆرە گوتی:

- نـەم بینیـوە، بـەڵام کاتـی خـۆی کـە گچکـە بـووم، بـۆ ئـەوەی خـۆم لـە دڕنـدەی گـەورە دوور بگـرم، دایـک و باوکـم بـە وێنـە چـی گیانـداری زلـی ناوچەکـە بـوو زیانبەخـش و بێزیانیـان پـێ ناسـاندم. وێنەیەکیـان لـە پێـش کـردم سـەری وەك ئـەم وێنەیـەی تـۆ وابـوو پێشـیان گوتـم: «گوێدرێـژ، یـان کـەری پێدەگوترێـت».

زیقـە بـڕوای هـەر نەهـات. بـۆرە ئـەوکات لـەش و دەسـت و پـێ و کلکـی بـۆ وێنەکـەی زیقـە کـرد و، ئەوجـا گوتـی:

- زیقـە گیـان بـۆ دڵنیایـی ئـەم جـارەش بچـۆ دیقـەت بکـە و بزانە شـانەفرەجا

وەك ئـەم وێنـە وایـە و خواردنـی چییـە. ئەگـەر بۆشـت لـوا نەختێـک لـە پیسـاییەکەییم بـۆ بهێنـە.

زیقە بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- پیساییت بۆ چییە!؟

بۆرە گوتی:

- بەهۆی پیساییەکەی دەزاندریت گۆشتخۆرە، یان پووشخۆرە.

زیقە ویستی بڕوات بۆرە دووبارە پێی گوت:

- ئـا... لـە بیـرم نەبـوو بشـڕوانە ژێـر پـێ و دەسـتەکانی ئاسـنێکی تەنکـی پێوەیـە.

زیقە بەم پرسیارە هێندەی دی سەراسیما بوو، گوتی:

- جا ئەوەی تۆ دەڵێیت دەبێت دەست و پێی ئاسن بن؟.

بۆرە بە زەردەخەنەوە گوتی:

- نەخێـر، بـەڵام بـۆ ئـەوە لـە کاتی ئیـش و، زۆر هاتوچۆکـردن لەسـەر دار و بـەرددا دەسـت و پەنجـەکانی نەسـوێن و برینـدار نەبـن و، ئیـشی بـاش پـێ بکرێـت خاوەنەکـەی کـە بنیـادەم بـووە وەختـی خـۆی ئاسـنی لـێ داون، کـە پێـی دەڵێـن نـاڵ.

زیقە ئەمەی چووە عەقڵ و بە سەر لەقاندن و کەیفخۆشییەوە گوتی:

- بەڵـێ بۆیـە گزیـر و مزیـڕ دەیانگـوت هـەر چـوار پەلـی ئاسـنن. ئەمـەی گـوت و بـە شـادییەوە لێـدا ڕۆیشـت.

هەر کە هاتەوە هەر لە دوورەوە بە کەیف و پێکەنینەوە گوتی:

- کاکە بۆرە خۆ قسەکەت ڕاست دەرچوو، شانەفرەجا گیاخۆرە، کتومت وێنەکەیە و ژێر پەلەکانی ئاسنن.

بۆرە لە خۆشیاندا وەختابوو جووتە باڵی بۆ بڕسکێت و، تەزووی شادی لە بنی پێی ڕا پەیدابوو لە تۆقی سەری دەرچوو. لەبەر قسەکردنی زیقە نەبووایە ئەودەم هەڵدەستا شایی سێ پێی دادەمەزراند.

زیقە گوتی:

- گیایەکی زۆر لە پێشی کەڵەکە کرابوو، قەپی لێدەدا ئەما قەپ.

بۆرە گوتی:

- گیاکە گزیر و مزیڕ و سورتك بۆیان کردووە و، بە دڵسۆزییەوە خزمەتی دەکەن تا ئاوا بەهۆی ئەوەوە لە ئێمە بە ئاوات گەیشتن. کاتێك ئێمە لەبن هاتین ئەوجا ئەویش دەخۆن.

زیقە بە حەیرمانەوە گوتی:

- چما ئەو زەبەلاحە دەرەقەتی گزیر و مزیڕ نایێت!؟.

بۆرە گوتی:

- ئەدی پێم نەگوتیت زۆر بێدەسەڵاتە؟.

زیقە هێندە تەرسەقوڵی شانەفرەجای لەناو گەڵادار نابوو دایە دەست بۆرە و گوتی:

- ئەمەش پیسایيەکەیەتی.

بـۆرە دوای سـەیرکردنی بـە یەکجـاری دڵنیابـوو کـە شـانەفرەجا  گوێدرێـژە. ئەوجـا بـە زەردەخەنـەوە بـە زیقـەی گـوت:

- تـا لایـەک بـە لایـەک دەبێـت، گزیـرو مزیـڕو سـورتك دەسـتگیر دەبـن، هەرگیـز نابـێ لای کـەس بیدرکێنیـت.

زیقە بە پێکەنینەوە گوتی:

دڵنیابە کەس لە زاری منی گوێ لێ نابێت.

## شەوی بیستەم

بـۆرە ئـەو ڕۆژە تـا خـۆر لەکەلـی کـەوت هـەر لـە سـەروبەری پیلاندانـان بوو کـە چـۆن و بـە چ ڕێگایـەك گزیـر و مزیـڕ و سـورتك بخاتـە داوەوە و نەتوانـن خۆیـان دەربـاز بکـەن. دواجـار بیرێکـی بـۆ هـات یەکسـەر خـۆی گەیانـدە چرتـە و سـەربردەکەی هـەر لـە سـیری هەتـا پیـازی بەڕێکـی بـۆ گێـڕاوە. چرتـە لـە خۆشـیيان ڕەنگـی سـوور سـوور هەڵگـەڕا و پشـووی لەگـەڵ سـوار بـوو، بـەڵام تـەواو دڵنیـا نەبـوو، بۆیـە پرسـیاری لێکـرد و گوتـی:

- چما ئەو نەگبەتە گەورەیە لەمەڕ ئەوانە!؟.

بۆرە گوتی:

- بەڵێ لەمەڕ ئەوانە.

بـە جارێـك خەنـی بـوو، ئـازای لـەشی نەمـا تـەزووی شـادی تـێ نەگەڕێـت بەوپـەڕی خۆشـییەوە گـوتی:

- ئەدی بۆ لە شەوێوە ئێمەت ئاگادار نەکرد؟.

بۆرە گوتی:

- مزیـڕ و سـورتك زۆر وریـا و بـە هەسـتن و، بـۆ چاودێـری ئێمـەش هـەر چاوێکیـان کردووەتـە چـوار چـاو ترسـام بزانـن و لـە دەسـتمان دەربچـن.

چرتە گوتی:

- دیارە نیازت وایە شەو بیانگریت؟.

بۆرە گوتی:

- نەخێـر لـە ئێسـتاوە زووتـر نییـە، بۆیـەش تـۆم ئـاگادار کـرد تـا یارمەتیـم بدەیـت.

چرتە گوتی:

- فەرموو.

بۆرە ئەوکات چرتەی بردە پەنایەکی نەدیوو پێیگوت:

- مـن لێـرە خـۆم کـز و مەلـوول هەڵدەیەخـم، تـۆش هـەر جـارێ یەکیـان بـە فێڵێـك هەڵفریوێنـە و بـۆ لای منـی بێنـە. تـا هـەر سـێکیان باڵبەسـت دەکەیـن. بـەڵام نەکەیـت بـە هیـچ جۆرێـك گیانـدارەکان هەسـت پـێ بکـەن. بێگومـان ئـەوکات لـە هەڵـڵا دەدەن.

چرتـە ئـەو فەرمانـەی ئەوەنـدە پێخـۆش بـوو لای وابـوو ڕۆنی لـە قەلـب دەدرێـت یەکەمجـار چـووە لای سـورتك و پێیگـوت:

- شـوانە حۆلـە زۆر خەمگیـن و پەڕۆشـە بـۆ نایەیـت بچینـە لای تۆزێـك دڵـی

بدەینـەوە؟ ئێ...هــ بەڵکـی بـە هەمومـان تەگبیرێکیـش دەکەین.

سورتك بێ سێ و دوو بە بزەیەکەوە گوتی:

- سەرچاو.

زیقـە لـە سـەرداران سـایەی «حەسحەس» بـوو کـە چرتـە و سـورتکی دیـتن بەلـەز چـووە خـوارەوە و بـۆرەی ئـاگادار کـرد.

بـۆرە ئـەوکات دەسـتی لـە گەشـکەژنۆی وەرانـد و سـەری بەخـۆدا شـۆڕ کـردەوە و، گـوڕ گـوڕ فرمێسـکی لـە چـاوان دەبارانـد.

سـورتك کـە بـەم حاڵـەی دیـت خەنـی بـوو، بـەڵام بەسـەر خـۆی نەهێنـا و لـە دڵـەوە گوتـی: (ئۆخـەی ئـەوە تۆیـت مەلعـوون ورەت بـەرداوە؟).

ئەوجـا دەسـتی بـە گریـان کـرد و ویسـتی ئامێـزی تێوەرێنیـت و ماچـی بـکات، بـۆرە زوو بیناقاقـای گـرت و پێیگـوت:

- ئـەوە دەگرییێـت فەرمەسـۆن، زەندیـق، بـێ ئەمـەك؟ چاکـەی ئێمـەت ئـاوا پـڕ کـردەوە؟ کـە ئێمـە نەبووینایـە هەتـا هەنووکـە ئێسقانیشـت نەمابـوو. ئـەوە تۆبـەت کـردووە وەنـا؟.

چرتە گوتی:

- خوویەك گرتی بە شیری، بەری نادا بە پیری.

سـورتك زانـی ڕیسـەکەی لـێ بـووەوە خـوری و ئـەو ڕۆژەی پـێ بچێـت ئەمڕۆیـە زاری بەسـترا و مـرد و سـۆت قسـەی بـۆ نەهـات.

بـۆرە ئـەوکات بـە کشـتکە بـەن هـەر چوارپەلـی شـەتەك داو لـە بنەدارێکـی

بەستاوە. گزیر و مزیرِیش بەم چەشنە باڵبەست کران. ئەوجا بۆرە بە زیقەکەی گوت:

- بچۆ بە دزی بە حوتە بڵێ بێتە ئێرە.

کە حوتە هات و چاوی بە گزیر و مزیرِ و سورتك کەوت عاجباتی ما. هەر کە مەسەلەکەیانی زانی خۆشی دایگرت و، دوو سێ تفی حێلی لە دورِ چاوی هەر سێکیان کرد و، بە تەمابوو قسەی دزێویان پێ بڵێت، بۆرە نەیهێشت و پێیگوت:

- ئێمە تۆمان بۆ ئەوە بانگ نەکردووە تا بە قسە سەرکۆنەیان بکەیت.

حوتە هەر زوو گوتی:

- فەرموو.

بۆرە گوتی:

- دەمانەوێت خۆت و سێ چوارێک لە قەوم و خوێش بە نهێنی کەس نەزان تا شەو دادێت ببنە ئێشکگر. ئەگەر یەکیان پەل بزاوتی کرد بە پەڕان هەردوو چاوی کوێر بکەن.

حوتە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوتی:

- گەورەم ئەمە بە من گەیشت.

بۆرە گوتی:

- دەبێ بەشێوەیەکی وابێت هیچ کەس هەستتان پێ نەکات.

حوتە گوتی:

- کاکی تۆم پێ دەڵێن.

کـە شـەو داهـات بـۆرەی قەپـڵان بـە دزی زیقـە و قیتـە و خرتـەی ئـاگادار کـرد بـە مەرجێـک دەنگیـان لێـوە نەیـەت. کاتێـك شـانەفرەجا هەروەکـو بـۆی داندرابـوو بانگـی کـرد و گوتـی:

- گیانـدارەکان تائێسـتا توانیومـە بـە نێچیرێـک لێتـان ڕازی بـم و بـە برسـێیتی خـۆم ڕابگـرم، بـەڵام هەروەکـو بـە گزیـر و مزیـڕ و سورتکیشـم گوتبـوو چیـدی خـۆم پـێ ڕاناگیرێـت لـەم شـەوڕا دووانـم دەوێـت.

گیانـدارەکان لـە شـەوی پێشـترەوە لـە دڵیـان ڕوون بـوو، یەکیـان لـێ ڕزگار نابێـت، بـە دەسـت شـانەفرەجا لـە نـاو دەچـن، بۆیـە لـە جـاران زیاتـر تێکنەچـوون.

بـۆرە لـە دڵـەوە بـە تەوسـەوە گوتـی: (نـاوی گزیـر و مزیـڕ دەزانێـت، کەچـی نازانێـت گورگـی کەنعانـن) جـا بانگـی ڕاهێشـت و گوتـی:

- ئەم شەو نۆرەی کام چینتانە قوربانی بدات؟.

گیانـدارەکان لەبـەر ترسـی گیانـی خۆیـان ئاگایـان لـە نـۆرە نەمابـوو، کـە دەمێکـی پێچـوو لـە هیـچ لایەکـەوە دەنـگ نەبـوو چرتـە لـە جێگـەی خـۆی قیـت بـووەوە و گوتـی:

- نۆرەی ئێمەیە و من بە خۆم ئامادەمە.

مامـزەکان ئەگەرچـی لـە دڵـەوە زۆریـان پـێ ناخـۆش بـوو، بـەڵام لەبـەر شـپرزەیی خۆیـان لـە توانایانـدا نەبـوو نارەزایـی خۆیـان دەرببـڕن.

بـۆرە نیـازی وابـوو بڵێـت دوای مامـزەکان نـۆرەی کام چینتانـە زیقـە هـەر

وەکـو واڕێـك کەوتبـوون دەستپێشـخەری کـرد و گوتـی:

- کەلەشـی چرتـە زۆر گەورەیـە، لەگـەڵ کەلەشـی مـن شـانەفرەجا دەبـێ بـە دووانمـان دابنێـت.

سـمۆرەکان کـە تـا ئەوکاتـە چیـان لـێ نەقەومـا بـوو، کـە ئەمەیـان بیسـت لـە ناوخۆیـان بـووە مقۆمقـۆی: «نابێـت زیقـە بێـت» کەچـی واقیـان وڕمـا و دەمیـان بـووە تەڵـەی تەقیـو، کـە گوێیـان لـە بـۆرە بـوو گوتـی:

- منیش هەروام ڕا لەسەرە کە زیقە بێت.

بـۆ ئـەوەی گیانـدارەکان هەسـت نەکـەن بیکەنـە هەڵـڵا و شـانەفرەجا تـێ بـگات و بـۆی دەربچێـت بـۆرە گوتـی:

- دەبـا گزیـر و مزیـڕ و سـورتك بێـن بیانبـەن. هـەر چەنـد چاویـان بەمـلا و بـەولادا گێـڕا و هەسـتی خۆیـان ڕاگـرت هیـچ نەبـوو. بـۆرە بەشـێوەیەکی ئاسـاییەوە گوتـی:

- ڕەنگـە لەبـەر خەفـەت و بەزەیـی هاتنەوەیـان بـە ئێمـەدا دڵیـان چیـدی بەروەسـت نـەدات قوربانیـمان پێشـکەش بـە شـانەفرەجا بکـەن.

میرەکان کە پێشتر بۆیان داندرابوو گوتیان:

- ئەی تەکبیر..، کێ بیان بات؟.

بۆرە گوتی:

- من بەخۆم دەیانبەم.

کەمێـك لـە گیانـدارەکان کـە تـۆزە ئومێدێکییـان بـە بـۆرە مابـوو دەربازیـان

بـكات، هێشـتا نەترەشـیان تـەواو بەرنەدابـوو پێیـان ناخـۆش بـوو، بۆیـە پێیانگـوت:

- نابێ تۆ بیت.

زیقە گوتی:

- دەبێ و زیاتریش، ئەدی ئەویش دڕندە نییە؟

دوای ئـەم قسـەیە بـۆرە چرتـە و زیقـەی بـە پێـش خۆیـدان. كاتێـك شـانەفرەجا بـۆرەی دیـت هەمـوو گیانـی لـە ترسـان تـەزی و چۆڕەمیزكـەی گـرت و ویسـتی ڕابـكات، بـەڵام بـۆرە هـەر زوو بەسـەریدا نەڕانـدی و گـوتی:

- لە جێگەی خۆت بجووڵێیت پارچە پارچەت دەكەم.

شـانەفرەجا لـە ترسـانا هـۆشی تـەواو لـە خـۆی نەمـا و هەمـوو گیانـی دەلـەرزی و پـەلی هەڵاتنـی شـكا.

بـۆرە گەیشـتە لای و پەتێكـی لـە باخـەڵ دەرهێنـا و لـە مـلی كـرد و بـە دوای خـۆی بەكێـشی كرد.

كـە شـانەفرەجا دەنگـی لێـوە نەهـات و لـە دوای بـۆرە سـاڵدانە هەنـگاوی نـا، چرتـە و زیقـە ئـەوكات تـەواو دڵنیـا بـوون كـە شـانەفرەجا دڕنـدەی گۆشـتخۆر نییـە.

## شەوی بیست و یەك

ئازیـزەكان ئـەو شـەوە نەنكـم پێـش ئـەوە ئەلفـازی لـە بـارەی هەقایەتەكەوە

لـە دەم دەربێـت پێیگوتـم: «ڕۆڵـە ئەم شـەو ئاخـر و ئۆخـری هەقایەتەکەیە». منیـش بـۆ ئـەوەی بزانـم ئەنجـام بـە چ دەگات مەراقـی هەسـت ڕاگرتـن لـە جـاران زیاتـر بەسـەرمدا زاڵ بوو.

داپیرم دەستی پێکرد و گوتی:

- گیانـدارەکان دوای ڕۆینـی بـۆرە بـە یەکجـاری دەسـتیان لـە خۆیـان بـەردا و لـە میـرەکان بترازێـت بـە ئەنـدازەی نووکـی دەرزی تەمایـان بـە گیانـی خۆیـان نەمـا. بـۆ حاڵـی خۆیـان هێندێـك هـەر ئـاخ و داخ و پەکـوو پەکوویان بـوو. هێندێکـی دی لەبـەر خۆیانـەوە دەکوڕکانـەوە. هێندێکیـش خۆیـان پـێ نەگیـرا و کردیانـە داد و فیغانێـك ناگیردرێتـەوە.

ئـەوان لـەم بـارە ناهەمـوارە و شـپرزەییەدا بـوون لەنکاوێـك دیتیـان: چرتـە و زیقـە سـواری سـەر پشـتی دەعبایەکـی زۆر گـەورە و عاجباتـی بوونـە و بـۆرە سـەری ڕادەکێشـێت. چاشـمیش بـوون و دەمیـان بـەش بـووەوە و هەرگیـز نەیاندەزانـی مەسـەلە چییـە. بـە تایبەتـی کـە لـە لایەکـی دیکـەوە بینییـان میـرەکان گزیـر و مزیـڕ و سـورتکیان بـە پـەل بەسـتراوی هێنـان سـەرتاپا لـە شـوێنی خۆیـان هەسـتانەوە و هێـدی هێـدی، بـێ ورتـە بـەرە و پیریانـەوە چـوون تـا بزانـن چییـە گەماڕۆیـان دان.

بۆرە چووە سەر شوێنێکی بەرز و تا دەنگی تێدابوو گوتی:

- خۆشەویسـتەکان ئـەو کارەسـاتەی کـە چەنـد ڕۆژە تووشـمان بـووە و ژیانـی لـێ تـاڵ کردبوویـن، بـە دەیـان قوربانـی پێداویـن مـژدە، یەکـەم بەهـۆی هاریـکاری و یەکێتیـمان، دووەم بەهـۆی چالاکـی و بلیمەتـی و جانفیدایـی چرتـە و زیقـەوە بەسـەریدا زاڵ بوویـن و هەتـا هەتایـێ جارێکـی دیکـە نـای بینینـەوە.

گیانـدارەکان کـە ئەمەیـان بیسـت، ئەگەرچـی باوەڕیـان نەهـات، بـەڵام گشـتیان گوراحیـان تۆزێـك هاتەبـەر و پشـووی ئومێدیـان خـواردەوە و بـزە پەڕییـە دەموچاویـان، هـەر یەکەیـان تـا بـاش گوێـی لـە قسـەکانی بـۆرە بێـت زیاتـر ملـی خـۆی هەڵکێشـا.

بۆرە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی:

- ئـەو شـانەفرەجایەی کـە گزیـر و مزیـڕ و سـورتك و سـۆرە و تۆرە، بـۆ ئەوەی لێـمان ئـاوا بـە ئـاوات بگـەن تۆومـان بـە یەکجـاری ببڕنـەوە کردبوویانـە حووجـی عەلـەق و سـەری لـە کەشـکەلانی ئاسـمان و هیـچ دڕندەیـەك لـە جیهانـا دەرحەقـی نایێـت و ڕۆژی دوو نێچیـر نەبێـت بەشـی ورگـە زلەکـەی نـاکات...

لەگەڵ هێماکردن بۆ دێزە:

- ئـا ئـەم گیانـدارە بەسـتەزمانەیە. بەهـۆی دەنگەکـە و پڕوپاگەنـدە پێداهەڵدانـی گزیـر و مزیـڕ و سـورتك لـە مێشـکی گیانـدارەکان چەسـپی بـوو کـە شـانەفرەجا ئەوەنـدە زەبەلاحـە بـەلای کەمـی دە هێنـدەی دێـزە دەبێـت، بۆیـە باوەڕیـان نەهـات و دوو دڵ بـوون، بـەڵام شـادی و خـۆش گوراحـی دایگرتـن و ئـەو گیانـدارە مـچ و مـۆڕ و ڕووگـرژ و بـێ خولقەکـەی جـاران نەمـان و بـە مـەراق و قوڵاخییـەوە هەسـتیان بـۆ دەمـی بـۆرە ڕاگرتبـوو. بـۆرە لـە هەست دەرنەبڕینـی هاوڕێکانـی زانـی بڕوایـان تـەواو بـە قسـەکانی نییە بـۆ ئـەوەی دڵنیایـان بـکات بـە زەردەخەنـەوە بـە بـەر گوێـی دیـزەدا چرپانـدی و گوتـی: (یاڵـلا بـە دەنگـە ناسازەکەت بۆیـان دەڕبخـە کـە شـانەفرەجایت).

دێـزە لـە ترسـی گیانـی خـۆی تـا هێـزی هەبـوو زەڕی چتـۆ زەڕێنێـك

گیانـدارەکان ورد و درشـت بـە هـەردوو دەسـتان گوێـی خۆیـان گـرت ئەوجـا دڵنیـا بـوون کـە ئـەو دەعبایـەی چرتـە و زیقـە سـواری پشـتی بوونـە شـانەفرەجایە. لـە خۆشـیان بـووە چەپڵەڕێـزان و فیتەلێـدان و هەلەکـە سـەما و هەڵڵایـەك سـەگ خاوەنـی خـۆی نەدەناسـییەوە، تـا بـۆرە بـە سـەریانیدا نەڕانـد و بێدەنگـی کـردن و جـا گوتـی:

- ئازیـزەکان ئـەو دکـرەی بـە ئێمـە کـراوە کـە تـا ئەمـڕۆ بـە کـەس نەکـراوە چـاك بزانـن هەمـووی لـە نەزانیـن و خۆشـباوەڕی و دوورنەبینـی و سـاویلکەیی خۆمـان بـووە.

بە زەردەخەنەوە گوتی:

- بـە سـورتکمان بـڕوا کـرد کـە تۆبـەی کـردووە، گزیـر و مزیرِیـش گورگـی کەنعانـن گۆشـتخۆرنین. بەڵـێ هەمـوو سـووچی خۆمـان بـوو. ئەگـەر تۆزێـك بیـر تیـژ بووینایـە هەرگیـز بـە فێـڵ و تەڵەکەبـازی دڕنـدان هەڵنەدەفریواین. دەبووایـە بمانزانیبووایـە دڕنـدە لـە هـەوەڵ ڕۆژی پەیـدا بـووە ئـەوەی ڕاسـتی و بەزەییـە لـە ئاسـت نێچیـر لـە دڵیـدا نییـە و نایێـت.

بـۆرە پشـوویێکی خـواردەوە. دیسـان بـووە بـەزم و ڕەزم و هەڵڵایەکـەی گۆریـن.

بـۆ ئـەوەی گیانـدارەکان لـە سـەرهەڵدانی ئـەو نەگبەتـەی کـە بەسـەریان هاتـووە بگـەن، بـۆرە سـورتکی بڵنـد کـرد و لـە پێـش چرتـە و زیقـە، لەسـەر پشـتی دێـزەی دانـا و گوتـی:

- ئـەوەش بزانـن سـەری سـەبەبان و ئاگـری بنکایـێ ئـەو سـپڵە بـێ ئەمەکەیە دەفەرمـوون گوێـی لـێ بگرن چ شـەکر دەشـکێنێت.

سـورتك لـە ترسـی گیانـی خـۆی ڕەنگـی بـە جارێـک پـەڕی بـوو، لێوەکانـی تەتەڵەیـان دەکـرد. ویسـتی پرتۆخـی خـۆی لـە پێـش ئـەو عەشـاماتە زۆرە دەرنەخـات. دوای دەمێـک بـۆرە چـاوی لـێ سـوور کـردەوە و بـە سـەریدا قیژانـد و پێـی گـوت:

- یاڵلا لەگەڵ کێمە؟.

سـورتك خۆشـی و ترشـی ناچـار بـە جاوەجـاو بەسـەرهاتەکەی لـە ئەلفـەوە تـا یـێ، بـێ پێـچ و پەنـا زیـاد و کـەم گێـڕاوە.

گیانـدارەکان کـە ڕاسـتییەکەیان بـۆ واڵا بـووەوە وەك ئەسـپێکی خورتـی تێـر جـۆ بەرەڵـڵا بکرێـت بـە خۆیـان نەوەسـتان و بیلبتـوون، بـە قـار و غەزەبـەوە هەڵیانکوتـا سـەری هەپـروون بـە هەپروونـی بکـەن. بـەڵام بـۆرە هـەر زوو لـە باوەشـی خـۆی گـرت، ئەوانیـش نەیانویسـت دڵـی بشـکێنن دەسـتیان بـۆ درێـژ نەکـرد.

بۆرە گوتی:

- ئازیزەکان ئارام بگرن، ئارام.

جـا فەرمانـی دا هـەر یەکەیـان چـووەوە جێگاکـەی خـۆی، بـەڵام زۆریـان لەبـەر دڵ بـوو کـە بەرگـری لـە سـورتك کـرد. بۆیـە دەنگەدەنگـی هەڕەشـەی تۆڵەسـەندنەوەیان هـەر دەهـات زیاتـر دەبـوو. بـۆرە بەدەنگـی بـەرزەوە بـێ هەسـتی کـردن و گوتـی:

- هاوڕێیـان دەردی سـورتك وا لەنـاو هەنـاوی منـە، بۆیـە چـارەی ئـەو بـە مـن گەیشـت و هەرگیـز نامەوێـت بـە کتوپـڕی لەنـاو بچێـت. لـە دواییـدا هـەر بەخـۆم دەزانـم بـە چ جـۆرە عەجەلـە مەرگیـەك دەیکـوژم.

گیانــدارەکان بــەم وتەیــە هەڵچوونەکەیــان وەك ئاگــری بڕەســۆرە بــووە گروفڕفڕێــك دامــرکاوە.

بـۆرە کـە دیتـی دۆسـتەکانی ساردبووونەوە سـورتکی لەسـەر پشـتی دێـزە دانـاوە.

زیقە چووست چووە بەردەمی سورتك قیت ڕاوەستا و ئەمەی گوت:

ئەوەی دۆستی گورگان بێ

دەبێ هەر ژێر فەرمان بێ

ملکەچ و خزمەتچییە

خاوەنی دەرزییەك نییە

تا ماوە لەم جیهانە

بێ دۆست و نیشتمانە

گۆردە هەردەم ئەوهایە

بۆ چینی خۆی بەڵایە

ئێمە گۆردەمان ناوی

با نەمانخاتە داوێ

گۆردەی بەدی بێ ئابڕوو

ئەنجامی کوشتنە زوو

گیاندارەکان چەپڵەیەکی توندیان بۆ لێدا.

بۆرە گوتی:

- خۆشەویستەکان من گوتم: سورتك بەمن گەیشت، گزیر و مزیڕ و دێزەش ئێوە خۆتان دەزانن.

دوای بیرکردنەوە و مشوورخواردن گیاندارەکان لەناوە خۆیان ڕێککەوتن و گوتیان:

- دەردی ئەوانەش ئێمە تیماری دەکەین.

ئەمەیان گوت و هەستان تێڕکەیەکی مووتاویان دروست کرد و ددانی گزیر و مزیڕیان خشت کێشا و تێرکەکەیان خستە سەر پشتی دێزە و، گزیر و مزیڕیان هەر یەکە خستە لایەکی تێڕکەکە، بە جۆرێك لمووزیان لەسەرپشتی دێزە گەیاندەوە یەك. جا بە گوریس توونە توونیان پێچا.

هەر کە بۆرە دیتی بە پێکەنینەوە ڕووی لە دێزە کرد و گوتی:

- ئەوا پێت دەڵێم تازووە لەم هەرێمە نەمێنیت و بە کام ڕێگادا هاتوویت هەر ئەو ڕێگایەش بگرەوە.

گیاندارەکان لە کاتی بەڕێکردنیدا دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد و ئەم بەستەشیان لەگەڵدا دەگوت:

هەی کەر، هەی کەر بە  زەڕەزەڕ

کەر ئەماکەر چووست و باربەر

نە ڕەش نە بۆر نە سپی پات

کەلەش گەورەی بێ دەسەڵات

جۆگمە کورت و هەگبە لە پشت

بە قسەی سورتك خۆی دا بە کوشت

لە بار بردن زۆر بە هێزە

هەچە هەچە کەرە دێزە

ئیدی بەم چەشنە کەرە دێزەیان بەڕێکرد، تا لە بوارەکە پەڕییەوە.

بۆرە زۆر کەیفی هات و هەلی دایە و گوتی:

- سەد ئافەرین بۆ ئێوە

هەروا بڕۆن بەڕێوە

گورگ و گۆردە و بەکرۆکە

باویان نەما ئەمڕۆکە

گیاندارەکان بە چەپڵە و پێکەنین خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی.

بـۆرە ئەوجـا چـوو قۆرتێکـی خـڕ لـە شـێوەی قۆرتـی سـاوارکوتانی لێـدا و سـورتکی بـە پەلبەسـتراوی هاوێشـتە نـاو و چـوار تۆبـزی دایـە دەسـت حوتـە، خرتـە، زیقـە و قیتـە.

هـەر چواریـان چوونـە سـەر لێـواری قۆرتەکـە و دوو دوو بەرامبـەر یەکـتر. زیتـە بەرامبەرەکـە خرتـە بـوو بـە جووتـە تۆبزەکانیـان بەرزکـردەوە و بەیـەك کـەڕەت لەسـەررا ڕنـگ بـە سـورتکیان دادا. کـە بەرزیـان کـردەوە ئەوجـا تـۆرەی قیتـە و حوتـە هـات، ئیـتر بـەم تەرحـە دوو تۆبـز لەسـەر لەشـی سـورتك بـوو، دووانیـش لـە حـەوا.

زیقە و چرتەش بەیەکەوە ئەمەیان دەگوت و ئەوانیش دەیانگێڕاوە.

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

لەگەڵ تۆمە ئەی نالەبار

دوێنی دڵخۆش ئەمڕۆ ژێربار

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

بڕۆ بمرە ئەی لێقەوماو

ڕەنج بەخەسار بە کرێگیراو

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

خوبزەی گورگان گۆردەی ڕوورەش

لە کاری چاک هەردەم بێبەش

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

حاڵلا و یاڵلا، حاڵلا یاڵلا

ئیتر بەم جۆرە دەستیان لێ هەڵگرت تاسیر هەنجنیان کرد. ئەوجا ورد و درشت جارێکی تر، بە سەرکردایەتی بۆرەی قەپڵان ئاهەنگی سەرکەوتن و ڕزگاربوونیان سازداوە.

ڕۆڵە منیش کڵاشم دڕاو چم پێ نەبڕا.

**١٢ - ٤ - ١٩٩٠**
**عەزیزی مەلای ڕەش**

**هەولێر**

## ڕاڤەکردن

| وشە | مانا |
| --- | --- |
| **ئامبێز:** | باوەش |
| **برك:** | پنج (برک)ی شووتی و خەیار و گندۆرە و شتی تر. |
| **چاك:** | مەزارگە |
| **ختورمە:** | دارێکە لە داردەست ئەستوورترە = بەرچیغ. |
| **زەندۆڵ:** | درزی زەوییە لە شێوەی کەند و جۆم. |
| **شنگ:** | هێز |
| **کەژی:** | گوریس، بەڵام بە پانی هۆنراوەتەوە |
| **گنخاندن :** | خافڵاندن |
| **نەترە:** | ورە |
| **هەوگ:** | مل |
| **هێنك:** | هەناسە |

## بەرهەمەکانی نووسەر:

بڵاوکراوەکانی عەزیزی مەلای ڕەش:

1 - پشیلۆکە . هۆنراوەی منداڵان. ١٩٧٩

2 - قولەمەیتەر. چیرۆکی منداڵان. ١٩٨٠

3 - کوێخا سێوێ. ڕۆمان. ١٩٨٦

4 - تۆبەی گورگ مەرگە. چیرۆک. ١٩٩٠

5 - گورگ و بزن ١٩٩٠

6 - غەوارە. ڕۆمان. ١٩٩١

7 - بۆرەی قەپلان. ڕۆمان. ١٩٩١

8 - حیزبی کەران. چیرۆک. ١٩٩٤

9 - کرمانج. وتارە چیڕۆک.١٩٩٨

10 - خاک و چەوسانەوە. ڕۆمان. ١٩٩٨

11 - خاک و کێشەی مان. ڕۆمان. ١٩٩٩

12 - کۆڵنەدان. چیرۆکی منداڵان. ٢٠٠٣

13 - لێقەومان. ڕۆمان. ٢٠٠٥

14 - گورزگورزانێ. چیڕۆکی منداڵان. ٢٠٠٨

15 - مەلای ڕەش. ٢٠١٠

16 - پل. ڕۆمان.٢٠١١

17 - خورجەیەک لەفۆلکلۆری دەشتی هەولێر چەند واریقات و بابەتی دیکە.٢٠١٢

18 - مێرێی دەرسیم. ڕۆمان. ٢٠١٣

19 - خۆری پێغەمبەرایەتی.٢٠١٦

20 - واریقات. ٢٠١٦

21 - نەفرەت لەمین. ئۆپەرێت. ٢٠١٧
22 - چەواشە. ڕۆمان.٢٠٢١
23 - فەرهەنگی ڕەش. ٢٠٢٢
24 - من و ڕۆمان نووسین.٢٠٢٢
25 - کەندووێـک لـە زانیـاری دەربـارەی دەشـتەکیەکانی هەولێـرم خوێندەوە. ڕەخنە. ٢٠٢٣

**ئامادەیە لۆ چاپ:**

1 - واریقاتی ژیانم.
2 - غەوارە پەرستی و بارەبەری ئایین. بەشی یەکەم.
3 - غەوارە پەرستی و بارەبەری ئایین. بەشی دووەم.
4 - غەوارە پەرستی و بارەبەری ئایین. بەشی سێیەم.
5 - تەمغە ڕۆمان.

## چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەر

| ژمارە | ناوی کتیب | نووسەر | ساڵی چاپکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | گوتاری ڕۆژنامەوانی | پ.د. ئاریانا ئیبراهیم | 2024 |
| 2 | Language and celebration | هاشم سەراج | 2020 |
| 3 | The book of wate | کەریم دەشتی | 2020 |
| 4 | My fallen leaves | زیاد نادر | 2020 |
| 5 | The skipped words | هێمن زەندی | 2020 |
| 6 | The someone else | زانا خەلیل | 2020 |
| 7 | لەبەر با لەبەر باران | عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا | 2013 |
| 8 | گەمەی پەنجەکان | محەمەد باوەکر | 2016 |
| 9 | برینی ئاوێنەکان | بژار حەکیم | 2019 |
| 10 | گریان بۆتە دەستی چەپم | سالار عوسمان | 2019 |
| 11 | هەر دەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە | جەلال بەرزنجی | 2019 |
| 12 | پراکتیزە کردن و تیۆریزە کردنی رەخنەی ئەدەبی | نەجات حەمید | 2013 |
| 13 | شیوازی شیعری ئەسیری لە ژێر ڕۆشنایی قەوتابخانەی (چارلس بالی) دا | د. دنیا شەهاب علی | 2024 |
| 14 | میتاگێرانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج) دا | د. ڕووناك سەلام عەلی | 2024 |
| 15 | بنەما فەلسەفیەکانی شیعری نوێخوازی کوردی | د. شەرمین ئیبراهیم عەزیز | 2024 |
| 16 | رەخنەی تێماتیکی - تیۆر و پراکتیك بە نموونەی کۆ | د. نەسرین رەئوف سمایل | 2024 |
| 17 | فۆرمەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی | د. پەروین عبدالله خدر | 2024 |
| 18 | ئاسمانی دڵێکی سپی | ڕێدار سابیر | 2019 |
| 19 | کتیب و ئاسۆکانی خوێندنەوە | هاشم سەراج | 2013 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 20 | لە کەناری ڕووباری - ڕاین - دا | زانا خەلیل | 2013 |
| 21 | بولیڤاری نەی | کەریم دەشتی | 2013 |
| 22 | تلاوين شعريه من اربيل | محمد حسين المهندس | 2017 |
| 23 | پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری | پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی | 2013 |
| 24 | هەولێر | سەردار قادر | 2021 |
| 25 | بۆرەی قەپلان | عەزیزی مەلای ڕەش | 2026 |